# ڕووداوێکی چاوەڕواننەکراو

فیۆدۆر دۆستۆیڤسکی





276
Posts
12.9K
Followers
2
Following
کتێبخانە
Library
📚لێرەوە زیاتر بخوێنەوە📖
📖ڕۆژانە کتێبی نوێ، لە ستۆریشی بابەتی گرنگ بڵاودەکرێتەوە📚
لینکی تێلیگرام⬇️⬇️
t.me/ktebkhana_pdf
See Translation
Edit Profile
Ad tools
Insights
🥺💔
"کتێبخانەpdf"
چ سەرکەوتنێک !
خوێندنەوەی ک...
ktebkhana.pdf

# Ktebkhana.pdf

4,484 subscribers

live stream　mute　search　more

share link
https://t.me/ktebkhana_pdf

description
لێرەوە خوێنەری کتێبەکان بن
هەمیشە کتێبی نوێ و دانسقە دەخرێتە بەر دیدی
ئێوەی بەرێز

Administrators 1

Subscribers 4,484

Removed Users

Media　Files　Links

Pdf by
Ktebkhana.pdf

# ڕووداوێکی چاوەڕواننەکراو

دوو چیرۆکی درێژ

فیۆدۆر دۆستۆڤسکی

# ڕووداوێکی چاوەڕواننەکراو

وەرگێڕانی لە ڕووسییەوە

ئارام کاکەی فەلاح

# ناوەندی ڕۆشنبیریی ڕەهەند

ناوی کتێب: ڕووداوێکی چاوەڕواننەکراو
ناوی نووسەر: فیۆدۆر دۆستۆیڤسکی
ناوی وەرگێڕ: ئارام کاکەی فەلاح
بابەت: چیرۆک
دیزاینی بەرگ: ئیبراهیم سالح
دیزاینی تێکست: ڕەنجدەر جەبار
نۆرەی چاپ: یەکەم ٢٠٢١ سلێمانی
چاپخانە: ناوەندی ڕەهەند
تیراژ: (٥٠٠) دانە
نرخ: (٣٠٠٠) دینار
ژمارەی سپاردن: لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە ( )ی ساڵی ( )ی پێدراوە.

ناوەندی ڕۆشنبیریی ڕەهەند
سلێمانی - شەقامی مەولەوی - تەلاری سیروانی نوێ - نهۆمی چوارەم
07709309121
Ktebxanai Rahand

# پێڕست


پێشەکی.............................................. ٧

ڕووداوێکی چاوەڕواننەکراو.............................. ١٣

خەونی مرۆڤی پێکەنیناویی.............................. ١٠١

بەرهەمەکانی دیکەی وەرگێڕ............................. ١٣٧

# پێشەکی

ئازیزان، ئەم دوو چیرۆکە درێژەی بەردەستتان لەلای من ئەو گەرا و ناوکەیە کە دوایی نووسەری بەرزی مرۆڤایەتی دۆستۆیڤسکی، ڕۆمانە نایابەکانی پێدەنووسێت و تێزە فیکریی و فەلسەفییەکانی دەخاتە ڕوو، بەتایبەتی گەمژە و تاوان وسزا و برایانی کارامازۆڤ.

بەڵێ جوانی دونیامان بۆ ڕزگار دەکات، ئەم دێڕە جوانە کە دوایی زۆربەی نووسەرەکان دووبارەی دەکەنەوە، دروشمی ئەم نووسەرەیە. لەدەمی دیمیتری کارامازۆڤەوە دەڵێت: جوانی زۆر ترسناکە، خودا و شەیتان شەڕیانە و دڵی مرۆڤیش هیچ نییە جگە لە گۆڕەپانی شەڕەکە. لەم دوو چیرۆکەدا دوو بەرەی دژ بەیەک لەناو مرۆڤدا دەکاتەوە و دەمانباتە تاریکترین شوێنەکانی ناوەوەی مرۆڤ. بەڵام جوانی دۆستۆیڤسکی لەوەدایە کە نایەڵێت ئەو تاریکییە دوا قسە بێت بۆ مرۆڤ و حوکمی خۆی بەسەریدا بسەپێنێت. ئەمەش یەکێک بوو لەو جوانیانەی وای کرد هێز و سیحری ئەم نووسەرە بەسەر نیتشە، کافکا و هاوەڵانی بوونگەراییەوە، بەتایبەتی کامۆوە زۆر دیار ببیندرێت، لای من بوونگەرایی ناوکەکەی لێرەوەیە، نابێت ڕەشبینی گەمارۆت

بدات، تۆ دەبێت نائومێد بیت، بەڵام ئەم نائومێدییە نابێت بتکاتە دوژمنی مرۆڤ و ژیان و خۆت. ئەو نائومێدییە بۆ جوانکردنی ژیان خۆیەتی نەک شتی تر.

لە چیرۆکی ڕووداوێکی چاوەڕوان نەکراودا، دۆستۆیڤسکی بە ڕوونی ڕەخنە لە ڕۆشنگەری دەگرێت و وەک ناویش ناوی دێنێت. ڕۆشنگەری سەدەی حەڤدە و هەژدە کە سەرەکیترین تێزی لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە مرۆڤ بوونەوەرێکی عەقڵانییە (ڕاشیونالٚ) و گەر هاتوو فۆڕم و بەهاکانی لێکدانەوەیەکی عەقڵییانە بەسەر کۆمەڵگا و مرۆڤ و دیاردەکاندا پیادە بکرێت، ئەوا بێشک دەتواندرێت گرفتەکان چارەسەر بکرێت. دۆستۆیڤسکی هەر زۆر پێش دەرەنجامەکانی بەرهەمهێنانی عەقڵ وەک بۆمبی ئەتۆمی و چەکی کیمیایی پیسکردنی ژینگە و هتد، ڕەخنە لە ڕۆشنگەری دەگرێت و لای ئەم نووسەرە ئەوەی  لای مرۆڤ حوکم دەکات دڵە نەک عەقڵ.  ڕۆشنگەران عەقڵیان بەسەرچاوەی هەموو شتێک زانیووە بە جۆرێک لەدەرەوەی ئەوە هیچ شتێکی تریان پێ قبووڵ نەبووە. بەڵام بە پێچەوانەوە دۆستۆیڤسکی لای وایە عەقڵ ناتوانێت ڕزگارمان بکات. لەم دوو چیرۆکەدا بۆ نموونە ژەنەڕاڵی کاراکتەری سەرەکی زۆر دەیەوێت عەقڵی حوکم بکات، بەڵام تووشی گرفتی گەورەی دەکات و هەمیشە دەستێک دەیگەڕێنێتەوە بۆ دواوە، ئەو دەستەش دەستێک نییە لە دەرەوە، بەڵکو دەستی مرۆڤ خۆیەتی لە ناوەوەی خۆی. دەیەوێت زمان وەک هێز بەکاربهێنێت بەڵام نووسەر وا دەکات کاراکتەرەکەی نەتوانێت ئەوە بکات.. لە چیرۆکی (خەونی مرۆڤی پێکەنیناوی) دا کاراکتەرە سەرەکییەکە دەڵێت: خەونم بینی، واش دیارەخواست و ئارەزوو خەون کێش دەکەن، نەک هۆش، دڵ نەک سەر. بەڵام ئای

مێشکم چەند شتی نائاسایی لە خەونەکانمدا دەخولقاند. هەمووومان و هەر یەکە لە ئێمە دەبێتە سەرچاوەیەکی تاک و تەنیا بۆ هەموو گوناحی مرۆڤایەتیمان. لێرەوە بانگەوازی ژیانی ئەبەدی دەکات و لای وایە مرۆڤ بوونەوەرێکی بێبەخت و ناشرینە، بەلام ئەوەی سەیرە کە دەتوانێت بەهەشت لەسەر زەوی دروست بکات، هەرچەند بڕوای وایە کە بەهەشتیش بوونی نییە و گەر بەهەشتیش دروست بکات تێکی دەداتەوە. لای کاراکتەرە سەرەکییەکەش گەردوون بوونی هەبوایە یان نا وەکو یەکە.

چیرۆکی (ڕووداوێکی چاوەڕوان نەکراو)ی ساڵی ١٨٦٢ نووسیووە. ئەو کاتەی دوای شازدە ساڵ زیندان و کاری زۆرەملێ و ڕزگاربوونی لە حوکمی کوشتن. هاتەوە بۆ سانت پیترسبۆرگ بەو مەرجەی شتی ڕەخنە دژی قەیسەر نەنووسێت و لەگەڵ کۆمەڵگاکەیدا ئاشت بێتەوە. پۆلیس ئەو کاتە ڕۆژانە چاودێرییان دەکرد. ئەویش سووکە پەیمانێکی پێدان، بەلام گەر مرۆڤ بەینی دێڕەکانی ئەم چیرۆکەی بخوێنێتەوە، بەئاشکرا ئەو ڕەخنە گەورانەی دژی دەسەلات دەبینێت، بەو ساتیرە ڕەشە مەگەر تەنها یەکێکی وەکو ئەو بتوانێت وەسفی کەسەکان و کۆمەڵگاکەی خۆی پێبکات. گومانێکی ئاشکرا دروست بکات و پێمان بڵێت کە کۆمەڵگا ناتوانێت بەم شێوەیە هەنگاو بەرەو پێشەوە بنێت وەک قەیسەر و دام و دەزگاکەی لێیان دەویست.

دۆستۆیڤسکی سێ کەسی زۆر گەورە هەڵسەنگاندووە و خۆشویستووە، ئەوانیش پۆشکین و نیکراسۆڤ و نیکۆلای گۆگۆڵ. هەمووومان دەزانین دۆستۆیڤسکی لە یادی پۆشکیندا لە مۆسکۆ چ وتارێکی جوانی پێشکەش کرد و لەوێوە ناوبانگی

هەموو ڕووسیای تەنیووە و چەندەها کەس دوای وتارەکە لە خۆشیدا دەستیان کردبوو بە گریان. بۆ نیکراسۆڤیش، من بیرەوەرییەکانی ئانا دۆستۆیڤسکایام لە خارکۆف خوێندەوە و لەوێدا ئانای ژنی نووسەر دەنووسێت: کاتێک نیکراسۆڤی شاعیری گەورەی ڕووس کۆچی دوایی کرد، ئەو شەوە دۆستۆیڤسکی بەدەنگی بەرز لەژوورەکەی خۆیدا تا بەیانی شیعری ئەو شاعیرەی خوێندوەتەوە، چونکە ئەو دوانە هەر لە منداڵییەوە هاوڕێی یەکتری بوون. بۆ گۆگۆڵیش هەمیشە دێڕێکی دوستۆیڤسکی دووبارە دەکرێتەوە کە وتوویەتی: هەموومان لە گیرفانی پاڵتۆکەی گۆگۆڵەوە هاتووینە دەرێ. بەڵام زۆر کەس نازانێت نووسەر بۆ وای وتووە. گەر ئەم چیرۆکە بخوێنیتەوە ئەوا لێکچوونێکی زۆر گەورە لە نێوان ئاکاکی ئاکاکییڤیچ و پسێلدۆنیمۆڤیی کاراکتەری ئەم چیرۆکە (ڕووداوێکی چاوەڕوان نەکراو)دا دەبینی، نەک ئەوە، بەڵکو ئەم کاراکتەرە لووتێکیشی هەیە لووتێکی خوار کە نووسەر هەمیشە دەیهێنێتە پێشەوە و باسی دەکات و تەواو کاری چیرۆکی لووتەکەی گۆگۆڵیشی تێدا دەبینینەوە، بۆیە هەردووکیانی لێرەدا داوە لەیەک و خستوویەتە یەک کاراتەرەوە و شێوەیەکی تازەی لێ دروست کردووە.

دواجار من ئەم دوو چیرۆکەم بۆیە بۆ وەرگێڕان هەڵبژارد، چونکە هەردووکیانم خۆشدەوێت و زۆر شت کۆیان دەکاتەوە. وەک وتم ئەم دوانە ناوک و گەرای زۆر لە ڕۆمانەکانی تریتی، هەردووکیان دەمانباتە شوێنە هەرە تاریکەکانی ناخی مرۆڤ، مرۆڤ چ هەژار بێت و چ دەوڵەمەند هەمان بوونەوەری نەگبەت و نەخۆشە و دڵی پڕە لە گومان و دەرد. ئەوەی سەیرە ئەم دوو چیرۆکە خۆشەویستەم، ڕووداوە گرنگەکانی هەردووکیان

سەعات یازدەی ئێوارە دەست پێ دەکەن. دەبێت کاتژمێر یازدەی ئێوارە شتێکی تایبەتی بووبێت لای دۆستۆیڤسکی، ئەوەیان نازانم.

**ئارام کاکەی فەلاح**

**تەموزی ٢٠٢٠ ستۆکهۆلم**

# ڕووداوێکی چاوەڕوان نەکراو

ئەم ڕووداوە چاوەڕوان نەکراوە تەنها ئەو کاتە ڕووی دا، کاتێک نیشتیمانە خۆشەویستەکەمان، لەگەڵ هەموو ڕۆڵە خۆفیداکارەکانیدا بەرەو ئایندەیەکی گەش و تازە، دەستی بە هەستانەوە کرد، بە جۆرە هێزێکی لەبن نەهاتووەوە، بەڵام بە هەستێکی تێکەڵاو بە خۆشباوەڕیی. لە ئێوارەیەکی تەواوسارد و زستانیی ئەوکاتەدا، کە کات کەمێک لە یازدەی شەو تێپەڕی کردبوو. لە ژوورێکی تەواو پەردەپۆش و پاک و گرانبەها، سێ پیاوی زۆر بەڕێز و جوانپۆش لەماڵێکی دوو قاتی گەورە و جواندا لە دەوروبەری بێتەربورگ، لە گەرمەی وتووێژێکی پتەو لەگەڵ یەکتردا لە باسێکی گرنگ و پڕبایەخدا بوون. هەر سێ پیاوەکە ڕووتبەی ژەنەڕاڵیان هەبوو، لە دەوری مێزێکی بچووک دانیشتبوون، هەر یەک لەسەر کورسییەکی نەرم و جوان، قوم قوم تامی شەمپانیایان دەکرد. شووشەی شەمپانیاکە لەناو سەتڵێکی زیوینی پڕ سەهۆڵ لەسەر مێزەکەیان دانرابوو. بە کورتی خاوەنماڵ، ڕاوێژکاری نهێنیی ستێپان نیکیفۆرۆفیچ نیکیفۆرۆڤ کە پیر و زوگورتییەکی ئەبەدی بوو، لە تەمەنی شەست و پێنجساڵیدا کە ئاهەنگی دەگێڕا بە بۆنەی هاتنە ناو

خانووی تازەوە، لەهەمان کاتدا بۆنەی جەژنی لەدایک بوونیشی بوو، کە هەردووکیان ڕێکەوتی یەک بەرواریان دەکرد، لەگەڵ ئەوەدا تا ئەو کاتە قەت ڕۆژێک ئاهەنگی بۆ نەگێڕاوە و بیری لێ نەکردۆتەوە. دەبێت بڵێم هەر خودا دەزانێت چ ئاهەنگێک بوو، چونکە هێندە گەورە نەبوو تەنها دوو میوان بانگ کرابوون، ئەوانیش هەردووکیان دوو هاوڕێی کۆنی ئیشی بوون کە لە ژێر فەرمانی ئەمدا لە بەشی سەرۆکایەتیی ئیشیان دەکرد، یەکەمیان موستەشاری وڵات سیمیۆن ئیڤانۆڤیچ شیپیلینکۆ، ئەوی تریش بەهەمان ئیش و ڕووتبەوە ئیڤان ئیلیچ پرالینسکی. هەردووکیان لە سەعات نۆدا هاتبوون، بە چای خواردنەوە دەستیان پێ کردبوو، دوایی بەرە بەرە پەڕیبوونەوە بۆ شەراب و دەشیانزانی کە سەعات یازدە و نیو دەبێت ئەوێ بەجێبهێڵن و بڕۆنەوە بۆماڵی خۆیان. چونکە خاوەنماڵ هەموو ژیانی حەزی لە ڕێکخستنی کاتەکانی بووە. دوو وشە لەبارەیەوە: سەرەتای وەک مووچەخۆرێکی هەژار دەست پێ کرد و زۆر بە خاویی و لەسەرخۆ کاتەکانی تێدەپەڕاند، تا چل و پێنج ساڵ لەسەر یەک. بەباشی دەیزانی ئەم ڕێگایە بەرە و چ پلەیەکی دەبات و بەرزی دەکاتەوە. دەیزانی بەدەست بەرز کردنەوە ئەستێرەکانی ئاسمان بۆ خۆی دەبات و دەیانخاتە سەر شانی، هەر چەند خۆی تائەو کاتە دوانی هەبوو، هیچ کاتێک حەزی بەوە نەبوو ڕای تایبەتی خۆی لە هیچ باسێکدا دەربڕێت. کەسێکی زۆر ڕێزدار و خاوەن موراڵ بوو، هیچ کاتێک بە پێویستی نەزانیووە مەجبوور بێ بێڕێزی بەکەس بکات. ئەو زووگورتی بوو، چونکە کەسێکی خۆویست بوو، بەڵام بێمێشک نەبوو، قەت حەزی بەوە نەبوو زیرەکی خۆی پیشان بدات. بەڵام بەتایبەت حەزی بە شتی ناشرین و پیشاندانی حەز لێکردنی شتەکان نەبووتا ئاستی

خۆسووورکردنەوە بۆی، چونکە وەک دوو شتی ناشرینی ڕۆحیی تەماشای دەکردن. لە کۆتایی ژیانیشیدا لە پشوودانێکی خۆش و هێمن و تەنیاییەکی بێبڕانەوەدا خۆی نووقم کرد. هەر چەند هەندێ جار حەزی بە سەردانی خەڵکانی پلەبەرز هەبوو، بەڵام هەر لە گەنجییەوە حەزی بەوە نەبوو لەماڵەکەی خۆیدا میوانی هەبێت. هەرچەندە لە کاتەکانی دوایدا حەزی بەوە بوو زۆر بێزارانە لە ناو کورسییەکەیدا هەموو ئێوارەکە خۆی نووقم و ون بکات بەو جۆرە حەزی دەکرد بمێنێتەوە، ئەوە ئەگەر کاتەکەی بە یاریکردنی کاغەز نەبردایەتە سەر، ئەوا گوێی بۆ چرکە چرکی سەعاتی سەرمێزەکەی دەگرت لە بەردەم نێلە نێلی ئاگردانەکەیدا. سیمای دەرەوەی بە تایبەتی ڕێک و پێک و تاشراو و جوان تا زۆر گەنجتر لە تەمەنی خۆی دەرکەوێت، ئاگاشی لە تەندرووستی خۆی بوو، وا دەردەکەوت کە تەمەنێکی درێژی هەبێت و ئاکاری پیاوێکی بەویقاری هەبوو. ئەو ئیشەی دەیکرد، زۆر زەحمەت نەبوو، هەندێ کۆبوونەوەی دەکرد لە هەندێ شوێن و هەندی جاری تریش ئیمزای لەسەر هەندێ کاغەز دەکرد. بە کورتی وەک پیاوێکی زۆر گرنگ دەبینرا. تەنها حەزێکی گەرمی هەبوو، یان ڕاستر بڵێم خەونێکی هەبوو ببێ بە خاوەنی ماڵێک، هەر ماڵێک نا، ماڵێک نەبێ ببێ بە کرێچی بەڵکو ماڵێکی ناو ماڵان. لە دوایشدا ئەم ئاواتەی هاتە دی. لە دەورو بەری شاری پێتەربۆرگ، هەرچەندە کەمێک دوور بوو بەڵام ماڵێکی گەورەی کڕی، باخچەیەکی تیابوو، ماڵێک بە دیزاینێکی جوان. خاوەنماڵی تازە خۆی وا حەزی کرد کەمێک دوور بێت چونکە زۆر حەزی لە پێشوازیکردنی میوان نەدەکرد. بەڵام گەر بچووایە بۆ ئیش، یان بۆ سەردانی کەسێک ئەوا عەرەبانەیەکی دوو بەشی بە ڕەنگی قاوەییەکی شوکولاتە و عەرەبانچییەکی

بە ناوی میخێی، بە دوو ئەسپی بچووک، بەڵام جوان و بەهێز، ئەمەش هەموو سەرمایەکەی بوو لە کۆکردنەوە لە ماوەی چل ساڵی ئیشی ڕابردوودا. ئەمەش هەموویان هێندەی تر خۆشبەختیان گەورەتر کرد. بۆیە ستیپان نیکیفۆرۆڤیچ کاتێ ئەم ماڵەی پەیدا کرد و چووە ناوی، لە ناو دڵیدا هەستی بە پێویستی و خۆشییەک کرد ویستی دوو کەس بۆ جەژنی لەدایکبوونەکەی بانگێش بکات، ئەمە لە کاتێکدا جاران هەمیشە لە کەسە نزیکەکانی خۆشی دەشاردەوە. لەم دوو کەسەش کە دەعوەتی کردبوون لەگەڵ یەکێکیاندا مەرامێکی تایبەتی هەبوو. ئەویش ئەوە بوو، هەرچەندە ستێپان نیکیفۆرۆفیچ لە قاتی سەرەوە دەژیا، بەڵام قاتی خوارەوە کە بەهەمان دیزاین دروستکرابوو پێویستی بە کرێچییەک بوو. لەوەشدا ستێپان نیکیفۆرۆڤیچ مەبەستی سیمیۆن ئیڤانۆڤیچ شیپۆلینکۆ بوو کە ئەم ئێوارەیە دووجاران ئەم باسەی هێنایە پێشەوە، بەڵام سیمیۆن ئیڤانۆڤیچ لەم بارەوە بێدەنگی هەڵبژارد. ئەمیش پیاوێک بوو هەڵپەی نەبوو، ڕێگای ژیانی بە شێوەیەکی هێواش و پڕ ئازار بڕی بوو، قژ و سمێڵێکی ڕەشی هەبوو کە سێبەری لەسیمایدا درووست کردبوو، وای کردبوو هەمیشە سیمایەکی پڕ ئازار نمایش بکات، ژنی هێنابوو بەڵام بە سیمایەکی خەفەتاوییەوە زیاتر پیاوی ماڵەوە بوو وەک دەرەوە. زۆر لە خۆی ڕادەبینی کە لە ئیشدا پێشدەکەوێت و لەمەشدا زیاتر ترس پاڵنەری بوو. دەشیزانی تا کوێ دەتوانێ بڕوات و لە هەمووشی باشتر ئەوەی دەزانی تا کوێ هەرگیز ناتوانێت بڕوات؟

ئیشێکی باشی هەبوو کە تیایدا زۆر مسۆگەر بوو، ژەهرێکی کەمی بینی لە کردنەوەی کۆمەڵگاکەدا کە دەستی پێکردبوو

بەڵام زۆر نارەحەتی نەکردبوو، تا ئاستێکی زۆر متمانەی بەخۆی هەبوو، بۆیە بە جۆرێکی زۆر دڵرەقانە و گاڵتەپێکردنەوە گوێی لە قسەکانی ئیڤان ئیلیچ پرالینیسکی دەگرت کە لەبارەی هەستان و ژیانەوەی کۆمەڵگاوە دەیکردن. لەڕاستیدا هەرسێکیان کەمێک سەرخۆش بوون بۆیە ستێپان نیکیڤۆرۆڤیچ دەستی کرد بە وەڵامدانەوەی بەڕێز پرالینیسکی بە شێوەی سووکە شەڕێک لەبارەی کرانەوەی کۆمەڵگاوە. بەڵام لێرەدا هەندێ وشە لەبارەی جەنابی خاوەنشکۆ پرالینیسکیەوە بڵێین چونکە لەم چیرۆکەدا پاڵەوانی سەرەکییە.

تەنها چوار مانگێک دەبوو کە لەقەبی جەنابی خاوەنشکۆی لێنرابوو، چونکە وەک ڕوتبە تازە بوو بوو بە ژەنەراڵ. بەتەمەن زۆر گەنج بوو، تەنها ساڵێک چییە لە چل و سێ تێپەڕی نەکردبوو، بەڵام لەوەش گەنجتر دەینواند و حەزیشی لەوە بوو کە وا بێت. پیاوێکی ڕێک و پێک و باڵابەرز، لەناو جل و قاتێکی جواندا کە زۆری لێدەهات، بەملییەوە مەدالیایەکی زۆر گرانبەهای هەڵواسیبوو کە لەلای نرخێکی زۆری هەبوو. هەر لە منداڵییەوە هەڵسوکەوت و ئاکارێکی بەرزی وەرگرت و بەوەشدا کە گەنج بوو خەونی هەبوو بە ژیانێکی دەوڵەمەندانە و بە دەزگیرانێک لە خێزانێکی شکۆمەندانەوە، ئەمە و خەونی زۆری تریش، بەڵام کەسێکی بێمێشک نەبوو. هەندێ جار حەزی زۆر لە قسەکردن بوو، خەتیبێکی بە تواناش بوو. لە خانەوادەیەکی بێدەرەتانەوە هاتبوو، لە باوکێکی ژەنەڕاڵەوە کە رقێکی زۆری لە ئیشی جەستە و زەحمەت بوو، هەر لە منداڵییەوە بە جلی جوان و قەیفەی گرانبەها هاتووچۆی دەکرد و لە خێزانێکی ئەرستوکراتی بەخێوکرابوو کە زۆر بەکەڵکی نەدەهات، بەڵام

لە پلەو پایە و وەزیفەدا بەرزی کردبووەوە تا ئاستی ژەنەراڵ. بەڕێوەبەرانی ئەو وەک کەسێکی لێهاتوو سەیریان دەکرد کە ئاواتێکی زۆری تێدا بەدی دەکرێت.

ستێپان نیکیفۆرۆفیچ کە بەڕێوەبەری ئەو بوو تا گەیاندنی بە روتبەی ژەنەڕاڵ هەرگیز ئەوی وەک کەسێکی لێوەشاوە و بەتوانا نەدەبینی و هیچ ئاواتێکی واشی پێی نەبوو. بەڵام دەیزانی کە لە خێزانێکی باشەوە هاتووە و پارەدارن. خاوەنی کۆمەڵێک خانوو بوون بۆ کرێ کە کەسانێکیان هەبوو بۆیان دەبردن بەڕێوە. خزمێکی زۆر کە شوێن و پایەی بەرزیان هەبوو، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا کەسانی بەخۆ و ڕێک و پێک. خۆی زیاتر ستیپان نیکیفۆرۆڤیچ ڕەخنەی ئەوەی لێی هەبوو کە ئەو کەسێکی خەیاڵپلاو ودەست وپێ سپییە. بەڵام ئیڤان ئیلیچ خۆی وای هەست دەکرد کە کەسێکە مەست و حەیرانە بە خۆی و هەر خەریکی گلەیی کردنە. ئەوەی سەیر بوو ئەوە بوو کە هەندێ جار ئەو پەشیمانییەی وەک نەخۆشییەک بۆ دەهات کە تاریک بوو، هەستێکی زۆر خەمگین و نهێنی بەدڵی دەبەخشی، دانی بەوەدا دەنا کە ئەو قەت بەو شێوەیە سەرناکەوێ کە خەونی پێوە دەبینی. لەو ساتانەدا ترسێکی وای لێدەنیشت کە تەواو داگیری دەکرد و ژیانی خۆی بەم شێوەیە وەسف دەکرد

Une existence manquee[1]

بەوەش کۆتایی دەهات بێ ئەوەی شتێکی ئەوتۆ بدرکێنێ، لەگەڵ توانای تەواوی خۆیدا لە قسەکردندا، خۆی بە خەتیب و قسەزان بچوێنێ. بە کەسێک کە ڕستەی جوان دەڵێ بێ هیچ ناواخنێک، لەگەڵ ئەوەشدا لە پلە و مەقامی بەرز

١ ژیانێکی هیچ و سەرنەکەوتوو (بەفەرەنسی)

دەکردەوە. هەموو ئەمانەش ڕێگرییان نەدەکرد لەوەی هەر دوای نیوسەعاتێک سەر بەرز بکاتەوە و ئەوەندەی تر دەنگی دلێرتر و بەرزتر بکاتەوە تا بیسەلمێنێ کە ئازایەتی ئەوەی هەر تێدایە کە بگات بەوەی دەیەوێت و کاتی ئەوەی هەر ماوە خۆی پێشان بدات کە نەک تەنها بگات بە کارمەندێکی پلە بەرز، بەڵکو ببێتە پیاوی دەوڵەت کە هەموو ڕووسیا بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ یادی بکەنەوە، جار جار خەونی بەوەوە دەبینی ببێ بە پەیکەر. لەمەوە دیار بوو کە ئیڤان ئیلیچ زۆر بۆ بەرز دەیڕوانی بەڵام بە ترسێکی زۆرەوە ئەو خەون و ئاواتە لێڵەی تەنها بۆ خۆی و لەناو خۆیدا دەهێشتەوە. بە کورتی ئەو پیاوێکی باش بوو، روحێکی شاعیرانەی هەبوو. لە ساڵەکانی دواتردا ساتە مایەپووچ و گومڕاکانی کە زۆر بە ئازار بوون، زیاتر و زیاتر بۆی دەهاتن، هەتا وای لێهات زۆر بە ئاسانی توورە دەبوو کە هەموو وەڵامدانەوەیەکی بە نەخێر وەک شکاندن و سووکایەتیی وەردەگرت. بەڵام ڕووسیای تازە لە پڕئاواتێکی زۆری پێبەخشی، ژیانی تازەی تێدا چاند تا گەیشتە پلەی ژەنەڕاڵ، سەربەرز و بەهێز. لەپڕ بووە قسەزانێکی باش و پڕ کە لەبارەی هەواڵە تازەکانەوە دەدوێ، زۆر خێرا و چاوەڕواننەکراو و شێتانە بووە خاوەنی ئەو توانا و سەلیقەیە. هەمیشە چاوەڕێی فرسەتێکی دەکرد قسە بکات، بەناو شاردا دەگەڕا و لە زۆر شوێن و کۆبوونەوەدا وەک لیبراڵێکی چالاک و چاونەترس خۆی پێشان دەدا کە چێژێکی زۆری پێ دەبەخشی. لەم ئێوارەیەدا پاش ئەوەی چوار پەرداخی بەتاڵ کردەوە، هەوڵی زۆری دا کە وا لە ستێپان نیکیفۆرۆڤیچ بکات کە زۆر لە مێژ بوو نەیبینیبوو، هەر چەند جاران لەبەردەستیدا ئیشی دەکرد و ڕێزێکی زۆری بۆی هەبوو، دەستبەرداری ڕاکانی خۆی بێت. بە بێ هیچ هۆیەک

بە کۆنەخواز توومەتباری کرد و هێرشێکی زۆر ناڕەوای کردە سەری. ستێپان نیکیفۆریچ بە هێمنی و زیرەکانە گوێی بۆ گرت، ئەگەر چی باسەکەی پێ خۆش بوو بەڵام پەرچدانەوەیەکی ئەوتۆی نەنواند. ئیڤان ئیلیچ تامی سەرکەوتنە بێسنوورەکەی زوو زوو بە نۆشکردنی شەمپانیاکەوە پیشان دەدا، کە وای کرد ستێپان نیفۆرۆڤیچ شووشەی شەمپانیاکە هەڵگرێت و پەرداخەکەی بۆ پڕبکاتەوە کە وا هاتە پێش چاو، وەک هۆیەکی نادیار ئیڤان ئیلیچ بریندار بکات. هەرچەندە سیمیۆن ئیڤانۆڤیچ شیپیلینکۆ کە ڕقێکی زۆری لێ بوو، نەک ئەوە بەڵکو لەبەر گاڵتەپێکردن و توانجەکانی لێشیدەترسا، بێدەنگی هەڵبژارد و لە تەنیشتییەوە بە زەردەخەنەیەکەوە کە زیاتر بوو لە کاتی ئاسایی. (وادەزانێ من منداڵم): ئیڤان ئیلیچ لەبەر خۆیەوە وتی.

نەخێر، گەورەکانم، ئیتر کاتێتی و زۆر دەمێکیشە کاتی هاتووە. قسەکانی بە بێ ئارامیی کرد، بەڕای من زۆر دواکەوتین. مرۆڤایەتی لەهەموو شتێک گرنگترە. مرۆڤ بیت بەرامبەر ئەوانەی لەخوار تۆوەن. ڕێزیان بگیرێت کە ئەوانیش وەک ئێمە مرۆڤن. مرۆڤایەتی هەموو شتێ ڕزگار دەکات و لە بەربەستەکان دەربازمان دەکات.

ها ها ها ها ! دەنگێک لە سیمیۆن ئیڤانۆڤیچەوە.

- ئۆی! چەند لۆمەیەکی بێهۆ بوو! ستێپان نیکیفۆرۆڤیچ وەک پەرچەکردارێک بە زەردەخەنەیەکی دۆستانەوە. دەبێ دانی پێدا بنێم ئیڤان ئیلیچ کە من تا ئێستا ناتوانم تێبگەم کە تۆ دەتەوێ چی ڕوون بکەیتەوە؟ مرۆڤایەتیت دەوێ؟ مەبەستت خۆشەویستی مرۆڤە، وا نییە؟
- بەڵێ، با بڵێن وایە، لەناویشیاندا خۆشەویستی مرۆڤ، من .....

بوەستە بیزەحمەت! ئەوەی من بزانم تەنها مەبەست ئەوە نییە، خۆشەویستی مرۆڤ هەمیشە پێویست بووە، چاکسازیش تەنها ئەوە ناگرێتەوە، بەڵکو پێداویستی جووتیارانیش، دەرامەت و ئاستی ژیانیان، پێدانی باج و خاوەن زەوی و مۆراڵ و .. و .. تا دوایی بێ کۆتایی، وە ئەمانە هەمووی بەسەر یەکەوە بەرەو نائارامییەکمان دەبەن وەک دەڵێن، وە ئەمەش لێی دەترسین نەک تەنها مرۆڤایەتی.

- بەڵێ گەورەکانم، شتەکە لەوە قووڵترە، سیمیۆن ئیڤانۆفیچ وتی.
- من زۆر باش لێیتان تێدەگەم، بەڕێزان، بەڵام ڕێگەم بدەن بە سیمیۆن ئیڤانۆڤیچ بڵێم کە من ڕێگە بەخۆم نادەم لەو تێگەیشتنە قووڵە بۆ شتەکان دوابکەوم کە باسی دەکات، ئیڤان ئیلیچ بە ڕەخنەیەکی توونددئامێزەوە ئەمەی دەربڕی. لەگەڵ ئەوەشدا حەز دەکەم ئاماژە بەوە بدەم بۆ ستیپان نیکیفۆرۆڤیچ کە ئەویش لەمن تێنەگەیشت.
- بەڵێ وایە.
- لەگەڵ ئەوەشدا من پێم وایە ئەم فکرەیەی من هەمیشە دەمەوێ بەرگری لێبکەم و بڵاوی بکەمەوە، بیری مرۆڤایەتی، ئەوەی کە مرۆڤ بیت بەرامبەر ئەوانەی لەخوار تۆوەن، لە فەرمانبەرێکی سادەوە بۆ عەرزوحاڵ نووسێک، لە عەرزوحاڵ نووسێکەوە بۆ خزمەتکارێک، لە خزمەتکارێکەوە بۆ جووتیارێک، دەتوانم بڵێم کە مرۆڤایەتی دەبێ ببێتە گۆشەی چاکسازی داهاتوو، بۆ گۆڕینی شتەکان بە شێوەیەکی گشتی، ئەمە بۆ؟ با بۆتان شی بکەمەوە. ئەمە بکەن بە پێوانەی شتەکان، کە من مرۆڤم کەواتە خۆشەویستم. خەڵک منیان خۆشدەوێ کەواتە لێم ڕادەبینن، کەلێم ڕادەبینن مانای

بڕوام پێدەکەن، کە بڕوایان پێکردم مانای خۆشیاندەوێم. بە گشتی ئەوەی دەمەوێ بیڵێم ئەوەیە گەر بڕوات بە شتێ هەبوو ئەوا بڕواشت بە چاکسازی دەبێت، تێدەگەن و بڕوا بە تۆوی بابەتەکە دەکەن، ئەوسا دەگەن بە پەیوەندییەکی جوانی ئەخلاقیی لەگەڵ خۆیاندا و بابەتەکە ژیرانە و جوان هەڵدەسەنگێنن و مامەڵە دەکەن. ئەوە بۆ پێدەکەنی بەڕێز سیمیۆن ئیڤانۆڤیچ، ئایا لێم تێگەیشتی؟

ستێپان نیکیفۆرۆڤیچ بە بێدەنگی برۆی هێنایەوە یەک و خۆی زۆر سەرسام پێشان دا.

سیمیۆن ئیڤانۆڤیچ بە شێوەیەکی زۆرزانانە وتی: لەوە دەچێ زۆرم خواردبێتەوە بۆیە زۆر خێرا تێناگەم، تەنها کەمێک گرفتی تێگەیشتنە و هیچی تر بەڕێزان.

ئیڤان ئیلیچ دەم و چاوی کەمێک هێنایەوە یەک.

ستێپان نیکیفۆرۆڤیچ کەمێک بیری کردەوە و لە پڕ وتی: تەحەموول ناکەین.

ئیڤان ئیلیچ بە سەرسامییەوە لە سەرنجە خێراکەی ستێپان نیکۆرۆفیچ پرسیاری کرد: چۆن؟

- هەروا، ڕێگەی پێنادەین. ئەمەی وت و حەزی نەکرد زیاتر خۆی ڕوون بکاتەوە.

ئیڤان ئیلیچ بە سەرزەنشتەوە پێی وت: مەبەستت چییە؟ مەبەستت شەرابی تازەیە[2] لە کیسەی تازەدا کە تەحەمولی ناکەین؟

---

٢ لێرەدا مەبەستی دێڕێکە لە ئینجیل، ماتیوس١٧/٩ کە دەڵێ:
مرۆڤ نابێ شەرابی تازە بخاتە کیسەی کۆنەوە، یان شەرابی تازە مەخەرە شووشەی شکاوەوە.

- نا بەڕێزان! من لێپرسراوم بەرامبەر کردارەکانم.

لەو ساتەدا سەعات بووە یازدە و نیوی شەو.

- ئێستا کاتی ئەوەیە بگەڕێینەوە ماڵەوە، سیمۆن ئیڤانۆڤیچ ئەمەی وت کاتێ ویستی لە شوێنی خۆی هەستێت. بەڵام ئیڤان ئیلیچ پێشی کەوت و لەسەر مێزەکە هەستا و کڵاوە خورییەکەی هەڵگرت و زۆر بریندار خۆی پێشان دا.
- بیری لێدەکەنەوە، وا نییە؟ بەڕێز سیمیۆن ئیڤانۆڤیچ. ستیپان نیکیفۆرۆڤیچ ئەمەی وت و دوای میوانەکان کەوت بۆ بەڕێکردنیان.
- مەبەستت بەکرێ گرتنی خانووەکەتە؟ بەڵێ بیری لێدەکەمەوە، بیری لێدەکەمەوە.
- هەر هاتیتە سەر ئەو ڕایە، بەزووترین کات وەڵامم لێبگێڕەوە.
- هەمیشە ئیشوکار؟ پرالینیسکی بە شێوەیەکی موجامەلە وای وت کاتێ یاری بە کڵاوەکەی دەستی دەکرد وەک بڵێی بیری بچێت.

ستیپان نیکیفۆرۆڤیچ هەردوو برۆی بەرز کردەوە و کە نایەوێ میوانەکانی دوابخات. سیمیۆن ئیڤانۆڤیچ بە ڕێزەوە خۆی نووشتانەوە بۆ خواحافیزی.

- ئێ باشە، دوای ئەمە چۆنتان دەوێ باوا بێت، گەر موجامەلەیەکی سادە تێنەگەن، پرالینیسکی لەبەر خۆیەوە ئەمەی وت و بە متمانەیەکی زۆرەوە بەخۆی دەستی تەوقەی بۆ ستێپان نیکیفۆرۆڤیچ درێژ کرد.

لە سالۆنەکەدا ئیڤان ئیلیچ خۆی بە پاڵتۆچەرمە سووکە گرانبەهاکەیەوە پێچایەوە و بە جۆرێک لە جۆرەکان ویستی نیگای نەکەوێتە سەر جلەخوریە کۆنەی سیمیۆن ئیڤانۆڤیچ کە

لەو کاتەدا هەردووکیان بە قاڵدرمەکاندا بەرەو خوار هەنگاویان دەنا. ئیڤان ئیلیچ بە سیمیۆن ئیڤانۆڤیچی بێدەنگی وت: ئەم پیرە دیارە بریندار بووە.

- نا بڕوا ناکەم بۆچی؟ بە ئارامیی و ساردییەوە وەڵامی دایەوە. لەدڵی خۆشیدا وتی: کۆیلە! هاتە دەرەوە و لەوێ عەرەبانەکەی سیمیۆن ئیڤانۆڤیچ بە ئەسپە بچووک و لاوازە ڕەنگ خۆڵەمێشیەکەوە وەرگرتەوە.

کاتێ ئیڤان ئیلیچ عەرەبانەکەی خۆی نەبینی، هاواری کرد: شەیتان بەلەعنەت بێ! تریفۆن چی لە عەرەبانەکەم کردووە؟ هەموو شوێنێک گەڕان، عەرەبانە نەبوو. عەرەبانچییەکەی ستێپان نیکیفۆرۆڤیچ نەیزانی عەرەبانەکە لەکوێیە؟ چون بۆ لای ڤارلام کە عەرەبانچی سیمیۆن ئیڤانۆڤیچ بوو، ئەوپێی وتن کە تریفۆن هەر لەوێدا وەستابوو، عەرەبانەکەش هەر لەوێ بوو، بەس ئێستا لەوێ نەماوە.

- ڕووداوێکی چاوەڕوان نەکراوە، بەڕێز شیپیلینکۆ وای وت: دەتەوێ من بتگەێنمەوە ماڵەوە؟
- ئەو خەڵکە شەرم ناکەن، بەڕێز پرالینیسکی هاواری کرد، ئەو دەستبرە داوای لێ کردم بچێ بۆ ئاهەنگی ژنهێنان، هەر لێرە لەدەوروبەری پیتەربورگ، لەوێ کچەناسیاوێکی شوو دەکات، شەیتان بیباتەوە، من پێم وت مەچۆ! دەتوانم گرەو لەسەر ئەوە بکەم کە چووە بۆ ئەوێ.

ڤارلام وتی: بەڵێ چووە بۆئەوێ بەڕێزم! بەڵام پەیمانی ئەوەی دا کە دوای خولەکێک بگەڕێتەوە، مەبەستی بە زووترین کات لێرە بێت.

شەیتان! هەستم پێ کرد، با بۆم بوەستێ!

- تۆزێک دارکاری بکە لە پۆلیسخانە، دوو سێ جار، تا قەت لەفەرمانت دەرنەچێ، سیمیۆن ئیڤانۆڤیچ وای وت وخۆی بە چەرچەفێک پێچایەوە.

- هەر بیری لێمەکەرەوە سیمیۆن ئیڤانۆڤیچ!

- ناتەوێ بتگەێنم؟

نا، سوپاس[3]، سەفەرێکی خۆش.

سیمیۆن ئیڤانۆڤیچ ڕۆشت، ئیڤان ئیلیچ بە پێ چووە سەر شۆستە دارینەکە کە پڕ بوو لە وردەدار و تەواو هەستی بە وەرسی کرد.

***

- من پێشانت دەدەم دزی ناشیرین! ئەوە من بە ئەنقەست بە پێ دەڕۆم، تا هەست بەوە بکەیت و زەندەقت بچێت. کاتێ ئەو دێتەوە، با بزانێ کە گەورەکەی بە پێ دەڕوات ئەی نامەرد.

ئیڤان ئیلیچ هەرگیز پێشتر بەو شێوەیە جنێوی نەداوە. بەڵام ئێستا زۆر توورە دیار بوو، هەروەها کەمێکیش مەست بوو، زۆری نەدەخواردەوە، بەڵام بەو پێنج شەش پەرداخەی کە خواردبییەوە، باش گرتبووی. شەوێکی خۆش بوو، هەروەها ساردیش بوو. بەڵام زۆر بێدەنگ و بێ ڕەشەبا. ئاسمان پڕ ئەستێرە، مانگی پڕ بە شەوقێکی بروونزی هێواش زەوی داپۆشیبوو. هێندە شەوێکی جوان بوو کە ئیڤان ئیلیچ پەنجا هەنگاوێک ڕۆشت و ئازار و ڕووداوی خۆی بیرچووەوە. بە

---

٣ مێرسی سوپاس، ئەم وشەیەی بە فەرەنسی نووسیووە.

بێ هیچ هۆیەک هەستی بە شادمانی کرد. هێمنییەکی خێرای بەخشی بە زەوق و سرووشتی کە وای کرد هەر لەخۆیەوە دڵی بچێ بەو خانووە دارانەدا کە بە ڕیکەوت لە شەقامەکەی ئەوبەر دروست کرابوون.

- شتێکی باش بوو کە من بە پێ ڕۆشتم، لەبەر خۆیەوە وتی. دەرسێکی باش بە تریفۆن دەدەم و منیش خۆشییەک دەبینم خراپ نییە. پێویستە ئینسان زۆرتر بەپێ بڕوات. درەنگە؟ لەلای لافیتە گەورەکەوە عەرەبانچییەک دەدۆزمەوە، لە شەوێکی وا جواندا، لەچواردەورم پڕ لە وردە خانووی جوان. بێگومان لێرە خەڵکی ئاسایی لێ دەژین، کارمەندی ئاسایی، ڕەنگە بازرگانیش هەبن.....ئاه، ئەو ستێپان نیکیفۆرۆڤیچە! چ کۆنەپارێزێکن، ئەوان مشکی شەوانن. تەواو مشکی شەوانن تابیرێکی پڕاوپڕە بەوان، هەرچەند ئەو پیاوێکی بێمێشک نییە. ژیر و عەقڵێکی پراکتیکی هاوسەنگی هەیە، بەڵام هەر دەمێنێتەوە، کە پیر و بەساڵاچوون، شتێکیان کەمە، چی بوو ئەوەی وتی؟ کە ئێمە تەحەمولی ناکەین، بەڕاست دەیویست بەوە بڵێ چی؟ هەر تەواو بەوە خۆی ون کرد و نەیتوانی لێم تێبگات، ئەوە خۆی چۆن تەحەمولی خۆی دەکات؟ ئەوەی کە زەحمەتە تێنەگەیشتنە نەک تێگەیشتن. ئەوەی گرنگە کە من قەناعەت بکەم بە ڕۆح و دڵم، مرۆڤایەتی بریتییە لە خۆشەویستی بۆ مرۆڤ، کە مرۆڤ بگەڕێنیتە بۆ لای خۆی، سەرلەنوێ نرخی بۆ بگەڕێنیتەوە و ئەو کاتە ئیتر یاسایەکت دەبێ ئیشی پێ بکەیت، ئەوە بۆ من زۆر ڕوونە گەورەکانم! جەنابی پاشا! گەر ڕێگەم بدەن ئەم پێوانە بەکاربهێنن، بۆ نموونە: بە کارمەندێک دەگەین، کارمەندێکی هەژار و نەگبەت،

باشە، پرسیاری لێ دەکەین: تۆ کێی؟ وەڵام: کارمەندێکم. باش، ئەی دوایی، چ جۆرە کارمەندێک؟ کارمەندێکی ئاوا و ئاوا، باش، ئیشێکی تایبەتیت هەیە؟ بەڵێ هەمە. دەتەوێ بەختەوەر بیت؟ بەڵێ دەمەوێ. ئایا چیت پێویستە بۆئەوەی بەختەوەر بیت؟ ئەمە و ئەوە. بۆ؟ وەڵام: چونکە. لێرەوە پیاوەکە لە دوای دوو وشەی کەم لێم تێدەگات. لێرەوە ئیتر من خاوەنی ئەوم، وەک بڵێی دەکەوێتەوە تەڵەکەوە و دەتوانم چیم بوێ لەگەڵیا بکەم. یان باشتر بڵێم چیم بوێ بۆ باشترکردنی ژیانی ئەو بۆی بکەم. ئەو کەسێکی دڵڕەقە ئەو سیمیۆن ئیڤانۆڤیچە، چەند ناشیرینە! دەیووت: بیبە بۆ مەرکەزی پۆلیس با تۆزێ دارکاری بکەن.

نا، قسەی بێمانا دەکەی، دارکاری کردن تۆ بیکە، من نایکەم. من تریفۆن دارکاری ناکەم بەڵکو تەنها بە وشەیەک دەیڕووخێنم. بەقسە ئینزاری دەکەم و کاری لێدەکەم تا هەست بەهەڵەی خۆی بکات، بەڵام دارکاری کردن، نا، شتەکە بێشیکار دەمێنێتەوە. ئەگەر بچم بۆ ئیمیرانس[٤]؟ ئای چەند شوێنی خراپە، هاواری کرد کاتێ خەریک بوو بەملدا بکەوێت. بەمە دەڵێن پایتەخت[٥]! ڕۆشنگەری! خۆ پیاو دەڕوات و خەریکە بەسەردا بکەوێ و قاچی بشکێت. ئای، چەند ڕقم لەو سیمیۆن ئیڤانۆڤیچەیە! ئەو دەم و چاوە ناشیرینە پیسەی! کاتێ دەیویست پێم پێبکەنێت کاتێ وتم: با خەڵک کۆببنەوە و پەیوەندی باشیان لەگەڵ یەکدا هەبێت، پەیوەندییەکی ئەخلاقیی، ئەوە چ پەیوەندییەکی بەتۆوە

٤ ئیمیرانیس: چوارڕیانێکە لە سانپترسبورگ.

٥ پیتەربورگ یان پیترسبورگ (بۆ خۆشەویستی بە شارەکە دەڵێن پیتەر)، یان سانت پیترسبورگ ساڵی ١٧٠٣ دروست کراوە، ساڵی ١٧١٢ کرا بە پایتەختی رووسیا، تا دوایی مۆسکۆ کرایەوە بە پایتەخت، بەڵام هەمیشە پایتەختی ڕۆشنبیریی رووسیا بووە.

هەیە؟ خۆ من نامەوێ پەیوەندیم بە تۆوە هەبێت، من دەمەوێ پەیوەندیم بە جوتیارێکەوە هەبێت، من دەمەوێ جوتیارێک ببینم و قسەی لەگەڵدا بکەم. بێگومان ڕەنگە من تۆزێ سەرخۆش بووبم و نەمتوانیبێت تەواو تابیر لەخۆم بکەم، ئێستاش زۆر باش ناتوانم تابیر بکەم، ئای، ئیتر نابێ بخۆمەوە، هەموو شەوەکە دەخۆیتەوە و قسەی قۆڕ دەکەیت و هیچی تر. ڕۆژی دوایش پەشیمان دەبیتەوە. ئەی دوایی چی؟ باشە وا دەڕۆم و بێ ئەوەی بکەوم، ئای، هەموویان هیچ و پووچ و دەستبڕن!

ئاوا خەیاڵەکان لە مێشکی ئیڤان ئیلیچدا بە پچڕ پچڕیی دەهاتن و دەچوون کاتێ بە شۆستەکاندا دەڕۆشت. هەوا پاکەکە زۆر کاری لێدەکرد وەک شتێ ڕایدەوەشاند. دوای تەنها پێنج خولەک زۆر ئارام بووەوە و حەزی کرد بخەوێت، بەڵام لەپڕ چەند هەنگاوێکی مابوو تا لافیتە گەورەکە گوێی لە مۆسیقایەک بوو، قنج بووەوە، لەو بەر شەقامەکە، لەماڵێکی تەختەوە لە قاتی دووەم، ئاهەنگێک بەڕێوە دەچوو، دەنگی کەمانێکی غەمگین دەهاتە گوێی، هاتوهاواری کۆنترەباس و فلووتێک بۆ سەمایەکی دڵخۆش بانگی دەکردی. لە پەنجەرەکانەوە خەڵکانێک دیار بوون، کە زۆربەیان ژن بوون بە شاڵی سەرشانیان و سەرپۆشی سەریان، کە هەوڵێکی زۆریان دەدا شتێ لە پەنجەرەکانەوە ببینن. ئەوەش بۆیان بە باشی کەوتەوە. دەنگی ژێرقاچیان دەگەیشتە ئەوبەری شەقامەکە. ئیڤان ئیلیچ سەرنجی دا کە پۆلیسێک تۆزێک لەولاوە وەستاوە و چوو بۆ لای.

- ئەوە خانووی کێیە برا؟ وای وت و کەمێک پاڵتۆ چەرمەکەی کردەوە تا پۆلیسەکە ئەو مەدالییا گرابەهایەی ملی ببینێ.

- پسیلدۆنیمۆڤ، فەرمانبەرێکی بنووسە[٦]، پۆلیسەکە وەڵامی دایەوە و وای پیشان دا کە مەدالیاکەی ملی دەناسێتەوە.
- پسیلدۆنیمۆڤ، ئەها پسیلدۆنیمۆڤ..... چی دەکات؟ ژن دێنێت؟
- بەڵێ ژن دێنێت گەورەم! کچی ڕاوێژکاری مەدەنیی ملێکۆپیتایڤە لە بەلەدییەی کۆن ئیشی دەکرد، وەک دەبینی کچی ئەوە دەکەوێتە ئەو ماڵەوە.
- کەواتە هەر لە ئێستاوە ماڵی پسیلدۆنیمۆڤە نەک ملێکۆپیتاییڤ؟
- پسیلدۆنیمۆڤ گەورەم! لە پێشدا هی ملێکۆپیتاییڤ بوو، بەڵام ئێستا هی پسیلدۆنیمۆڤە.

برام! من بۆیە پرسیار دەکەم چونکە من بەڕێوەبەری ئەوم، من ژەنەڕاڵم لەو شوێنەی پسیلدۆنیمۆڤ ئیشی لێ دەکات.

- ئێ بەو شێوەیە جەنابی پادشا! زیاتر ڕێزی پیشان دا و ئیڤان ئیلیچ شتی تری کەوتە خەیاڵ، لەوێ وەستا و بیری کردەوە: بەڵێ. پسیلدۆنیمۆڤ لەو بەشە تایبەتییەی ئەوەوە هاتووە، ئەوەی بیرە، کارمەندێک بوو مووچەی مانگانەی دە ڕۆبلێک بوو. پرالینسکی کاتێ بەشێکی تایبەتی و تازەی کردەوە، ناتوانێ هەموو فەرمانبەرەکانی خۆی بە باشی بیربکەوێتەوە، بەڵام ئەم پسیلدۆنیمۆڤەی باش بیرە، لەبەر هیچیش نا، بەڵکو لەبەر ناوەکەی. هەر یەکەمجارنازناوەکەی بینی، یەکسەر حەزی کرد دەمووچاوی ببینێ. حەزێکی زۆری هەبوو بزانێت چ دەم و چاوێک خاوەنی ئەم نازناوەیە. بیری کەوتەوە کە پیاوێکی گەنج بوو لووتێکی درێژی چەماوەی هەبوو، قژ و برۆی لوولی کاڵ، زۆر لاواز و هەژارانە و کەمخوێن، کە جلێکی سەیری لەبەردا بوو لەگەڵ پانتۆڵێکدا شەرم بکەیت

٦ فەرمانبەری بنووس لیگیسترەتوور، ئیشێکی حکومی بوو لە پلەی نۆ لە ڕووسیا لە سەردەمی قەیسەردا.

لەبەرتا بێت. بەو شێوەیە بیری هاتەوە کە کەسێک بوو، ڕۆژانی جەژن دەبوایە دە ڕۆبڵی جەژنانەی بدەیتێ تا تۆزێ نان بخوات و قەڵەو بێت. لەبەر ئەوەی ئەم هەژارە هێندە وەڕزکەرانە دەهاتە پێش چاو، بەسەرنجە پیسەکەیەوە و هیچ مەیلێکت بۆی نەبوو، بۆیە شتێکی وا قەت نەدەهات بەخەیاڵدا تا یارمەتی بدەیت، ئەوە بۆیە پسێلدۆنیمۆڤ بەبێ هیچ یادداشتێک مایەوە. لەوەش سەیرتر ئەوە بوو لای کە هەمان ئەو پسێلدۆنیمۆڤە بۆ کەمتر لە هەفتەیەک ویستی ژن بێنێت. ئیڤان ئیلیچ بیری کەوتەوە کە ئەو زۆر کاتی نەبوو کە کاتێ نووسراوێکی وای هاتە بەردەست، بۆیە مەسەلەی ژن هێنانەکەی[7] زۆر خێرا و بێ گرفت چووە پێشەوە. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا وێنەیەکی باشی لە مێشکیدا هەڵگرت کە دەزگیرانی پسێلدۆنیمۆڤ دێت و ماڵێکی لەگەڵ خۆیدا بۆ دەهێنێت لەگەڵ چوارسەد ڕۆبڵ پارەی کاش. ئەم باس و خواسە کەمێک سەرسامیان پێ بەخشی و یەکگرتنی ئەم دوو نازناوە، پسیلدۆنیمۆڤ و ملیکۆپیتایف بەیەکەوە لەسەرسامیدا هەردوو گوێچکەی پێ قوت کردنەوە. هەموو ئەمانە تەواو بیری هاتەوە. بیری هاتەوە و زیاتر و زیاتر کەوتە بیری قووڵەوە. وەک ئاشکرایە هەندێ جار باس و خواسێکی زۆر لە چاوتروکاندنێکدا دێنە ناو سەرمانەوە، لەشێوەی هەستێکی قووڵدا، کە ناتوانی وەریبگێڕی بۆسەر زمانی ئادەمیزاد، بەتایبەتی لە زمانی نووسیندا. بەڵام دەبێ زۆر لەخۆمان بکەین کاتێک بمانەوێت وێنەی هەمووتێگەیشتن و هەستی ئەم پاڵەوانەکەمان بکێشین بۆ خوێنەر هیچ نەبێ دەبێ دیارترین

---

7 لەو زەمانەدا گەر کارمەندێک بیویستایە ژن بهێنێت، دەبوایە ڕازیبوونی بەڕێوەبەرەکەی وەربگرتایە.

و سەرەکیترین تێگەیشتن و هەستەکان پیشان بدەین. لەگەڵ ئەوەشدا زۆربەی ئەو هەستپێکردن و تێگەیشتنانەش لە وەرگێڕانەکەدا بۆ زمانی نووسین زۆر ناباوەڕپێکراو دێنە پێشەوە. ئەوە بۆیە لە ڕاستیدا ئەو هەستانە قەت دەرناکەون لەگەڵ ئەوەدا کە لای هەموومان بوونیان هەیە. بێگومان ئەم هەستپێکردنەی ئیڤان ئیلیچ هەر وا بێسەروبەر بوون بەڵام هۆیەک بوون بۆ ئەوەی بڵێ: بیر بکەرەوە! بەخۆی وت و ڕێگەی دا بیرەکان یەک لەدوای یەک بەمێشکیدا بێن و بچن. ئێمە قسە دەکەین و قسە دەکەین، بەڵام کاتێ دێینە سەر کردار، هیچ ڕوونادات.

بۆ نموونە ئەم پسێلدۆنیمۆڤە وەرگرە، تازە لە شایی ژنهێنان هاتووەتەوە، دوودڵ و دڵ پڕ لەهیوا، ئامادەیە کاتێکی پڕ جۆشوخرۆش بەرێتە سەر. ئەمە دەبێ خۆشترین ساتەکانی ژیانی بێت، بەڵام ئەم چی دەکات؟ کاتەکەی هەروا دەدات بە میوانەکانی و ئاهەنگیان بۆ دەگێڕێ، لەگەڵ ئەوەدا کە سادە و هەژارە، کەچی دڵی خۆشە، چالاک و پاک.. بیهێنە بەر چاوی خۆت گەر ئەو بزانێ من، منی بەڕێوەبەری ئەو، لەم ساتەدا لەبەر دەمیماڵەکەیدا وەستاوم و گوێ لە موسیقاکەی دەگرم. من هەر وا پێم خۆشە بزانم ئەو چ کاردانەوەیەکی دەبێت؟ هەروەها چ کاردانەوەیەکی دەبێت گەر هەر ئێستا بچوومایەتە ژوورەوە؟ ئم.. بێگومان یەکەمجار زەندەقی دەچوو، ون و لاڵ. بێگومان گێژ دەبوو، لەوانەبوو هەموویم لێ تێک بدایە، هەر ژەنەڕاڵێکی تر بچووایەتە ژوورەوە ئاسایی بوو، بەس من نا.

ستێپان نیکیفۆرۆڤیچ! تۆ لەمن تێنەگەیشتی، بەڵام وەرە با من نموونەیەکی باشت بۆ بهێنمەوە.

گوێ بگرن، گەورەکانم! هەموومان دەممان پان دەکەینەوە کاتێک باسی مرۆڤایەتی دەکەین. بەڵام ئایا دەبین بە پاڵەوانێکی ڕاستەقینە بەکردەوە نەک بەقسە؟ ئەمە چ پاڵەوانێتییەکە؟ وەرن نزیکتر سەیری بکەین. وا بیهێننە بەر چاوی خۆتان لە بارودۆخێکی ئاوادا پەیوەندی لە نێوان ئەندامەکانی کۆمەڵگایەکدا، منێک، سەعات یەکی شەو، خۆم دەکەم بە ئاهەنگی ژن هێنانی کارمەندێکی خۆمدا، فەرمانبەرێکی بنووس کە لە مانگێکدا تەنها دە ڕۆبلێک مووچەکەیەتی، ئەمەیە گێژبوونی تەواو کە هەموو ئەگەرەکانی لە مێشکی خۆتدا بسووڕێنیتەوە، وەک دواهەمین ڕۆژی پۆمپییس[8] (لە ڕۆمای کۆن دا) کە پڕ بوو لە شێتیی، هیچ کەسێ نییە بتوانێت تێبگات. ستێپان نیکیفۆرۆڤیچ دەمرێت بێ ئەوەی بتوانێ هیچ تێبگات، ئەی ئەوە نەبوو ئەو وتی: ئێمە تەحەمولی ناکەین! بەڵێ پیرەمێردەکان، ئێوە تێیناگەن! ئێوەی سەقەت و خاو، بەڵام من، من تێیدەگەم، دواهەمین ڕۆژی پۆمپییس دەکەمە ڕۆژێکی ڕووناکی کارمەندەکەم و کردەوەی ئەفسوون دەکەمە کردەوەیەکی ئاسایی و بە ڕەوشتێکی بەرزەوە هەر وەک باوکێک وا دەکەم ئەم ڕۆژەی هەمیشە لەیاددا بمێنێتەوە. چۆن؟ با بۆتان باس بکەم، بێزەحمەت گوێ بگرن!

کەواتە وا بیهێنە بەرچاوی خۆت کە من دەچمە ژوورەوە. هەمووان سەریان سووڕدەمێنێ، واز لە سەماکردن دێنن، زۆر دڕندانە سەیرم دەکەن و کەمێک لەجێگەی خۆیانەوە پاشەکشێ

---

٨ تابلۆ بەناوبانگەکەی کارل بیریللۆڤ ١٨٣٣ کە بەهەمان ناوەوەیە. دۆستۆیڤسکی لێرەدا مەبەستی ئەو تابلۆیەیە. کاتێک بوورکانێکی ئاگرین لە ڕۆمای کۆندا دەکەوێتەوە و هەموو خەڵک هەڵدێن و دەترسن و نازانن چی بکەن. کارل بیریللۆڤ (١٧٩٩ تا ١٨٥٢) هونەرمەندی بەناوبانگی ڕووسی کە وێنە بەناوبانگەکەی شاری ڕۆمای کێشا. ئەو وێنەیە ئێستا لە مۆزەخانەی شاری سانکت پترسبۆرگ پارێزراوە و دۆستۆیڤسکی ئەو تابلۆیەی زۆر پێ جوان بووە.

دەکەن. تەنها لێرەدا من سرووشتی خۆم ئاشکرا دەکەم. لێرەدا من ڕاست و ڕەوان بەرەو لای پسیلدۆنیمۆڤی ترساو دەڕۆم و بە زەردەخەنەیەکی خۆشەویستانە و وشەگەلێکی سادەوە پێی دەڵێم کە من لای خاوەنی شکۆ ستێپان نیکیفۆرۆڤیچ بووم، وا بزانم دەیناسی؟ لێرە لە تەنیشتەوە، لەم نزیکانە دەژی. دوایی هەر کەمێک بە گاڵتەوە باسی سەرەڕۆییەکانی بۆ دەکەم لەگەڵ تریفۆن دا، لە تریفۆنەوە باسی ئەوەی بۆ دەکەم کە بۆچی بەپێ دەڕۆم و تا گوێم لێبوونم لە مۆسیقا و حەزێکم تێدا دروست بوو بزانم ئەمە هی کێیە و لە کوێوەیە، پرسیارم لە پۆلیسێک کرد تا زانیم، برام! ئەمە تۆی کە ژن دێنیت. دەچمە ژوورەوە بۆ لای کارمەندەکەی بەردەستم و حەزم کرد بزانم چۆن کارمەندەکانم دەژین و دڵیان خۆش دەبێت و ژن دێنن و ئەو شتانە. بڕوا ناکەم دەرم بکەیت وایە؟ بەڕێوەبەرەکەت دەربکەیت؟بڕوا ناکەم ئەم وشانە بێن بە مێشکتدا، بەڵکو ڕەنگە لە خۆشیدا شێت بیت. بەخێرایی دەڕوات تا کورسییەکم بۆ بێنێت و لەسەری دابنیشم. دەلەرزێ و لە سەرەتادا هیچ تێناگات.

باشە، چ شتێک لەم کردارە سادەتر و شیرینترە؟ بۆ من چوومە ژوورەوە؟ ئەمە پرسیارێکی ترە، زیاتر لایەنە مۆراڵییەکەی پرسیارەکە پیشان دەدات. ئەمە ناوک و جەوهەری مەسەلەکەیە. ئم.... بیرم لە چی دەکردەوە؟ ئەها، بیرم کەوتەوە. ئەوان دێن و یەکێکی وەک و من لە تەنیشت گرنگترین میوانەوە دادەنیشێنن. لای فەرمانبەرێکی بەدەسەڵاتەوە، یان خزمێکی گرنگەوە، لای کاپتنێکی خانەنشینی لووت سوورەوە، لای ئەو شەریفانەوە کە گۆگۆڵ باسیان دەکات. بەڵێ باشە، من بە بووکی گەنج دەناسێنن، دیاری خۆمی دەدەمێ و لەگەڵ میوانەکاندا ئاسایی

دەبمەوە و وایان لێ دەکەم شەرم نەکەن و لە سەماکردنی خۆیان بەردەوام بن. نووکتە دەکەم و پێدەکەنم، بە کورتی بیبڕمەوە: مامەڵەیەکی شیرین لەگەڵیاندا دەکەم، من خۆم هەمیشە وام کاتێ لەخۆم ڕازیم، ئم.. هەر چەند من سەرخۆش نیم ئێستا، بەڵام هەست دەکەم کەمێک سەرم گەرم بووە، بەڵام.. من هەر وا وەک پیاوێکی ڕەوشت بەرز و جوان لەگەڵیاندا دەمێنمەوە. هیچ داوایەکیشیان لێ ناکەم لەدەورم خڕببنەوە. بەڵام لە بارەی مۆراڵەوە بابەتەکە تەواو جیاوازە. تێمدەگەن و بەرز ڕامدەگرن، هەڵسووکەوتم هەموو بیرکردنەوە کۆنەکانیان دەڕووخێنی و ژیانی تازەیان بەبەردا دەکات. نیوسەعاتێک لەوێ دەمێنمەوە، ئاە، تۆ بڵێ سەعاتێک، بێگومان هەر پێش پێشکەشکردنی خواردنی ئێوارە ئەوێ بەجێدێڵم. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەر خۆیان ماندوو دەکەن، شت دێنن و شت لادەبەن، دەبرژێنن و سووردەکەنەوە، بە ڕێزەوە بۆم دەنووشتێنەوە، بەڵام من لە پەرداخێک زیاتر ناخۆمەوە، بێگومان پیرۆزباییان لێدەکەم و هیچیش ناخۆم. دەڵێم دەبێ بڕۆم ئیشم زۆر هەیە، هەر بڵێم ئیشم زۆر هەیە، ئیتر هەموویان دەم و چاویان بە شێوەیەکی زۆر جددی پڕدەبێ لە ڕێز. هەر بەوەدا ئەوەیان بیر دەخەمەوە کە جیاوازی من و ئەوان ئەوەیە. تەواو وەک شەو و ڕۆژ. نەک بۆ ئەوەی ببمە جێی سەرسامیان، بەڵکو تەنها دەرخستنی ئەو جیاوازییە لەڕووی ئەخلاقییەوە هەرچۆنێک بیری لێ بکەیتەوە گرنگە. با ئەوەشم بیر نەچێ کە دەبێ زوو زەردەخەنەیەکیشیان بۆ بکەم. تەنانەت تۆ بڵێ پێکەنینیش تا هەمووان دڵخۆش بکەم. دەبێ نووکتە و قسەی خۆشیش لەگەڵ بووکدا بکەم، ئمممم، تەنانەت پێشی بڵێم کە دوای نۆ مانگێک دێمەوە و تا منداڵی دەبێت و دەبمە باوکی ڕۆحی منداڵەکەتان ها ها. ئەوان وەک

کەرویشک منداڵ دەخەنەوە. هەر وام بڵێم هەموو دەدەنە قاقای پێکەنین و بووکیش تەواو سووردەبێتەوە. ماچێکی ناوچەوانی دەکەم و پیرۆزیی ئەم کارە جوانەی لێدەکەمەوە. بۆ بەیانی لە شوێنی کارەکەم ئەم لایەنە فریشتەییەم بڵاودەبێتەوە. بۆ بەیانی دەبێ وا بکەمەوە کە زۆر توندوتۆڵم تا ئاستی وەڕزکەر. بەڵام ئیتر ئەو کاتە هەمووان دەزانن من چۆن مرۆڤێکم. (وەک بەڕێوەبەر توند و وەک مرۆڤیش فریشتە). ئەو کاتە ئیتر هەست دەکەم بەسەریاندا سەردەکەوم. بە کردەوەیەکی بچووکی وا زیندانیان دەکەم و دەبمە باوکێک بۆیان. باش ئەی خاوەن شکۆ! جەنابی ستێپان نیکیفۆرۆڤیچ! بڕۆ و شتێکی وەک ئەوەی من بکە. بێگومان وەک دەزانن کە پسێلدۆنیمۆڤ ئەم ڕووداوە بۆ منداڵەکانی دەگێڕێتەوە کە جەنابی ژەنەڕاڵ خۆی هاتووە بۆ ئاهەنگەکەی و پەرداخێکیشی خواردۆتەوە. ئەم منداڵانەش دێن و بۆ منداڵەکانی خۆیانی دەماودەم دەگێڕنەوە. وەک ڕووداوێکی پیرۆز باسی دەکەن کە فەرمانبەرێکی زۆر باڵا، بەڵکو پیاوی دەوڵەت (تا ئەو کاتە فریا دەکەوم ببم) ئەو شەرەفە گەورەیەی پێدان. هتد.. بەڵێ، وا دەکەم خۆی دەگەڕێنمەوە بۆلای خۆی، بەو شێوەیە تۆزێ بەرزی دەکەمەوە، ئەوێک کە تەنها دە ڕۆبل مووچەکەیەتی. گەر من پێنج تا دە جار ئەمە لە شوێنی جیاواز جیاواز شتێک لەم بابەتە دووبارە بکەمەوە، ئەوا خۆشەویستی و ناوبانگێکی زۆر لە هەموو شوێنێک پەیدا دەکەم و هەمووان دەمبەنە ناو دڵی خۆیانەوە و ئەوسا تەنها شەیتان خۆی دەزانێ چی ڕوودەدات.

ئاوا، یان شتێک لەوە نزیک، خەیاڵ و بیری ئیڤان ئیلیچی پێوەلکابوو. (وەک گەورەکانم دەزانن ئاوا مرۆڤ هەندێ جار قسەی زۆر لەگەڵ خۆیدا دەکات، بەتایبەتی گەر لە بارێکی

ناسرووشتیدا بێت). هەموو ئەم بیر و خەیاڵانە تەنها لە چەند خولەکێکدا بەمێشکیدا تێپەڕین. بێگومان ئەو دەیتوانی چێژێک لەم خەونانەی ببینێت و لە خەیاڵیدا هەست بەشەرمکردنی بە ستێپان نیکیفۆرۆڤیچ ببەخشایە و ڕاست و ڕەوان بچوایەتەوە بۆ ماڵەوە و بنووستایە، ئەوسا هەستی دەکرد کە ڕاست مامەڵەی کردووە، بەڵام ئەو چرکەساتە کە دەبوایە ئاسایی بێت، بۆ ئەم ئاسایی نەبوو.

لەپڕ، وەک بەدەستی ئەنقەست بێت، وێنەی هەردوو ستێپان نیکیفۆرۆڤیچ و سیمیۆن ئیڤانۆڤیچ بە دوو سیمای لەخۆڕازییەوە، هاتنەوە ناو خەیاڵاتیی و وتیان:

- ئیمە بەرگەی ناگرین! دووبارە ستێپان نیکیفۆرۆڤیچ وای وتەوە بە زەردەخەنەیەکەوە.
- ها، ، ها، ، ها، ، سیمیۆن ئیڤانۆڤیچ بە ناشیرینترین پێکەنینەوە کە هەبێت.
- با بزانین، چۆن بەرگەی ناگرین، ئیڤان ئیلیچ بە بڕیاردانەوە وتی و هەموو سیمای سوور هەڵگەڕا و چووە سەر شۆستەکە و تەواو بەرە و ماڵی کارمەندەکەی خۆی پسیلدۆنیمۆڤ هەنگاوی نا.

***

ئەستێرەیەک ڕێگاکەی پیشان دا، لە دەرگای کراوەی باخچەکەوە چووە ژوورەوە. بەقاچی شەقێکی سووکی لەو تووتکە سەگە تووکنە دا کە بە وەڕینە بێ ئارامییەکانی خۆیەوە لە قاچەکانی ئاڵاند و تەنها بۆ پارێزگاریکردنی بەردەرگا داندرابوو نەک بۆ ترساندن، لە ڕاڕەوە تەختەییەکەوە بۆ هەیوانێکی بچووک کە وەک ژوورێکی چاودێری وابوو، بەسێ

قاڵدرمەی تەختەییدا سەرکەوتە سەرەوە بۆ داڵانێکی بچووک، بەڵام لەوێدا هەرچەندە مۆمێک لە جۆرێک چەوریی دروست کرابوو دەسووتا و کەمێک ڕووناکی دەبەخشی بەڵام ڕێگری نەکرد لەوەی کە ئیڤان ئیلیچ قاچی چەپی بەر مەنجەڵێک گاڵۆش[9] بکەوێت کە لەوێ داندرابوو تا

سارد بێتەوە. ئیڤان ئیلیچ کەمێک خۆی نووشتانەوە و بینی لەگەڵ ئەو مەنجەڵەدا، دوو سینی تر داندراوە کە بریتی بوون لە جەلی و دوو قاپی تریش لە محەلەبیی. زۆری پێناخۆش بوو کاتێک قاچی بەریکەوت و بۆ چرکەیەک وا هات بەخەیاڵیدا کە بڕوات و لەو ناوە نەمێنێت بەڵام بۆی دەرکەوت کەئەمە کردەوەیەکی جوان نییە و بەدەستی کەمێکی سڕی و پاک کردەوە بەخۆی وت: کەس نەیبینی و کەس شکم لێ ناکات. لەدەرگاکەوە چووە ژوورەوە بۆ ژوورێکی بچووکی چاوەڕوانیکردن کە نیوەی پڕ بوو لە پاڵتۆو چاکەتی درێژ و کورت، جلی ژنانە و سەرپۆش و کڵاو و خاولی سەرشان و پێڵاوی لاستیک. نیوەکەی تری چوار مۆسیقار کە لە شەقامەوە هێنرابون بریتی بوون لەدوو کەمانچەژەن، فلوتژەنێک و کۆنترەباسێک. لە پشتی مێزێکی بۆیاخنەکراوەوە دانیشتبوون، لە ژێر ڕووناکی مۆمێکی لە چەوریی دروست کراوەوە، بە دەنگێکی بەرز دوا ڕاهێنان لەسەر ئاوازی کادریلی دەکەن. لە دەرگاکەیەوە هۆڵەکە دەبیندرا کە هەندێ لە سەماکاران لەناو تەم و بۆنێکی ناخۆش و چرەدووکەڵی سیگاردا دڵخۆش بوون و بەقاقا پێدەکەنین و هاواریان دەکرد و ژنانیش دەیانزیقاند. سەماکاران بە قاچەکانیان هەر وەک کۆمەڵێک ئەسپسوار عەرزەکەی ژێر پێیان دەکوتی. لەناو ئەم دەنگە دەنگە زۆرەدا سەرپەرشتکارێک بە دەنگێکی

٩ گاڵۆش: خواردنێکی تێکەڵ لە گۆشتی ماسی و ئاژەڵ و باڵندە.

بەرز فەرمانی پێدەکردن. بە زەوق و دڵێکی خۆشەوە دەیووت: سەماکاران بۆ پێشەوە! ڕیزێک ژن بەرامبەریان بوەستن، تکایە هاوسەنگیی! و بەو جۆرە.

ئیڤان ئیلیچ بە دوودڵییەوە پاڵتۆ و پێڵاوەکەی داکەند و کڵاوەکەی بەدەستییەوە بێگومان بێ ئەوەی هیچ وتووێژێک لەگەڵ خۆیدا بکات.

لە خولەکی یەکەمدا هیچ کەس تێبینی نەکرد، هەمووان سەرقاڵی دواسەما بوون، ئیڤان ئیلیچ وەک ئەوەی شرینقەی سڕبوونیان لێدابێت وەستا و هیچ شتێکی لەم تێکەڵییە بۆ جودا نەدەکرایەوە. هەر جلی ژنانە بوو بەلایدا فڕەی دەکرد. سەماکاران بەدووکەڵی سیگارەوە، ژنێک چەرچەفە شینەکەی بەر لووتی کەوت، بە خۆشییەکی زۆرەوە قوتابییەکی قژبژیی بەشی پزیشکی دوای کەوتبوو، زۆر بەهێز بەری کەوت. لە بەردەمیدا ئەفسەرێکی باڵابەرز وەک عەموود. یەکێک بەشێوەیەکی زۆر نائاسایی دەیقیژاند و دەخولایەوە و قاچی بەزەویدا دەدا. (ئاخ، پسیلدۆنیمۆچکا)! زەوییەکە لەژێر قاچەکانی ئیڤان ئیلیچدا دەلەرایەوە. لەوە دەچوو عەرزەکە بەجۆرێک لە مۆم چەور کرابێت، هۆڵەکە زۆر بچووک نەبوو، میوانەکان دەگەیشتنە سی کەسێک.

دوای خولەکێک سەمای کادریلی تەواو بوو. دوایی ئەوە ڕوویدا کە لە مێژ بوو ئیڤان ئیلیچ بیری لێدەکردەوە، ئەو کاتەی لەسەر شۆشتەکە خەونی دەبینی. چرپە چرپ و ورتە ورتێکی نائاسایی لەنێوان میوانەکان و سەماکاراندا کە جارێ هەناسەیان نەهاتبووەوە سەر خۆی و عەرەقی ناوچەوانیان نەسڕیبووەوە دروست بوو. هەموو نیگاکان، هەموو سیماکان بەرەو ئەو

میوانە بوون کە تازە هاتبووە ژوورەوە. لەپڕ هەموان کەمتر پێکەنین، تۆزێک گەڕانەوە دواوە. ئەوانەی پێیان نەزانی بوو چمکی کراسەکەیان گیرا و ئاگادار کرانەوە، ئەوانیش لەجێگای خۆیانەوە گەڕانەوە دواوە. ئیڤان ئیلیچ لەبەر دەمی دەرگاکەدا وەستا بوو، جارێ هیچ هەنگاوێکی نەنابوو بۆ پێشەوە، بەڵام بۆشایی نێوان ئەو و میوانەکان زیاتر و زیاتر دەبوو. بەو شێوەیەش مرۆڤ باشتر عەرزە پیسەکەی دەبینی بە کاغەزی نوقڵ و شیرینیی و بلیتی سەماکردن و قنگەجگەرە.

لە پڕدا گەنجێکی ترساو هاتە ناو ئەو بۆشاییەوە، کە جلێکی فەرمیی درێژی لەبەردا بوو، قژێکی لوولی هەبوو لەگەڵ لووتێکی چەماوە. هاتە پێشەوە، سەیری میوانە چاوەڕوان نەکراوەکەی بەردەمی دەکرد هەر وەک سەیرکردنی سەگێک بۆ خاوەنەکەی کاتێک بانگی دەکات تا خواردنی بداتێ.

- ئەم کاتەت باش پسێلدۆنیمۆڤ! دەمناسیتەوە؟ ئیڤان ئیلیچ ئەمەی وت و هەستی کرد کە زۆر نابەجێ بووە قسەکەی، هەروەها هەستی کرد کە ڕەنگە ئەمە گەورەترین هەڵەیەک بێت کردبێتی.

پسێلدۆنیمۆڤ ورتە ورتێکی بەزۆر لێوە هاتە دەرەوە: خ خ خ خاوە..ن شکۆ!

- بەڵێ منم براڵە، هاتم بۆ لات، ڕێکەوت بوو، دەتوانی وێنای بکەی!

بەڵام پسێلدۆنیمۆڤ لەحاڵەتێکدا نەبوو وێنای شتی وا بکات، واق وڕماو، ترساو و دەمکراوە سەیری دەکرد.

- بڕوا ناکەم دەرم بکەیت! گەر میوانێکت هات پێشوازی لێدەکەیت، بتەوێ یان نا.

ئیڤان ئیلیچ بەردەوام بوو بەڵام هەستی تا دوا سنووربە لاوازیی و شلەژان کرد. ویستی زەردەخەنەیەک پیشان بدات، بەڵام نەیتوانی. بەسەرهاتی پێکەنیناویی ئەو لەگەڵ هەردوو ستێپان نیکیفۆرۆفیچ و تریفۆن تا دەهات زیاتر و زیاتر وەک شتێکی نەکردە خۆی دەنواند. بەڵام پسێلدۆنیمۆڤ وەک بەدەستی ئەنقەست وا بکات واق وڕماو وەک گەمژەیەک دەیڕوانی. ئیڤان ئیلیچ هەستی کرد گەر چرکەساتێکی تری وا بێتە پێشەوە کارەساتی تەواو ڕوو دەدات.

- گەر پێت ناخۆشە دەڕۆم، هەر وای وت و دڵۆپێک عارەق لە بەشی ڕاستی ناوچەوانییەوە بەرەو خوار بووەوە.

بەڵام پسێلدۆنیمۆڤ لەو شۆکەی بەئاگا هاتەوە.

- فەرموون جەنابی خاوەنشکۆ! گەورەتان کردین. ورتە ورتی کرد و خۆی نووشتانەوە. فەرموون دانیشن! زیاتر بەسەر هەست و هۆشی خۆیدا بەئاگا هاتەوە و بەهەردوو دەستی ئاماژەی بۆ کەرەویتەک کرد کە لەبەر سەماکە لایانبردبوو.

ئیڤان ئیلیچ هەناسەیەکی ئاسوودەیی هەڵمژی و دانیشت، یەکێک بەخێرایی مێزێکی لێ نزیک کردەوە. سەیرێکی خێرای هەمووانی کرد و بینی کە ئەو تاقە کەسێکە کە دانیشتووە و هەموان بە پێوەن. تەنانەت ژنەکانیش، ئەمە لای ئەم ئاماژەیەکی باش نەبوو، بەڵام ئیستا کاتی ئەوە نەبوو بیریان بخاتەوە و فێریان بکات.

میوانەکان هەر لە گەڕانەوەدا بوون بۆ دواوە، پسێلدۆنیمۆڤ تاقە کەسێک بوو لەبەر دەمیدا بە ڕێزێکەوە چەمابووەوە و لە هیچ شتێک تێنەگەیشتبوو، هیچ زەردەخەنەیەکیشی پیشان نەدا.

بە کورتی بارێکی ناخۆش بوو. لەم چرکە ساتەدا پاڵەوانەکەمان زۆر هەستی بە ناڕەحەتی کرد، کە هاتنی ئەم شەوەی وەک سەردانەکانی هارونە ڕەشید[١٠] وایە بۆ لای خەڵکانی هەژار تەنها وەک پرەنسیپ.

دەکرا وەک کردەوەیەکی قارەمانانە چاوی لێ بکرێت، بەڵام کەسێکی لاواز لەتەنیشت پسێلدۆنیمۆڤەوە دەرکەوت و بەسڵاو کردنەوە ئەویش چەمایەوە، ئیڤان ئیلیچ کوڵێ دڵی پێ کرایەوە و دەیناسی، ئەویش ئاکیم پیترۆڤیچ زۆبیکۆڤ بوو کە بەڕێوەبەری لقێک بوو لە فەرمانگەکەی. هەرچەندە ناسینێکی تایبەتی نەدەناسی بەڵام دەیزانی کە کارمەندێکی باش و بەتوانایە. ئیڤان ئیلیچ یەکسەر هەستا و دەستی تەوقەی بۆ درێژ کرد، هەموو دەستی نەک تەنها دوو پەنجە[١١]. ئەویش بە ڕێزێکی زۆرەوە بەهەردوو دەستی وەریگرت. ژەنەڕاڵ لەمەدا سەرکەوت و هەموو شتێکی ڕزگار کرد.

بێگومان پسێلدۆنیمۆڤ دوای ئەمە بووە کەسی دووەم، یان ڕاستتر کەسی سێیەم. لێرەوە دەتواندرا بەهۆی بەڕێوەبەری لقەکەوە قسەکان بگوازرێتەوە، چونکە دەیناسی و لەگەڵیدا هەستی بە نزیکی دەکرد، لەو بارەشەوە پسێلدۆنیمۆڤ دەیتوانی بێدەنگ بێت و لە ڕێزلێگرتنی ئەمدا بلەرزێت و ئەوەش ماناکانی ڕێز و ملکەچ بوونی دەگەڕانەوە شوێنی ڕەسەنی خۆی.

ئەم خاڵەش گرنگ بوو، ئیڤان ئیلیچ هەستی بەمە کرد، هەستی کرد هەموو میوانەکان چاوەڕێی شتێک دەکەن.

١٠ خەلیفەی عەباسی هاروونە ڕەشید هەندێ جار بە شەوان لە بەغداد دەگەڕا و جلێکی سادەی لەبەر دەکرد و هەژارانی بەسەر دەکردەوە. دۆستۆیڤسکی ئەمەی لە حیکایەتەکانی هەزارویەک شەوەوە هێناوە (وەرگێڕ)

١١ تەنها دوو پەنجە: جاران لە زەمانی دۆستۆیڤسکیدا دەوڵەمەندەکان تەنها بە دوو پەنجە تەوقەیان لەگەڵ خەڵکی سادە و هەژاردا دەکرد.

لەهەردوو دەرگاکەوە سەرەتاتێکیان بوو، تەنانەی خاون مالیش، هەمووان وەک بچنە قەلاودۆشکانی یەکتر بۆ سەیرکردنێکی ئەم، بۆ گوێلێگرتنی، ئەوەی لێرەدا زۆر گەمژانە بوو ئەوە بوو کە تا ئەو ساتەش بەڕێوەبەری لقەکەی دانەنیشتبوو.

- ئەمە لەتۆ ناوەشێتەوە، ئیڤان ئیلیچ بە شەرمەزارییەکی کەمەوە وتی و دەستی درێژ کرد بۆ کورسییەکی نزیک خۆی تا ئەو دابنیشێت.
- پێویست ناکات گەورەم! من لێرە دەدەنیشم.

ئاکیم پیترۆڤیچ لەسەر کورسییەک دانیشت، پسێلدۆنیمۆڤ زۆر خێرا بۆی دانا و خۆی زۆر کەلەڕەقانە بە پێوە مایەوە.

- بڕوا بەم ڕێکەوتە دەکەن یان نا؟ ئیڤان ئیلیچ بە دەنگێکی کەمێک گوماناوییەوە، بەلام زوو گومانەکە ڕەوییەوە و ڕووی کردە ئاکیم پیترۆڤیچ بە تەنیا، وشەکانی درێژ و کورت دەکردنەوە و زمانی لەسەر هەندێکیان دادەنا و وەک بلێی یاری بە ڕستەکان دەکرد، وەک پێشانی بدات زۆر بەسەرخۆیدا زالە، بەلام ڕاستییەکەی ئەوە بوو نەیدەتوانی خۆی زۆر بگریت، هێزێکی دەرەکی داگیری کردبوو. لەو ساتەدا ئەم هەست کردنە بەم وشیارییە تەواو ئازاریان دەدا.

- وێنای ئەوە بکە کە من هەر ئێستا لای ستێپان نکیفۆرۆڤیچ نیکیفۆرۆڤ هاتمە دەرەوە، ڕەنگە گوێت لی بوو بێت، ڕاوێژکاری نهێنی لیژنەکە؟

ئاکیم پیترۆڤیچ زۆر بەڕێزەوە نووشتایەوە وەک بلێ (ئەی چۆن گوێم لێ نەبووە گەورەم).

- ئەو ئێستا دراوسێیەتە، ئیڤان ئیلیچ بۆ ساتێک سەیرێکی پسێلدۆنیمۆڤی کرد هەر بۆ بەردەوامیی و سرووشتی جوانی ئاخاوتن، بەڵام خێرا دەم و چاوی گۆڕدرا کاتێک بینی کە پسێلدۆنیمۆڤ هەر سەیریشی ناکات.
- پیرە پیاو لەهەموو ژیانیدا هەر باسی ئەوەی دەکرد بۆخۆی خانوویەک بکڕێت. دواجار کڕی، خانوویەکی زۆر باشە، بەڵێ. ئەمڕۆ جەژنی لەدایک بوونیشی بوو. جاران بەم بۆنەیەوە قەت ئاهەنگی نەدەگێڕا، نەک ئەوە بەڵکو لێشی دەشاردینەوە، هەر لە ڕەزیلی بوو ها ها. بەڵام ئەمڕۆ دڵی زۆر خۆش بوو تەنانەت من و سیمیۆن ئیڤانۆڤیچی بانگێش کردە لای خۆی، شیپولینکۆ دەناسن؟

ئاکیم پیترۆڤیچ دیسانەوە خۆی نووشتانەوە، خۆنووشتانەوەیەکی ئارەزوومەندانە، ئیڤان ئیلیچ کەمێک بەمە ئاسوودە بوو.بەڵام لەهەمان کاتدا بیری لەوە کردەوە کە بەڕێوەبەری لق وا بۆی دەچێت خۆی زۆر بە پشتیوانییەکی گرنگی ئەم بزانێت و ئەمەش بۆ ئەم زۆر خۆش نەبوو.

- باش، هەرسێکمان دانیشین، شەمپانیای پێشکەش کردین، باسی ئیش و کارمان کرد، باشە، ئەم و ئەو، پرسیارە گرنگەکان و کەمێکیش دەممان .. لە.. یەک .. گیربوو، ها ها.

ئاکیم پیترۆڤیچ بەڕێزێکەوە برۆی بەرزکردەوە.

- بەڵام من مەبەستم ئەوە نەبوو، دواجار خواحافیزی لێدەکەم، پیرەپیاو زۆر ڕێکوپێکە، بەهۆی تەمەنەوە وەک دەزانن زوو دەخەوێ، دێمە دەرێ، تریفۆنی عەرەبانچی نابینم. دوودڵ دەبم و پرسیار دەکەم: دەبێ تریفۆن بۆ کوێ ڕۆشتبێت؟

دیار بوو وای زانیووە کە زیاتر دادەنیشم، چووە بۆ ئاهەنگی شووکردنی دایکی ڕۆحی یان خووشکەکەی، خودا دەزانێ، هەر لێرە، لەدەوروبەری پیتەربورگ. بە بۆنەی ئەوەشەوە عەرەبانەکەی لەگەڵ خۆی برد.

جارێکی تر ژەنەڕاڵ بەڕێزەوە سەیرێکی پسێلدۆنیمۆفی کردەوە، ئەمیش چووەوە ناو خۆی، بەڵام ئەوەندە نا وەک ژەنەڕاڵ دەیویست. لەدڵی خۆیدا وتی: هیچ سۆزێکی نییە، هیچ دڵێک.

– فەرموو بەردەوام بن! ئاکیم پیترۆڤیچ وتی وبێدەنگ بووەوە، شەپۆلێکی بێدەنگی هەموو ژوورەکەی تەنییەوە.
– دەتوانن وێنای باری من بکەن، ئیڤان ئیلیچ سەیرێکی هەمووانی کرد، بەپێ دەڕۆم، هیچ هەڵبژاردەیەکی ترم لەبەر دەمدا نەبوو، خۆم بگەێنمە شەقامە سەرەکییەکە لای لافیتەی ڕیکلامە گەورەکەوە و عەرەبانەیەکم دەست بکەوێت ها ها.
– ها ها ها ئاکیم پیترۆڤیچ بەڕێزێکەوە وەڵامی دایەوە، هەمووان تۆنێکی دڵخۆشتر لەدەنگیاندا بوو. لەو کاتەدا گڵۆپەمۆمی دیوارەکە تەقییەوە، یەکێ ڕایکرد تا چاکی بکاتەوە، پسێلدۆنیمۆڤ بە مۆڕەیەکەوە سەیرێکی چراکەی کرد بەڵام ژەنەڕاڵ هەر سەرنجیشی نەدایێ و هەموو شتێک ئارام بووەوە.
– دەڕۆم، شەوێکی هەتا بڵێی جوان، ئارام، لەناکاو گوێم لە مۆسیقایە، تەپە تەپ، خەڵکانێک سەما دەکەن.لە پۆلیسێکم پرسی: پسێلدۆنیمۆڤ ژن دێنێت، براله! بۆ لایەکی پیتربۆرگ ئاهەنگ دەگێڕی؟ ها ها، لەناکاو سەیرێکی پسێلدۆنیمۆڤی کرد و بە پێکەنینەوە ڕووی لێکرد.

- ها ها ها! بەڵێ وایە. ئاکیم پیترۆڤیچ وەڵامی دایەوە و میوانەکان جارێکی تریش جوڵەیان پێکەوتەوە، بەڵام گەمژەترین شت ئەوە بوو کە پسێلدۆنیمۆڤ جارێکی تریش خۆی نووشتانەوە بە بێئەوەی زەردەخەنەیەکیش پیشان بدات، هەر وەک ئەوە وا بوو لە تەختە دروست کرابێت. (زۆر گەمژە دیارە)! ئیڤان ئیلیچ لەگەڵ خۆیدا وتی: بەڵێ زۆر گەمژەیە، گەر ئەم کەرە زەردەخەنەیەکی بکردبایە شتەکان زۆر باشتر دەڕۆشتن وەک لەسەر زەوییەکی چەور. لەبێئارامیدا دەکوڵا.
- بەخۆم وت، دەڕۆمە ژوورەوە بۆلای کارمەندی خۆم، بڕوا ناکەم دەرم بکات. گەر میوانێکت هات، پێشوازی لێدەکەیت، گەر بەدڵت بێت یان نا؟، بمبوورە براله! گەر بێزارم کردوون دەڕۆم، هاتم تەنها چاوێک بگێڕم.

میوانەکان کەم کەم جوڵەیان پێکەوت، ئاکیم پیترۆڤیچ بە سیمایەکی ئەفسووناوییەوە سەیری کرد وەک بڵێ: ئایا ڕێی تێدەچێت جەنابت بێزارمان بکەیت؟ لێرەوە میوانەکان جوڵەی تەواویان پێکەوت و یەکەم نیشانەی ئاسایی بوونەوەیان تێدا دەرکەوت. خانمان هەموویان تا ئەو کاتە دانیشتبوون، ئەوەش نیشانەیەکی زۆر باش بوو، ئەوانەی کەمێک ئازایەتییان زیاتر بوو دەستەسڕەکانیان ڕادەوەشاند، یەکێکیان کە جلێکی درێژی لەبەردا بوو هەموو گیانی داپۆشی بوو، شتێکی بە ئەنقەست بەدەنگی بەرز وت و ئەفسەرێک ویستی بەهەمان دەنگی بەرز وەڵامی بداتەوە و کاتێک زانی تەنها ئەوان دەنگیان بەرزە، وازی لە وەڵامدانەوە هێنا. پیاوەکان زۆربەیان لەبەشی ڕاوێژکاری بوون، دوو سێ قوتابیش، هەموویان نیگایان لەگەڵ یەکدا دەگۆڕییەوە، وەک بیانەوێ خۆیان لە قەید و زنجیر سەربەست بکەن. دەکۆکین و دوو سێ هەنگاو بەملاو ئەولادا دەچوون،

بەگشتی کەس نەدەترسا بەڵام هەمووان شەرمن بوون و بەنزیکەیی هەمووان لەناخی خۆیاندا ئەم میوانەیان وەک دوژمنێک سەیر دەکرد کە بەربووەتەوە بەسەریاندا و دەیەوێ خۆشییەکەیان لێتێکبدات. ئەفسەرەکە لە لاوازیی خۆی وەک پیاوێک شەرمی کرد و تۆزێک لە کورسییەکە نزیک بووەوە.

ئیڤان ئیلیچ پرسیاری لە پسێلدۆنیمۆڤ کرد:

- گوێبگرە برا! ڕێگەم پێبدە پرسیارێکت لێبکەم، ناوی خۆت و باوکت چییە؟

- پۆرفیری پیترۆڤ، خاوەنشکۆ!

ئەمەی وت و چاوی دەگێڕا وەک شتێک بپشکنێت.

- بە ژنە گەنجەکەتم بناسێنە ئەی پۆرفێری پیترۆڤیچ! بمبە بۆلای.. من ..

ویستی هەستێت بەڵام پسێلدۆنیمۆڤ بەڕاکردن چوو بۆ ژووری میوان. لەڕاستیدا بووک لە ناو دەرگاکەدا وەستابوو بەڵام هەر گوێی لە ناوی خۆی بوو یەکسەر خۆی شاردەوە، دوای خولەکێک پسێلدۆنیمۆڤ دەستی گرت و هێنای. هەمووان کشانەوە دواوە تا جێگای بۆ چۆڵ بکەن. ئیڤان ئیلیچ بە گەرمییەوە هەستا و بە زەردەخەنەیەکی دۆستانەوە بەرەو ڕووی چوو.

- زۆر..زۆر بەختەوەرم بە ناسینت، بە خۆچەماندنەوەیەکی کەمەوە وتی وەک چۆن لە کۆمەڵگا شارستانییەکاندا بەتایبەتی لەم کاتەدا دەکرێت.

زەردەخەنەیەکی زۆر ڕاستگۆیانەی بۆ کرد و ئەمەش کاری جوانی خۆی کردە سەر خانمان

- شارمێی[12]! ئەو ژنەی کە جلە درێژەکەی پۆشیبوو کەمێک بەدەنگێکی بیستراو وتی.

بووک بۆ پسێلدۆنیمۆڤ زۆر گونجاو بوو. کچێکی بنیست و بچووک بوو، تەمەنی هەر حەڤدە ساڵێک دەبوو، ڕەنگ زەرد، بە دەم و چاوێکی بچووک و لووتێکی بچووکی تیژ. دوو چاوی بچووک و بزێوی هەمیشە جوڵاو کە بە ڕق و قینەوە سەیری دەکرد و شەرمی نەدەزانی. دیار بوو پسێلدۆنیمۆڤ لەبەر جوانی نەیهێنابوو. جلێکی مۆسلینی[13] سپی لەبەردا بووکە ناوکەفێکی گوڵ گوڵی هەبوو. ملێکی زۆر باریک و لەشێک کە ئێسقانەکانی دەبیندران. بووک هیچ شتێکی نەدۆزییەوە وەڵامی ژەنەڕاڵ بداتەوە.

- بەڵێ، ژنەکەت زۆر جوانە، بەدەنگێکی لەرزۆک وتی. ئاوڕێکی لە پسێلدۆنیمۆڤ دایەوە و لەهەمان کاتدا ویستیشی بووک گوێی لێ بێت.

بەڵام پسێلدۆنیمۆڤ لێرەشدا هیچ وەڵامێکی نەدایەوە، تەنانەت هەر نەشنووشتایەوە. ئیڤان ئیلیچ هەستی بە ساردی و نهێنییەک کرد لە نیگاکانیدا، شتێکی دڵرەقانە و قێزەوەن. بەڵام هەر دەبوایە خۆی بگرێت چونکە ئەم هاتبوو بۆ پشتگیری.

لە خەیاڵی خۆیدا وتی: ئەم دوانە بۆ یەک باشن!

جارێکی تریش ئاوڕی لە بووک دایەوە کە لە تەنیشتییەوە دانیشت. بەڵام تەنها وەڵامی بەڵێ و نەخێری وەرگرتەوە لەو چەند پرسیارەی ئاراستەی کرد.

---

١٢ شارمێ: بە فەرەنسی مانای جوانە. وەک وتم لە زەمانی دۆستۆیڤسکیدا خەڵکی خوێنەوار زۆر وشەی فەرەنسییان لە قسە و نووسینەکانیاندا بەکارهێناوە کە ئاماژە بووە بۆ ئاستی خوێندەوارییان.

١٣ عەزیەی موسلینی جۆرە جلێک بووە بۆ خانمان لە سەدەکانی شازدەوە تا نۆزدە.

- گەر کەمێک بشلەژایە، بەردەوام بوو لە بیرکردنەوە لەناو خۆیدا. بەس تۆزێک بشلەژایە گاڵتەم لەگەڵ دەکرد، ئەگینا زۆر بێهیوا دەمێنمەوە. ئاکیم پیترۆڤیچیش هەر بێدەنگە. هەر وەک بڵێی بە ئەنقەست بێدەنگ بووە. ئەوەیان زۆر گەمژانەیە. بەهەرحاڵ لەوەدا لێی نابوورم.
- بەڕێزان! هیوادارم لێم تێک نەدابن! ڕووی دەمی کردە هەمووان. هەستی کرد ناو لەپی تەواو عارقی کردووەتەوە.
- بە هیچ شێوەیەک نەخێر دوودڵ مەبە جەنابی خاوەنشکۆ! ئێستا دەست پێدەکەین، بەڵام ئەوە تۆزێ خۆمان سارد کردەوە. ئەفسەرەکە وتی کە گەنجێک بوو کەمتر جلی سەربازی لەبەر بوو و بووکیش بە ئاسوودەییەوە سەیرێکی کرد.

پسێلدۆنیمۆڤ هەر لە جێگاکەی خۆیدا مایەوە و خۆی کەمێک چەماندبووەوە بۆ پێشەوە. لووتە چەماوەکەی زیاتر دەبیندرا. وەک خزمەتکارێک گوێی دەگرت کە پاڵتۆیەکی بەسەر قۆڵەکانیدا شۆڕکردبێتەوە و چاوڕێی گەورەکەی بێت بیداتەوە. ئەم چواندنە ئیڤان ئیلیچ خۆی دۆزییەوە. دەسەڵاتی بەسەر خۆیدا لەدەست دا و هەستێکی بە بێزاری کرد، بێزارییەکی زۆر، وەک ئەوەی زەوی لەژێر قاچەکانیدا لابچێت، وەک یەکێک چووبێتە شوێنێکی تاریکەوە و نەتوانێت لێی بێتە دەرەوە.

***

لەپڕ هەمووان خۆیان لادا، ژنێکی گۆشتینی باڵا مام ناوەندی دەرکەوت، کە تەمەنی گەنجێتیی تێپەڕاندبوو، جلێکی سادەی لەبەردا بوو بەڵام جوان. شاڵێکی گەورەی سەرشان کە بەدەرزییەک لای ملییەوە قایمی کردبوو. کڵاوێکیش کە

زۆر ڕانەهاتبوو لەسەری بکات. سینییەکی بەدەستەوە بوو شووشەیەک شەمپانیای پڕی لەسەر بوو، هەرچەند سەرەکەی کراوە بوو، دوو پەرداخیش، دیار بوو کە تەنها بۆ دوو کەس بوو.

ژنە تەمەن مامناوەندییەکە یەکسەر چووە بەردەم ژەنەڕاڵ و خۆی نووشتانەوە و سڵاوی کرد.

- بمانبوورن خاوەنشکۆ! ئەو گەورەییەتان کرد و هاتن بۆ ئێرە بۆ ئاهەنگی ژنهێنانی کوڕەکەم، بفەرموون لە خۆشی بووک و زاوای لاو پێکێک هەڵبدەن، فەرموون گەورەمان بکەن.

ئیڤان ئیلیچ پەرداخەکەی گرت، وەک یەکێ دارێک بگرێ لە خنکاندن ڕزگاری بکات.

ژنێک بوو جارێ زۆر بەتەمەن نەبوو، چل و پێنج، چل و شەش ساڵێک دەبوو زیاتر نا.

بەڵام دەموچاوێکی دڵسۆزانەی خڕی تۆزێ سوورکەڵەی کراوەی ڕووسی هەبوو. زەردەخەنەیەکی پاکیی لەسەر لێو بوو، زۆر بەسادەیی نووشتایەوە کە دڵنەواییەکی زۆری بە ئیڤان ئیلیچ بەخشی و ئاواتێکی تازەی پێدایەوە. لەسەر کەرەویتەکە هەستا و وتی:

- تۆ.. دایکی.. کوڕەی؟
- ئەوە دایکمە جەنابی خاوەنشکۆ! پسیلدۆنیمۆڤ بەدەنگێکی نزم وتی و ملە درێژ و لووتە چەماوەکەی زیاتر دەرخستن.
- ئێ بە..ڵ .. ێ، پێخۆشحاڵم، زۆر پێخۆشحاڵم بە ناسینت!
- با پێکێک لە تەندرووستییان بخۆینەوە.
- بەوپەڕی پێخۆشحاڵییەوە.

سینییەکەی دانا و پسێلدۆنیمۆڤ بەپەلە ڕایکرد شەرابەکە تێبکات. ئیڤان ئیلیچ جارێ هەر بە پێوە وەستابوو. پەرداخەکەی هەڵگرت و وتی:

- من زۆر بەختەوەرم، بەتایبەتی کە ئەم فرسەتەم بۆ هاتووەتە پێشەوە، کە لەم بۆنەیەدا بەشدار بم. بە کورتی هەر وەک لێپرسراوێکی گەورە، بۆ تۆ خانم (سەیرێکی بووکی کرد) و بۆ تۆش هاوڕێم پۆرفێری ژیانێکی ئاسوودە و بەختەوەریی.

پێکەکەی هەڵدا و هەمووی بەپەرۆشەوە خواردەوە. ئەمە حەوتەمین پەرداخی ئەم ئیوارەیەی بوو. پسێلدۆنیمۆڤ زۆر جددی و غەمگین دەیڕوانی، ژەنەڕاڵ هەستی بە ڕقێکی گەورە دەکرد بەرامبەری، ڕقێک کە ئازاری دەدا. (ئەی ئەم سەرزلە بۆ ناڵێیێ)، (ئاماژەی بە ئەفسەرەکە دا)، ڕەق و ڕەپ وەستاوە، گەر بە خۆشی هاتنی من هوتافی بکێشایە ئەوا جەوەکەی تۆزێ گەرمتر دەکرد، یەکێکی تریش چاوی لێ دەکرد و یەکێکی تریش.

- تۆش ئاکیم پیتۆڤیچ! لەخۆشی بووک و زاوا بخۆرەوە، دایکی پیر وای بە سەرۆکی لقەکە وت، تۆش سەرۆکی ئەویت، ئەویش کارمەندی تۆیە، هیوادارم ئاگات لە کوڕەکەم بێت و لە دواڕۆژیشدا لەبیرمان نەکەیت.ئەی ئازیزمان ئاکیم پیترۆڤیچ! ئەی پیاوی باش!

ئیڤان ئیلیچ بیری کردەوە: ئای ئەم پیرێژنە ڕووسانە چەند ڕەسەنن، هەمووانی دڵخۆش کرد، من هەمیشە عاشقی ڕۆحی خەڵکی سادەم. لەو ساتەدا سینییەکی تریش لەسەر مێز داندرا، خانمێکی خزمەتکار هێنای، جلێکی لەبەردا بوو خشەخشی دەهات، ناوکەفێکی لۆکەیی هەبوو دیار بوو جارێ نەشۆرابوو،

کرینۆلینی[١٤] هەبوو. سینییەکە هێندە گەورە بوو کە کچە قۆڵەکانی کورت بوون و بەشی هەڵگرتنی سینییەکەی نەدەکرد. لەسەری چەند قاپێک سێو و شیرینی، میوەی جەللی و مرەبا و گوێز و شتی تر و شتی تر. سینییەکە تا ئەو کاتە لەژووری میوان هەڵگیرابوو تا پێشکەش بە هەموان بکرێت و بەتایبەتیش بۆ خانمان، بەڵام ئیستا ئیتر هێندرایە بەردەمی ژەنەڕاڵ.

- گەورەمان بکەن بە خواردنی شتە سادەکانمان! ماڵ ماڵی خۆتانە گەورەم! دایک وای وت و خۆی نووشتانەوە.
- ببوورن، ئیڤان ئیلیچ وای وت و بە خۆشییەوە گوێزێکی هەڵگرت و لەنێو پەنجەکانی شکاندی، بڕیاری دابوو ئیتر تا دوا هەناسە زۆر سادە بێت.

لەو ساتەدا بووک دەستی کرد بە پێکەنین.

- چییە خانم؟ ئیڤان ئیلیچ بە زەردەخەنەیەکەوە پرسی و ئەو ئاماژەیەی پێ خۆش بوو.

سەری ڕاوەشاند وتی: ئەم ئیڤان کۆستێنکینیچە وام لێدەکات پێبکەنم.

ژەنەڕاڵ کوڕێکی قۆز و قژزەردی بینی لەسەر کورسییەک لەبەشی پشتەوەی کەرەویتە کە زۆر خۆی پیشان نەدەدا و بە نهێنی چرپە چرپی بوو لەگەڵ بووکدا، کوڕە هەستا و دیار بوو زۆر شەرمن و گەنج بوو.

- باسی (شیکردنەوەی خەون)[١٥]م بۆ دەکرد خاوەن شکۆ!

١٤ کرینۆلین: جۆرە تەنوورەیەک بوو کە لە سەردەمەکانی کۆندا خانمان لەبەریان دەکرد و شێوەیەکی زۆر فشی هەبوو.

١٥ شیکردنەوەی خەون: ئەم کتێبە هی شاعیری بەناوبانگ ن. ف. شیربینا (١٨٢١ – ١٨٦٨) کە کتێبێکی تەنزئامێزە تیایدا هێرش دەکاتە سەر سەرنووسەری گۆڤاری دیمۆکراتی سەفریمێنیک، نیکراسۆڤ و پانایێف لەو گۆڤارەدا ئیشیان کردووە.

بەشێوەیەک قسەی دەكرد وەک داوای لێبووردن بكات.

ئیڤان ئیلیچ بە شێوەیەكی دۆستانە پرسیاری كرد: شیكردنەوەی خەونی چی؟

- كتێبی شیكردنەوەی خەون، كتێبێكی تازەی ئەدەبییە. پێم وت گەر مرۆڤ بەڕێز پانایڤ[16] لە خەونیدا ببینێ ئەوا ئەوە دەگەێنێت قاوە بەسەر كراسەكەیدا دەڕێژێت.

(چەند منداڵانەیە)، ئیڤان ئیلیچ بە بیریدا هات و خەریک بوو بیخنكێنێت. كوڕەش سوور بووەوە كە وای وت، بەڵام زۆری شادمان بوو بەوەی لەبارەی بەڕێز پانایڤەوە باسی كرد.

خاوەنشكۆ وتی: بەڵێ.. بەڵێ ئەوەم بیستووە.

- نەخێر، ئەمەیان باشرە، دەنگێكی تر لەتەنیشت ئیڤان ئیلیچەوە بەرزبووەوە. بەم نزیكانە فەرهەنگێک دەردەچێت كە دەڵێن بەڕێز كرایڤسكی[17] هەندێ وتار لەسەر ئالفیراكی[18] و ئەدەبی ئاشكراكردن[19] دەنووسێت.

---

١٦ ئیڤان ئیڤانۆڤیچ پانایڤ (١٨١٢-١٨٦٢) لەو گۆڤارە ڕادیكاڵەدا سەفریمێنیک (بە مانای هاوچەرخ) دەستەی نووسەران بووە. بۆ زانینتان دۆستۆیڤسكی سەرنجی لەگەڵ هەندێكیاندا جیاواز بوو، ڕەخنەی زۆر هەبوو لەسەریان، بەڵام نیكراسۆفی خۆشدەویست و دوای پۆشكین بە باشترین شاعیری ڕووسیای دەژمارد.

١٧ كرایڤسكی: ئەندرێی كرایڤسكی لە ساڵی ١٨١٠ لە مۆسكۆ لەدایک بووەو لە ساڵی ١٨٨٩ لە سانكت پیترسبورگ مردووە. دانەرێكی زۆر بەناوبانگی ڕووس بووە، لە ڕاستیدا گۆڤاری سەفریمێنیک لە بنەڕەتدا هی پۆشكینی شاعیر بووە، لەساڵی ١٨٣٩ دا گرتییە دەستی بەهۆی بلینیسكییەوە نزیكییەكی زۆری لەگەڵ ڕیفۆرماتیڤە ئەوروپییەكاندا هەبوو، دوای ساڵی ١٨٤٨ بەلای كۆنسەرڤاتیڤەكاندا شكاندییەوە بۆیە تسار ئەلیكسەندەری دوو، بە دە ساڵ لە زینداندا بەندی كرد و گۆڤارەكەی لێسەندەوە.

١٨ ئالفیراكی: بازرگانێكە خەڵكی تاگانرۆگە لە ساڵی ١٨٦٠ دا مردووە. ساڵێک پێش مردنەكەی ناوی هاتە نێو مێدیاوە و بەهۆی ئەوەی ئەندام بوو لە ڕێخراوی بازرگانیی و دۆزینەوەی كار.

١٩ ئەدەبی ئاشكراكردن ناوێک بوو بۆ ئەو نووسراوانەی ئەو سەردەمە كە بەشێوەیەكی تەنزئامێزدەنووسران

ئەوەی قسەی کرد گەنجێک بوو، بەڵام هیچ نەشلەژابوو، بەڵکو کەسێک بوو زۆر باش قسەی دەکرد، دەستکێشێکی لەدەستدا بوو، سەدرییەی سپی و کڵاوەکەشی بە دەستەوە بوو. سەمای نەدەکرد و زۆر لەخۆی ڕازی بوو چونکە یەکێک بوو لە بەشدارانی گۆڤاری تەنزئامێزی (گۆلۆڤیشکە)[٢٠] و یەکێ بوو لەدەرکەوتووان و زۆر بە ڕێکەوت کەوتبووە ئێرەوە و پسیلدۆنیمۆڤ وەک میوانێکی تایبەت بانگێشی کردبوو چونکە ساڵی پار هەردووکیان تووشی هەمان ڕووداو بوو بوون. ساڵی پار لە ماڵی ژنێکی ئەڵمانیدا دەژیا و بارێکی زۆر خراپی هەبوو، دەستی کرد بە خواردنەوەی ڤۆدکا و بەم جۆرە خۆی لەژوورێکی پشتەوە حەشار دەدا، زۆربەی کەس شوێنەکەی پێدەزانی، ژەنەڕاڵیش زۆری خۆشنەدەویست.

- ئەمە بۆیە زۆر پێکەنیناوییە- لەپڕ بە خۆشییەوە ئەو کوڕە قژزەردەی باسی ڕژاندنی قاوەکەی سەر کراسی کرد پێی بڕی و ئەوەی سەدرییە سپییەکە کە لە گۆڤارەکەدا ئیشی دەکرد بە ڕقێکەوە سەیری کرد- ئەوەی کە پێکەنیناوییە جەنابی خاوەنشکۆ ئەوەیە کە دانەوەری کتێبەکە دەڵێت کە بەڕێز کرایڤیسکی بناغەکانی نووسین نازانێت و وای دەبینێت کە ئەدەبی ئاشکراکردن دەبێ نوسەرێکی بەتوانا بینووسێت.

بەڵام کوڕە قسەکەی تەواو نەکرد و لە چاوی ژەنەڕاڵدا هەستی کرد ژەنەڕاڵ لە زانیندا زۆر لە پێش ئەوەوەیە، هەموو کاتەکە خەفەت گرتی و ویستی لەبەر چاو ون بێت. بۆیە ئەو کوڕەی تری گۆڤاری گۆلۆڤیشکە زیاتر هاتە پێشەوە و دیار بوو

---

٢٠ گۆلۆڤیشکە بەمانای پشکۆ، گۆڤارێکی تەنزئامێز بوو کە زیاتر بە وێنەی کاریکاتێر دەردەکەوت و لەنێوان ساڵەکانی ١٨٥٩ تا ١٨٧٣ دەرچووە، ستیپانۆڤ و کرۆتشکین دەریان دەکرد.

دەیویست لەتەنیشت ژەنەڕاڵەوە دابنیشێت. ئەم کردەوەیەشی کەمێک بۆ ئیڤان ئیلیچ ناخۆش بوو.

ویستی باسەکە بگۆڕێت:

- بەڵێ بێزەحمەت پێم بڵی ئەی پورفیری! بۆ ناویان ناویت پسێلدۆنیمۆڤ و پسیفدۆنیمۆڤ نیت؟ من هەمیشە خۆم دەمویست ئەم پرسیارەت لێبکەم. من هەست دەکەم ناوت پسیفدۆنیمۆڤە.

پسێلدۆنیمۆڤ وتی: بەڕاستی نازانم خاوەنشکۆ!

ئاکیم پیترۆڤیچ وتی: دیارە ناوەکەیان تێکەڵاو کردووە، هەڵەیان کردووە کاتێک بۆ دۆزینەوەی ئیش ناونووسیان کردووە تا بووە بە پسێلدۆنیمۆڤ، ئەم شتانە ڕوودەدەن.

- بێگو..مان! ژەنەڕاڵ بەگەرمییەوە قسەکەی لەدەم وەرگرت. بێگومان چونکە خۆتان بڕیار بدەن: پسیفدۆنیمۆڤ لە پسیفدۆنیمەوە[21] هاتووە، بەڵام پسێلدۆنیمۆڤ هیچ مانایەکی نییە.

ئاکیم پیترۆڤیچ وتی: ئەوە هەمووی گەمژەێتییە.

- گەمژەێتیی چی؟

- خەڵکی سادە لە گەمژەێتییەوە هەندێ جار وشە ئەدەبییەکان هەڵدەگێڕنەوە و بەئارەزووی خۆیان دەیڵێن. بۆ نموونە دەڵێن نیڤالید لەجیاتی ئینڤەلید[22].

- ئەها، بەڵێ، نیڤالید، ئەها ها ها.

---

٢١ پسیفدۆنیم: بەمانای ناوی خوازراو.

٢٢ ئینڤەلید: بەمای کەسی خاوەن پێداویستی تایبەت.

- وە دەشڵێن مومەر جەنابی خاوەنشکۆ! ئەفسەرەکە ئەمەی وت چونکە دەمێک بوو بێزار بوو، دەیویست شتێک بڵێت.
- مانای چییە مومەر؟
- مومەر لەجیاتی نومەر[٢٣] خاونشکۆ!
- ئەها، ڕاستە، مومەر لەجیاتی نومەر، بەڵێ.. بەڵێ ها ها ها. ئیڤان ئیلیچ مەجبوور بوو لەبەر خاتری ئەفسەرەکەش کەمێک پێبکەنێت. ئەویش ملپێچەکەی ڕێکخستەوە.
- وە دەشڵێن نیمو[٢٤]، ئەو کوڕەی لە گۆڤاری گۆلۆڤشکا ئیشی دەکرد، هاتە ناو باسەکەوە، بەڵام خاوەنشکۆ ویستی گوێی لێنەگرێت. خۆ نابێ بۆ هەموان پێبکەنێت.

بەڵام کوڕە هەر سوور بوو لەسەر ئەوەی گوێی لێبگیرێت.

- نیمۆ لەجیاتی میمو.

ئیڤان ئیلیچ بە ڕەقییەکەوە سەیریکرد.

- ئەم زۆرلێکردنە چییە؟ پسێلدۆنیمۆڤ بەچرپە بە کوڕەکەی وت.
- بۆ چییە؟ من قسە دەکەم، قسەکردن یاساغە؟

بە چرپە چرپ کەوتنە وتووێژ، بەڵام دوایی بێدەنگ بوو، بەتووڕەبوونێکی پەنهانەوە لەژوورەکە چووە دەرەوە. یەکسەر بەرەو ژوورەکەی پشتەوە کە زۆر سەرنجڕاکێش بوو بەوەی لەسەرەتاوە بۆ سەماکاران داندرابوو، مێزێکی لێ بوو بە قوماشێکی یارسلاڤی داپۆشرابوو. دوو ڕیز ڤۆدکا، کەمێ ماسی

---

٢٣ نومەر: بەمانای ژمارە

٢٤ میمو: بەمانای بەلایدا

سـوێر، کاڤیـار[٢٥]ی لـەت، شووشـەیەکی شـەرابی زۆر بەهێزی نیشتیمانیی. ڤۆدکاکـەی بۆ خـۆی تێکرد و ڕقیش لەدڵیدا دەکوڵا، بەدوایدا قوتابیە قژبژەکەی بەشـی پزیشکی هات، یەکەم سـەماکار کە شـارەزایەکی بەتوانایە لە سـەمای کان کان[٢٦]دا لە ئاهەنگەکەی پسـێلدۆنیمۆڤدا.بە بێئارامییـەوە دەسـتی برد و پێکێکی هەڵدا

- ئیسـتا دەسـت پێدەکـەن، بـە خێرایی شوێنی خـۆی کردەوە و وتی: وەرە و سـەیر بکە! لەسـەر دەسـتەکانم سـەمایەک دەکەم، دوای نانخواردنی ئێوارەش سـەرەڕۆیی دەکـەم و سـەمای ماسـی[٢٧]دەکەم و ئـەوەش بۆ ئاهەنگەکە زۆر گونجاوە، یان ڕاسـتتر بڵێم وەک دیارییـەک بۆخانمـی پسـێلدۆنیمۆڤ، کـە جوانـە کلیۆپاتـرا سـیمیۆنۆڤا، لەگەڵیدا مـرۆڤ ئازایەتـی تێدایە هەمـوو شـتێک بکات.
- زۆر کۆنەپەرستە، کوڕەی گۆڤار وتی و پێکێکی هەڵدا.
- کێ کۆنەپەرستە؟
- لـەوێ، ئـەوەی جەللی میوەکانیان خسـتە بەردەمی، ئەو قسـەیە لەمنـەوە وەرگرە .
- تـۆ زۆری پێوە دەنێی، ورتـە ورتێکی کـرد و لـە ژوورەکە چـووە دەرەوە کاتێـک گوێی لـە دەنگی سـەمای کادریل بـوو.

کاتێک کوڕەی گۆڤاری پشکۆ بە تەنیا مایەوە، بۆخۆی ڤۆدکای

---

٢٥ کاڤیار: گەرای ماسی، یان هێلکەماسی، خواردنێکی زۆر خۆش و گرانبەهایە.

٢٦ سەمای کان کان: سەمایەکی بەناوبانگی فەرەنسییە و لە ١٨٣٠وە تا سەرەتای ١٩٠٠ زۆر ناسراوبوو، بە هەموو ئەورووپادا بڵاوبووەوە. سەمایەکە بە کۆمەڵ دەستی یەکتر دەگرن و کەمێک لە هەڵپەڕکێی خۆمان دەچێت و جوڵاندنی قاچ زۆر کاری لەم سەمایەدا هەیە.

٢٧ سەمای ماسی: سەمایەکی میللیە، تورگێنیڤی نووسەری بەناوبانگ لە چیرۆکی (وێنە کۆنەکان) دا ١٨٨١ ئاوا باسی دەکات: ئیڤان سەمایەکی زۆر سەرنجڕاکێشی کرد، سەمای ماسی، کوڕە دەچێتە بازنەکەوە، دەسووڕێتەوە و بە قاچەکانی تەپە تەپێک دەکات، ئاوازێکی وەک تەپڵ کە یەکەمجارە بێتە سەر زەوی، هەر وەک ماسییەک لەئاوەوە فڕێدرابێتە سەر وشکانیی.

تێکرد تا سەربەست و ئازاتری بکات، خواردییەوە و کەمێک مەزەی کرد بەسەریدا. ئیڤان ئیلیچی ڕاوێژکاری دەوڵەت، لەم کورەی گۆڤارەدا دیار بوو دوژمنێکی بۆخۆی دروست کردبوو. حەقکەرەوەیەکی دڵڕەق، بەتایبەتی کاتێک دوو پەرداخ ڤۆدکای خواردەوە. بەداخەوە ئیڤان ئیلیچ ئەمەی نەدەزانی و ئەوەش گرنگی پێنەدەدا کە دوایی چۆن بە خراپ لەگەڵ میوانەکانی تریشدا بۆی دەشکێتەوە. شتەکە وا بوو ئەگەر چی ئەو لەلای خۆیەوە ئەوەی خستبووە ڕوو کە بۆچی هاتووە بۆ ئاهەنگی کارمەندەکەی، بەڵام لە بنەڕەتدا کەس ئەم قسەیەی لێنەکرد و میوانەکانیش هەر لێی دووردەکەوتنەوە و لە شڵەژاندنی خۆیان بەردەوام بوون. بەڵام لەپڕ هەموو شتێک وەک سیحری لێکرابێت، گۆڕدرا. هەموو ئارام بوونەوە، ئامادەکاریان پێشان دا بۆ خۆشی و پێکەنین، هاوار و سەماکردن وەک ئەوە وا بوو کە ئەم میوانە لەم ژوورەشدا نییە. هۆکەشی ئەوەبوو چرپە چرپێک کەس نەیزانی چۆن بڵاوبووەوە، ئەویش ئەوە بوو کە میوانەکە کەمێک سەرخۆشە. گەر چی لە ساتی یەکەمدا زۆر بڕوا پێکراو نەبوو، بەڵام تۆزە تۆزە ڕاستییەکەی ئاشکرا بوو، تاهەموو شتێک زۆر ڕوون هاتە پێش چاو، دوای ئەوە یەکسەر بارێکی تەواو پڕ سەربەستی دەرکەوت، لەم کاتەشدا کاتی سەمای کادریلی هاتە پێشەوە، پێش نانخواردنی ئێوارە، ئەمەش بۆ قوتابییەکەی بەشی پزیشکی چاوەڕیی دەکرد و حەزی دەکرد زوو بێتە پێشەوە.

هەر کە ئیڤان ئیلیچ ویستی ئاوڕێک لە بووک بداتەوە و ئەم جارەیان بۆگەمەی وشەکان تاقیبکاتەوە، ئەفسەرە باڵا بەرزەکە بێ داوای لێبووردن بازی دایە بەردەمی و کەوتە سەر ئەژنۆکانی، بووکیش یەکسەر هەستا بێ ئەوەی تەنانەت

سەیرێکی ژەنەڕاڵیش بکات بە دڵخۆشییەوە دوای کەوت کە ڕزگاری بووە.

ئیڤان ئیلیچ بیری کردەوە: بێگومان ئەمە لە ڕاستیدا مافی خۆیەتی، هەرچەندە ئاگاشیان لە ئوسووڵ و نەریت نییە.

- برام پۆرفیری! بە منەوە خۆت خەریک مەکە، لەگەڵ پسیلدۆنیمۆڤ دا کەوتە قسە، ڕەنگە ئیشی ترت زۆر بێت، یان بچێت بۆ شوێنی تر، تکایە شەرم مەکە. لەنهێنی دڵی خۆشیدا وتی (ئەمە دەڵێی من دەپارێزێ یان چی؟)

هەستی کرد ڕقێکی زۆری لەم پسیلدۆنیمۆڤەیە بە ملە درێژ و نیگا ترساوەکانیەوە. بەهەرحاڵ هەموو شتێک وەک خۆی نەبوو، بە گشتی وا نەبوو وەک ئەم دەیویست، بەڵام ئیڤان ئیلیچ نەیدەویسیت دانی پێدا بنێت.

***

سەمای کادریلی دەستی پێکرد.

- ڕێگەم پێ بدە جەنابی خاوەنشکۆ!

ئاکیم پیترۆڤیچ شووشەکەی بە ڕێزەوە بەدەستەوە بوو، ئامادە بوو پێکێکی بۆ تێبکات.

- من.. من لە ڕاستیدا، نازانم، ئەگەر....

بەڵام ئاکیم پیترۆڤیچ شەمپانیاکەی بۆ تێکرد، دەموچاوی پڕ بوو لە گەشە و ڕووناکی. کاتێک پەرداخەکەی بۆ پڕ کرد، خۆی کوڕکردەوە و هاتەوە یەک و وەک دزێک بۆ خۆشی تێکرد، بەڵام سەرەپەنجەیەک کەمتر تا جیاوازییەکە ببیندرێت لەنێوان خۆی و خاوەن شکۆدا و ئەوەش وەک ڕێزێک وا بوو. وەک ژنێک وا بوو

لە کاتی ئازاری مندالبووندا کاتێک لەتەنیشت سەرۆکەکەیەوە دانیشت بوو. ئایا لەبارەی چییەوە لەگەڵیدا دەتوانێت قسە بکات؟ لەڕاستیدا ئیشی ئەم ئەوە بوو کە سەرۆکەکەی شادمان و سەرقاڵ بکات، شەمپانیا تێکردن ڕێگایەک بوو بۆ ئەوە، هەستیشی کرد کە جەنابی خاوەنشکۆ پێی خۆشە کە پێکی بۆ تێدەکات. نەک لەبەر شەمپانیاکە خۆی، چونکە کەمێک گەرم بوو تامی ڕۆنی دەدا، بەڵکو تەنها مەسەلەیەکی مۆراڵی بوو.

ئیڤان ئیلیچ بیری کردەوە (پیرەمێرد خۆی حەزی لەخواردنەوەیە و ناوێرێت بێ من بخواتەوە، بەڵام من بۆم نییە بیوەستێنم، زۆر پێکەنیناویش دەبێت گەر شووشەکەی نێوانمان هەروا بەپڕی بمێنێتەوە).

چەند قومێکی کەمی لێدا، بەهەرحاڵ ئەمە باشترە لە دانیشتن بێ هیچ شتێک.

- هاتم بۆ ئێرە، دەستی کرد بە قسە بەجۆرێک کە لەسەرهەموو وشەیەک دەوەستا-من لێرەم، گەر ڕاست قسە بکەم، بە ڕێکەوت. بێگومان کەسانی تر هەن وای نابینن، بەڵکو لە لایان زۆر ناشایستەیە، گەر بکرێ بڵێم.. کە لێرە.. لەم جۆرە.. بەیەک گەیشتنانەدا بم.

ئاکیم پیترۆڤیچ زۆر بێدەنگ بوو بەحەزلێکردنێکی زۆرەوە دەیویست زیاتر بزانێت.

- هیوادارم بزانیت بۆچی من لێرەم..... من لە ڕاستیدا نەهاتووم بۆ ئێرە تا بخۆمەوە ها ها!

ئاکیم پیترۆڤیچ ویستی لەبەر خاتری خاوەنشکۆ پێبکەنێت، بەڵام نەیکرد و جارێکی تریش هیچ قسیەکی بۆ پشتگیریی نەدرکاند.

- من لێرەم بۆ.. پشتگیریی، ڕاستتر بڵێم.. لەبەر.. شتێکی.. ئامانجێکی موراڵیی. ئیڤان ئیلیچ بەردەوام بوو لەهەمان کاتدا لە خاوخلیچکی تێگەیشتنی ئاکیم پیترۆڤیچدا بۆ باسەکە زۆر بێزار بوو. بەڵام لەپڕ لەقسە کردن وەستا کاتێک بینی کە ئەم ئاکیم پیترۆچە نەگبەتە هێندە شەرم دەکات کە نیگاکانی دابەزاندوون وەک ئەوەی تاوانبار بێت. ژەنەڕاڵ کەمێک شڵەژا و خێرا قومێکی تری لە شەرابەکەی دا. لەم ساتەدا خێرا ئاکیم پیترۆڤچ شووشەکەی هەڵگرت و بۆی تێکردەوە، وەک هەموو ڕزگاربوونی ژیانی لەسەر ئەمە وەستابێت.

(بەڵام تواناکانت کەمن)- ئیڤان ئیلیچ لەبەر خۆیەوە بیری کردەوە و بە توندییەکەوە سەیرێکی ئاکیم پیترۆڤیچی نەگبەتی کرد. ئەمیش کاتێک نیگا توندەکانی ژەنەڕاڵی بینی تا دوایی بیدەنگ مایەوە و سەری هەڵنەبڕی. بەو شێوەیە هەردووکیان بۆ ماوەی دوو خولەک مانەوە. دوو خولەکی پڕ ژان بۆ ئاکیم پیترۆڤیچ.

با دوو وشەش لەبارەی ئاکیم پیترۆڤیچەوە باس بکەین: پیاوێکی ملکەچ بوو هەر وەک مریشک. لەو قوتابخانە کۆنە بوو کە لەسەر شکاندن بەخێوکراون، بەڵام لەهەمانکاتدا پیاوێکی باش و ڕەسەن. لە رووسە پیتەربورگەکان بوو، بەو مەبەستەی باوک و باپیری هەر لێرە لەدایک بوون و خزمەتیان کردووە و قەتیش ئێرەیان جێنەهێشتووە. ئەوانە جۆرێکی تایبەتن لە رووس، کە هیچ تێگەیشتنێکیان بۆ ڕووسیا نییە، هیچ دڵەڕاوکێیەک، تەنها فۆکۆسیان لەسەر پیتەربۆرگە و بە شێوەیەکی سەرەکیش شوێنی ئیشەکەیان. هەموو حەزوخولیایان چۆتە سەر قومارێکی

کەم لەسەر یاری کاغەزی پێریفرانس[28] ، هەروەها چوون بۆ دووکانەکان و مووچەی مانگانە. هیچ داب و نەریتێکی ڕووسی نازانن، هیچ گۆرانییەک بێجگە لە گۆرانی (لۆچینوشکی)[29]. ئەمەش زیاتر لەبەر ئەوەی لەسەر شەقام دەوترێت. بەهەرحاڵ دوو نیشانەی نەگۆڕ هەن کە ڕووسێکی پیتەربۆرگی و رووسێکی ڕاستەقینە لێکجوودا بکرێنەوە. نیشانەی یەکەم هەموو ڕووسە پیتەربۆرگییەکان، هەموویان بێ ئەوەی یەکێکیان لێدەربکەیت قەت نالێین: هەواڵە پیتەربورگییەکان[30] بەڵکو دەڵێن هەواڵە ئەکادیمییەکان. نیشانەی دووەمیش گرنگە کە ڕووسی پیتەربۆرگی قەت وشەی نانی بەیانی بەکارناهێنێت بەڵکو دەڵێت فریشتیک[31] و زیاتریش فۆکوس دەخاتە سەر بەشی فری. بەم دوو نیشانەیە سەرەکییەدا دەتوانن هەمیشە لێکیان جیابکەنەوە.

بە کورتی ئەوە بێ زۆرلێکردن ئەم سی و پێنج ساڵەی دوایی نەماوە و بەکارنایەت. بەگشتی ئاکیم پیترۆڤیچ گەمژە نەبوو، گەر ژەنەڕاڵ پرسیارێکی لیبکردبایە وەڵامی دەدایەوە و بەردەوام دەبوو. زۆر گونجاو نەبوو گەر کارمەندێک وەڵامی پرسیارگەلێکی لەم جۆرە بداتەوە. هەرچەندە ئاکیم پیترۆڤیچ ئامادە بوو بسووتێ هەتا شتی زیاتری لە نیەتی خاوەنشکۆ دەستبکەوێت.

لەو ماوەیەشدا ئیڤان ئیلیچ زیاتر و زیاتر لەناو خەیاڵاتی خۆیدا نووقم دەبوو. لەوەشەوە بێ ئەوەی پێبزانێت پەرداخەکەی

[28] پێریفرانس: یارییەکی زۆر گرنگ و ئاڵۆزە بە کاغەز دەکرێت و وەک شەترەنج وایە و حیساب و کیتابی زۆرە.

[29] لۆچینوشکی: وەک چرا بەکاردەهات بۆ ڕووناکیی و گەرمایی.

[30] هەواڵە پیتەربۆرگییەکان: ڕۆژنامەیەک بوو ئەکادیمیای زانیست لە ساڵی ١٧٢٨ وە دەریدەکرد.

[31] فریشتیک: شێواندنی وشەیەکی ئەڵمانییە کە بۆ نانی بەیانی بەکاریدەهێنن.

خاڵی دەکردەوە و ئاکیم پیترۆڤیچیش یەکسەر بۆی تێدەکردەوە. هەردووکیان بێدەنگ بوون. ئیڤان ئیلیچ ماوەیەک سەیری سەماکەی کرد، شتێک تۆزێک سەرنجی ڕاکێشا، شتێک هاتە پێشەوە کە وای کرد سەری سووڕبمێنێت.

سەماکە بەڕاستی دڵخۆشکەر بوو، لەدڵەوە بە سادەیی سەمایان دەکرد بۆ ئەوەی شاد بن و خۆیان بیربچێتەوە. ئەوانەی زۆر باشیان لێدەزانی زۆر کەم بوون، ئەوانەشی کە باشیان لێ نەدەزانی قاچیان وا بە توندی دەدا بە زەوییەکەدا وا پێشانیان دەدا کە لێیدەزانن. ئەفسەرەکە یەکەمجار دەرکەوت، حەزی دەکرد هەندێ جوولەی تایبەت بکات، بەتایبەتی کاتێک بە تەنیا دەمایەوە و سەمای دەکرد. بەهەموو قیافەتی خۆی کە وەک عەموودێک وابوو خۆی بەلایەکدا دەنووشتانەوە و لەپڕ بۆ لاکەی تر وەک ئەوە وا بوو بکەوێت، ئیتر پێش ئەوەی بکەوێت جارێکی تر بەلاکەی تردا و بەهەمان گۆشەی تیژ لەگەڵ زەوییەکەدا، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا پارێزگاری لە جددیەتی دەم وچاوی دەکرد، بەجۆرێک متمانەی بە خۆی بوو کە هەمووان حەزیان دەکرد سەیری بکەن و تام لە سەماکەی وەربگرن. سەماکارێکی تر لە بەشی دووەمدا لەتەنیشت جووتەکەیەوە پێش دەستپێکردنی کادریلی خەوی لێکەوت بەهۆی زۆر خواردنەوەیەوە. بۆیە کچەکە بەتەنیا سەمای کرد. ژمێریارە گەنجەکە کە لەگەڵ ژنە ملپێچ شینەکەدا سەمای دەکرد، لە هەموو جووڵانەوەکانی ئەم ئێوارەیەیدا بۆهەر پێنج بەشی کادریلەکە یارییەکی تایبەتی پێشکەش دەکرد، ئەویش بەوەی کە لە هاوڕێ سەماکەی کەمێک دووربکەوێتەوە و چمکی ملپێچەکەی دەگرت و خۆی دەخوولانەوە و شوێنی لەگەڵدا دەگۆڕییەوە فریاش

دەکەوت بیست ماچێکی ملپێچەکە بکات، بەڵام خانمەکە بەلایدا دەڕۆشت وا خۆی پیشان دەدا کە ئاگای لەهیچ نییە. قوتابی بەشی پزیشکی بەڕاستی سەمایەکی بە تەنیا کرد و قاچەکانیشی لە هەوا بوون و هەمووانی خرۆشاند. هاوار و تەپە تەپ لە هەمووولایەکەوە بەرزبوونەوە. ئیڤان ئیلیچ زەردەخەنە کەوتە سەر لێوانی، خواردنەوەکەش کاری خۆی لێکردبوو، گومانێک بە نهێنی بەکاوخۆ بەرەو ناو ڕۆحی دەڕۆشت. بێگومان حەزی بە پێکەنین و شادی بوو، لەدڵەوە دەیویست بەوە بگات کاتێک هەمووان لیی دووردەکەوتنەوە، بەڵام ئێستا ئەم سەربەستییە هەموو سنوورێکی بەزاندووە، بۆ نموونە ئەو ژنەی کە جلە سەرتاپا شینەکەی لەبەردابوو کە لەدەستی چوار کڕیبووی، لە بەشی شەشەمی سەماکەدا، بەدەرزی تا خوارەوە هەموو لاکانی پێکەوە نابووەوە، عەزییەکە وەک پانتۆڵێک وا بوو لەبەریدا.

ئەوە خۆی ئەو کلیۆپاترا سیمیۆنایە بوو کە قوتابی بەشی پزیشکییەکە دەیوت کە مرۆڤ دەتوانێ لەگەڵیدا سەرەڕۆیی بەهەموو شتێک بکات. جا پێویست ناکات باسی قوتابییەکە خۆی بکەم کە فۆکینێک[٣٢] بوو بۆخۆی. ئەمە چۆن ڕوویدا؟ هەر کەمێک پیش ئێستا هەموو دەگەڕانەوە دواوە، کەچی وا خێرا هەموو شتێک گۆڕدرا، هەرچەندە زیان بەکەس ناگەیێنێت، بەڵام ئەم گۆڕانە کتوپڕە کەمێک سەیر بوو. ئەمە شتێکی پێدەوت، وەک ئەوەی تەواو بیریان چووبێتەوە کە کەسێک لەوێیە و ناوی ئیڤان ئیلیچە. بێگومان هەر چەندە ئەو یەکەم کەس بوو پێکەنی، گەیشتە ئەوەی چەپڵەشیان بۆ لێبدات، ئاکیم پیترۆڤیچیش دوای ئەو بە دەنگێک نزم و پڕ ڕێز پێکەنی بێ ئەوەی پێ بزانێت کە

٣٢ فۆکین: سەماکارێکی بەناوبانگی ئەوسایە لە شاری سانکت پیترسبۆرگ کە لە سەمای کانکان دا بەناوبانگ بوو، بەتایبەتی جووڵاندنی قاچەکانی.

کرمی گومانێکی تازە بەرەو دڵی خاوەنشکۆ دەڕوات و گازی لێدەگرێت.

- تۆ زۆر جوان سەما دەکەیت، ئەی کوڕی لاو. ئیڤان ئیلیچ مەجبوور بوو وا بڵێت کاتێک کوڕە دوای تەواو بوونی سەماکە بە لایدا تێپەڕی.

کوڕەکە بە گۆشەیەکی تیژ ئاوڕێکی لە ئیڤان ئیلیچ دایەوە و دەمووچاوی بۆ پێکەنین شێواند و زۆر زیاد لەئاستی خۆی لە خاوەن شکۆ نزیک بوەوە و وەک کەڵەشێر قووقاندی، ئەوە هەر زۆر زۆر بوو.ئیڤان ئیلیچ لەسەر کەرەویتەکەی هەستا و لەگەڵ ئەوەشدا هەموو دایانە قاقای پێکەنین چونکە دەنگەکەی زۆر سرووشتیی بوو. دەموچاوەکەشی زۆر سوپرایز بوو. ئیڤان ئیلیچ هەستا و زۆر سەرسوڕماو خۆی پێشان دا، لەم کاتەدا پسیلدۆنیمۆڤ هاتە بەردەمی و خۆی نووشتانەوە و داوای لێکرد بفەرمووێ بۆ نانخواردنی ئێوارە، لەو چرکەیەدا دایکیشی هات و خۆی نووشتانەوە.

- فەرموون خاوەنشکۆ، گەورەمان بکەن و لەکەمتەرخەمیمان ببوورن.
- من.. من.. بەڕاستی نازانم، من بۆ ئەوە نەهاتووم، ویستم ئیستا.. بڕۆم. ئیڤان ئیلچ وتی.

بێگومان کڵاوەکەی بەدەستەوە بوو. جگە لەوە لەو ساتەدا پەیمانی بە خۆشی دابوو بە زووترین کات بڕوات و هەرچییەکیش دەبێت نەمێنێتەوە، بەڵام مایەوە. دوای تەنها خولەکێک پێش هەموان کەوت بۆ ژوری نانخواردن. پسیلدۆنیمۆڤ و دایکی لەدوایەوە دەڕۆشتن، ڕێگایان پیشاندەدا، لە گرنگترین شوێندا دایاننیشاند. جارێکی تریش شووشەیەک شەمپانیای دەستلێنەدراو

لەلای کەوچک و قاپەکەیەوە داندرا. مەزە داندرابوو، بە دەستپێکی ماسی و ڤۆدکا. دەستی برد و پەرداخێکی گەورەی ڤۆدکای بۆ خۆی تێکرد و یەکسەر خواردییەوە. ئەمە یەکەمجار بوو تامی ڤۆدکا بکات، هەستی کرد لە شاخێکەوە بەردەبێتەوە، دێت و دەفڕێ و دەیەوێت بە شتێکەوە خۆی بگرێتەوە بەڵام ناتوانێت.

***

بە ڕاستی باری تا دەهات خراپتر دەبوو. لەگەڵ هەموو ئەمانەدا وەک ئەوەی چارەنووس یارییەکی لەگەڵ بکات وابوو. هەر خودا دەزانێت لەماوەی تەنها سەعاتێکدا کە هاتووەتە ئەم ماڵەوە دەیویست باوەش بۆ هەموو مرۆڤایەتی بکاتەوە، بۆ هەموو کارمەندەکانی. تەنها کاتژمێرێک تێپەڕی و کەچی دەزانێت و بەهەموو ئازاری دڵییەوە هەست دەکات کە ڕقی لە پسێلدۆنیمۆڤ و ژن و ئاهەنگەکەیەتی. لەگەڵ ئەوەی لە چاوانی پسێلدۆنیمۆڤیشدا هەستی بە ڕق کرد بەرامبەر خۆی، هەست دەکات سەیری دەکات و وەک پێی بڵێت: لاچۆ لەبەر چاوم ئەی بەنەفرەت بێت، دڵێی دەمخنکێنێت. هەموو ئەمانەی زۆر دەمێکە لە نیگاکانیدا خوێندبووەوە.

بێگومان تەنانەت ئێستاش ئەوەتا ئیڤان ئیلیچ دانیشتووە وپێی خۆشە دەستی ببڕنەوە وەک لەوەی لەگەڵ خۆشیدا دان بەو ڕاستییەدا بنێت کە ئەمە وایە و بەڕاستی ڕوویداوە نەک لەدەمی خەڵکەوە بیبیستێت. ئەو چرکەساتەش جاری نەهاتبوو، هەر کەمێک هاوسەنگی ئەخلاقی مابوو، بەڵام دڵی، دڵی ژانی دەکرد. دەسووتا بۆ کەمێک سەربەستی، بۆ هەوایەکی پاک، بۆ پشوو، بەڵام ئیڤان ئیلیچ پیاوێکی هەتا بڵێی باش بوو.

دەمێک بوو ئەوەی دەزانی کە کاتی ڕۆشتنی هاتووە، تەنها کاتی ڕۆشتن نا بەڵکو کاتی ڕزگاربوونیشی. لەپڕهەموو شتێک وا کەوتەوە کە نەدەبوایە وابێت. شتەکان وا گۆڕدران بەو شێوەیە نەبوو ئەم خەونی پێوە دەبینی کاتێک لەسەر شەقامەکە بوو پێش هاتنە ژوورەوە.

(ئەی باشە من بۆ هاتم، تۆ بڵێی ڕێی تێبچێت بۆ ئەوە هاتبم تا بخۆم و بخۆمەوە؟) ئەم پرسیارەی لەخۆی دەکرد کاتێک وەک مەزە ماسی دەخوارد، دەبووە دژی خۆی، گاڵتەی بە ئیشەکانی خۆی دەکرد وەک پاڵەوانێک و تێنەدەگەیشت بۆ هاتووە بۆ ئێرە؟

ئەی باشە چی بکردبایە؟ نەدەکرا بڕوات و ئیشەکەی کە لە پێناویدا هاتووە هەروا جێبهێڵێت. ئەی خەڵکی چی دەڵێن؟ دەڵێن کە من حەزم لەشوێنی نەشیاوە، بێگومان ئەمە ڕوودەدات گەر ئیشەکەم تەواو نەکەم. بۆ نموونە بەیانی ستێپان نیکیفۆرۆڤیچ و سیمیۆن ئیڤانۆڤیچ چی دەڵێن؟ هەواڵەکە لەهەموو شوێنێک بڵاودەبێتەوە، ئەی لەبەشی ڕاوێژکاری لای شێمبیلی یان لای شوبین؟ نەخێر کاتێک دەڕۆم کە هەموو کەس بزانێت بۆ هاتووم، دەبێ هۆی مۆراڵیی هاتنەکەم بزانن، ئەو چرکەساتە گرنگە هەر دیار نەبوو، لەوە دەچێ ڕێزم نەگرن، بیرکردنەوەی بەردەوام بوو، بەچی پێدەکەنن؟ هیچ هەستێکیان تێدا نەماوە. بەڵێ زۆر دەمێکە هەست دەکەم نەوەی تازە هیچ هەستێکیان نییە، هەر چییەک دەبێت، هەر دەبێت بمێنمەوە. سەمایان دەکرد، ئیستاش لە دەوری ئەم مێزە کۆبوونەتەوە، باسی مەسەلە گرنگەکانیان بۆ دەکەم، باسی ڕیفۆرم، باسی مەزنیی ڕووسیا، بەوە سیحریان لێدەکەم، بەڵێ، ڕەنگە ئێستاش درەنگ نەبێت، ئەی ئێستا چۆن

دەست پێبکەم، چۆن بتوانم بە قسەکانم بەندیان بکەم، چ ڕێگایەک بگرمە بەر؟ من گێژم و خۆم گێژ دەکەم، ئەوان چییان دەوێت؟ چییان پێویستە؟ دەیانبینم چۆن سەریان داوە بەسەر یەکەوە و پێدەکەنن، ئای خوایە هیوادارم بە من پێنەکەنن، گەر وا بێت چ سوودێکی لێ دەبینن؟ من بۆ هاتم بۆ ئێرە؟ بۆ ناڕۆم؟ دەمەوێ بەچی بکەم؟

ئەو ئاوا بیری دەکردەوە، شەرمێک، شەرمێک کە بێسنوور بوو ناو دڵی هەلا هەلا دەکرد.

***

بەڵام ڕووداوەکان وا نەبوون وەک دەبوایە وابن. لەدوای دوو خولەک لە دانیشتنی سەر مێزەکە بیرێکی زۆر دۆزەخیی بۆ هات، وای هات بە خەیاڵیدا تەواو سەرخۆشە، وەک پێشوو نەبوو، بەڵکو تەواو ئاگای لەخۆی نییە و سەرخۆشە، هەمووشی هی ئەو پێکە ڤۆدکایە بوو پێش شەمپانیاکە خواردبییەوە، کاری خێرای خۆی لێکرد، هەستی کرد کە تەواو لاوازی کردووە. هەرچەندە کەمێک ئازایەتی پێبەخشیوە، بەڵام هوشیاری لێیناگەڕێ و بەسەریدا هاوار دەکات: خراپە، زۆر خراپە، تەنانەت جوانیش نییە. بێگومان خەیاڵە مەستەکانی لەهیچ خاڵێکدا نەدەوەستان و ئارامیان نەبوو، دوو بەرەی دژ بەیەک لەناویدا کرانەوە کە تەنانەت خۆشی بەئاسانی هەستی پێدەکردن. دانەیەکیان هەستی سەرکەوتن و ئازایەتی و شکاندنی هەموو ڕێگرێک دێتە سەر ڕێگای، ئاواتی ئەوەی کە تا ئێستاش دەتوانێت چی بوێت بیهێنێتە دی. لاکەی تریان ئەو ئازارە ویژدانییە بوو، ئەو هەڵکولینی دڵە بوو: بەیانی خەڵکی چی دەڵێن؟ ئەمە چۆن تەواو دەبێت؟ بەیانی چی دەبێت؟بەیانی .. بەیانی.

لە پێشدا هەستی دەکرد کە لەناو میوانەکاندا دوژمنی نهێنی هەیە. (ئەوە، چونکە من زۆر زوو سەرخۆش بووم). هەستی بە گومانێکی ئازاراویی دەکرد، چ ترسێک ئابلووقەی دا کاتێک زانی کە ئێستا لەناو میوانەکانی دانیشتوون چەند دوژمنێک هەن، هیچ گومانێکی لەوە نەبوو.

بیری کردەوە: باشە بۆ لەبەرچی؟

میوانەکان بە نزیکەیی سی کەسێک دەبوون، هەندێکیان تەواو سەرخۆش بوون، ئەوانی تر زۆر گوێیان بە شت نەدەدا، هاواریان دەکرد و هەموو شتێکیان بە دەنگی بەرز دەوت، پێکەکانیان لە کاتی نەگونجاودا بەرز دەکردەوە، ناوکە سەموونیان دەگرتە خانمەکان. یەکێکیان بە جلێکی چەورەوە هەرلەسەرکورسییەکە دانیشت کەوتە سەر عەرزەکە و هەموو کاتی نانخواردنەکە لەوێ مایەوە. یەکێکی تریان دەیویست بچێتە سەر مێزی نانخواردنەکە، بەڵام ئەفسەرەکە چمکی پاڵتۆکەی گرت و دایبەزاند و ساردی کردەوە. نانخواردنەکە زۆر ئاسایی بوو، هەرچەندە چێشتلینەرێکیان لەدەرەوە بۆ گرتبوو، کە خزمەتکاری ژەنەڕاڵێکی تر بوو. گالینتێریان[٣٣] ئامادە کردبوو، زمان و پەتاتە. کفتە لەگەڵ بازالیا، دواجاریش قازیان هێنا، لەدوای هەمووشیانەوە محەلەبیی. لە خواردنەوەش بیرە و ڤۆدکا و شەراب، شووشەیەک شەمپانیاش تەنها بۆ ژەنەڕاڵ، کە مەجبوور بوو بۆ ئاکیم پیترۆڤیچی تێبکات، چونکە ئەو نەیدەوێرا بۆ خۆی تێبکات. بۆ میوانەکانی تریش خواردنەوەیەکی تاڵ یان هەر شتێک بێت. مێزی نانخواردنیش لە چەند مێزێک پێک هاتبوو

٣٣ گالینتێر خواردنێکە لە گۆشت و ماسی کوڵاو لەگەڵ پیاز و گوێزەر و سەوزە و هەندێ جاریش هێلکەی کوڵاوی تێدەکەن و هەر وڵاتەی بە شێوەی خۆی ئامادەی دەکات.

کە لە تەنیشت یەکەوە ڕیزکرابوون. لە نێوانیاندا مێزی بچووک بۆ یاریکردن. بە قووماشێکی یارسلاڤی ڕەنگاوڕەنگی سەرمێز داپۆشرابوون. لە تەنیشت هەموو پیاوێکەوە خانمێک دانیشتبوو. دایکی پسێلدۆنیمۆڤ نەیویست لەسەر مێز دابنیشێت، دەهات و دەچوو، بڕیاری دەدا بۆ هاتن و لابردنی شت، لە تەنیشتییەوە ژنێکی زۆر مەکرباز دەرکەوت کە تا ئەو ساتە دەرنەکەوتبوو. جلێکی سووری ئاوریشمی لەبەردابوو، کڵاوێکی درێژ کە لە هەردوولایەوە بەستبووی، دەرکەوت ئەمە دایکی بووکێیە و دواجار ڕازی بووە بەوەی ژوورەکەی دواوە بەجێبهێڵێت و بێت. ئەم ژنە تا ئەو ساتە نەهاتبوو لەبەر دوژمنایەتی خۆی بۆ دایکی پسێلدۆنیمۆڤ. بەڵام ئەمە دوایی باس دەکەین. ژنە بە نیگایەکی زۆر دڵڕەقانەوە سەیری ژەنەڕاڵی کرد، نەک ئەوە بەڵکو جۆرێک گاڵتەپێکردنیشی تێدا بوو، دیار بوو نەیویستبوو خۆی پێبناسێنێت.

ئەم بوونەوەرە لای ئیڤان ئیلیچ زۆر ترسناک بوو، هەر چەند گومانیشی نەبوو لەوەی کە کەسانی تریش هەن لە تەنیشتییەوە بێ ئەوەی بیانەوێت ئەوانیش هەر ترسناک دیاربوون. دوودڵیی و شکیان بڵاودەکردەوە. بەتایبەتی کاتێک نیگایان دەگرتە ئیڤان ئیلیچ، یان ئەو بەوشێوەیە هەستی دەکرد. ئەم هەستەشی بەدرێژایی نانخواردنەکە زیاتر دەبوو. بۆ نمونە ئەو نیگا دوژمنکارانە لە پیاوێکی ڕیشندا خۆی بینییەوە، کە هونەرمەندێکی وێنەکێش بوو، هەتا چەند جارێک سەیری ئیڤان ئیلیچی کرد و دوایش شتێکی بە گوێی دراوسێکەیدا چرپاند. یەکێکی تر قووتابی بوو کە تەواو سەرخۆش بوو، بەڵام ئەویش لەبەر هەندێ هۆ زۆر ترسناک دیار بوو. هەروەها قوتابی

بەشی پزیشکیی، ئەی ئەفسەرەکە بۆ نالێی؟ بەڵام لەهەموویان زیاتر ئەو کوڕە بوو کە لەبەشی گۆڤاری پشکۆ ئیشی دەکرد، بە شێوەیەکی زۆر نهێنی ڕقی بڵاودەکردەوە. لەسەر کورسییەک دانیشتبوو، بە متمانە و لووتبەرزییەکی زۆرەوە خۆی دەنواند. هەر چەندە کوڕە زۆر جێگای سەرنجی میوانەکان نەبوو کە لە بەشی گۆڤارەکەیدا بە چوار دێڕ خۆی کربوو بە لیبێراڵ. تەنانەت دیار بوو خۆشیان ناوێت، بەڵام کاتێک ناوکە سەموونێک هاوێژرا و لەتەنیشت ئیڤان ئیلیچەوە کەوتەوە، ئەوا گرەویی لەسەر ئەوە کرد دەستیشی ببڕنەوە ئەوا هەر دەزانێ ئەوەی هاویشتوویەتی کوڕەی گۆڤارەکە بووە. هەموو ئەم شتانە بێگومان کارێکی زۆر خراپیان کردە سەر ئیڤان ئیلیچ. تێبینییەکی تریش جێگای دوودڵیی بوو، ئەویش ئەوە بوو کە ئیڤان ئیلیچ هەستی دەکرد زمانی زۆر گۆ ناکات و وشەکان باش نایەنە دەرەوە هەر چەند دەیویست زۆر قسە بکات، بەڵام نەیدەتوانی، هەر وەک ئەوەی لەپڕ شتی بیربچێتەوە وا بوو، هەر لەخۆیەوە بێ هۆ بەدەنگی بەرز هەناسە دەدات یان پێدەکەنێت کاتێک هیچ پێویست بە پێکەنین ناکات. بەڵام ئەم بارە زوو ون بوو کاتێک ئیڤان ئیلیچ پێکێک شەمپانیای بۆخۆی تیکرد، هەرچەند حەزی نەکرد بیخواتەوە بەڵام هەر خواردییەوە. دوای ئەم پێکە هەر لەخۆیەوە حەزی کرد بگری، هەستی کرد کەوتووەتە ناو هەستیارییەکی ناسروشتییەوە، دیسانەوە هەستی کرد کە هەموانی خۆشدەوێ، تەنانەت پسێلدۆنیمۆڤیش، تەنانەت کوڕەی گۆڤاری پشکۆش. حەزی کرد باوەش بەهەموویاندا بکات و هەموو شتێکی بیربچێتەوە، ئاشت بێتەوە، لەهەمووشی گرنگتر ئەوەیە بە ڕاستگۆیی هەموو شتێکیان بۆ باس بکات، هەموو شتێک، باسی ئەوەی پیاوێکی باش هەیە، هەتا بڵێی دڵسۆزە،

هەتا بڵێی نیشتیمان پێویستی پێیەتی، قسەی خۆش بۆ خانمان دەکات و دەیانخاتە پێکەنین، لەهەمووشی گرنگتر ئەوەیە کەسێکی پێشکەوتووخوازە، وەک مرۆڤێک ئامادەیە دابەزێت بۆ هەموو ئاستەکان، بۆ نزمترین کەس. دواجار و لە کۆتاییدا باسی ئەو هۆیانەیان بۆ بکات کە چی وای لێ کردووە بێ ئەوەی بانگێش کرابێت، بۆ ئاهەنگی پسێلدۆنیمۆڤ بێت، دوو شووشە شەمپانیا بەخۆشی ئەوەوە بخواتەوە و بە هاتنی بەختەوەری بکات.

(ڕاستیی، ئەو ڕاستییە پیرۆزە دەرکەوت، ڕاستگۆیی، هەر بە ڕاستگۆیی دەیانگەمێ، ئەوانیش بروام پێدەکەن، دەیانبینم کە زۆر دوژمنکارانە سەیرم دەکەن، بەڵام کاتێک هەموو شتێکیان بۆ ئاشکرا دەکەم، بەسەریاندا سەردەکەوم، پێکەکانیان بەرزدەکەنەوە و لە خۆشی من دەخۆنەوە و هاوار دەکەن، ئەفسەرەکەش زۆر دڵنیام پەرداخەکەی دەشکێنێت و هاواری سەرکەوتن دەکات هورا! گەر ویستیان بەشێوەی ئەسپسواری پێشوازیم لێبکەن، پێم خۆش دەبێت و شتێکی خۆشە، ماچێکی ناوچەوانی بووک دەکەم، خانمێکی جوانە، هەروەها ئاکیم پیترۆڤیچیش پیاوی چاکە، من بزانم پسێلدۆنیمۆڤیش دوایی خۆی چاک دەکات، تەنها ستایلی جوانی خۆی نییە، هەر چەندە هەموو ئەم نەوە تازەیە ئەو ستایلەی نییە، ئەو دڵەی هەستیار بێت و هەست بە شتەکان بکات. بەڵام من، من باسی گرنگی ڕووسیایان لەناو وڵاتە ئەورووپییەکاندا بۆ دەکەم، باسی بارودۆخی جووتیاران، دوای ئەوە منیان خۆشدەوێت، هەموویان، کاتێک لێرە دەڕۆم دەمپەرستن.

ئەم ئاواتانە بێگومان جوان بوون، بەڵام ئەوەی جوان نەبوو ئەوە بوو کە ئیڤان ئیلیچ لەناو ئەم هەموو ئاواتە ڕەنگاوڕەنگانەدا،

لەناو خۆیدا توانایەکی سەرسووڕهێنەری ئاشکرا کرد ئەویش سەلیقەی تف کردن بوو. بەهەر حاڵ کەمێک لیک لەدەمییەوە، بێ ئەوەی دەسەڵاتی بەسەردا بشکێت هاتە دەرەوە، ئەوەی هەستی پێکرد و پێی زانی ئاکیم پیترۆڤیچ بوو کە کەمێک لیک لەسەر ڕوومەتی نیشتەوە. وەک پیشاندانی ڕێزێک زۆر بەئاشکرا نەیوێرا یەکسەربیسڕێت. ئیڤان ئیلیچ خۆی دەستەسڕێکی هەڵگرت و بۆی سڕی. خۆی یەکسەر بۆی دەرکەوت ئەم کردەوەیە زۆر ناشیرین بوو، بگرە جێگای شەرمیش بوو، بێدەنگ بوو، سەری سووڕما کە ئاکیم پیترۆڤیچ لەشوێنی خۆی سڕ بوو هیچی نەووت، هەر چەندە ئەویش زۆری خواردبووەوە. ئیڤان ئیلیچ وای بۆ چوو کە ئەمە یەک چارەکی تەواوە لەبارەی شتێکی بێبایەخەوە قسەی بۆ دەکات. بەڵام ئاکیم پیترۆڤیچ گوێی لێدەگرێت و دەشڵەژێت و لێیدەترسێت. هەروەها پسێلدۆنیمۆڤیش کە لەنزیکەوە دانیشتبوو، ملی هێنابووە پێشەوە و بە شێوەیەکی زۆر نارەحەت گوێی دەگرت. وەک یەکێک ئاگای لێی بێت. سەیرێکی میوانەکانی کرد، سەیر دەکات زۆربەیان سەیری دەکەن و پێدەکەنن. بەڵام لەهەموو شتێک سەیرتر ئەوە بوو لەگەڵ هەموو ئەم شتانەشدا هیچ شڵەژانێکی پێوە دیار نەبوو، بەڵکو بە پێچەوانەوە کەمێکی تریشی خواردەوە دەستی کرد بە قسەکردن تا هەمووان گوێیان لێبێت.

- لە پێشدا باسی ئەوەم کرد. بەدەنگی بەرز وتی، لە پێشدا ئەوەم وت کە، بەڕێزان، ئێستاش بە ئاکیم پیترۆڤیچم وت کە ڕووسیا.. بەڵێ.. ڕووسیا، بەتایبەتی.. ئێوە دەزانن من دەمەوێ بڵ..ێ..م، ڕووسیا بە ڕای من بە ڕۆحی مرۆڤا..یە.. تیدا تێدەپەڕێت.

لەو بەری مێزەکە دەنگێک هات: ڕۆ، ڕۆ

ئیڤان ئیلیچ وەستا. پسیلدۆنیمۆڤ هەستا و سەیرێکی کرد بزانێ کێ بوو هاواری کرد؟ ئاکیم پیترۆڤیچ سەرێکی بادا و شەرمی کرد کە میوانی وای لێیە. ئیڤان ئیلیچ تێبینی کرد، بەڵام بە ئازارەوە بێدەنگ بوو.

- ڕۆحی مرۆڤایەتی! بەکەلەڕەقی خۆیەوە بەردەوام بوو، پێش ئێستا بە .. تەنها پێش ئێستا بە ستێپان نیک..ی.. فۆ.. رۆڤیچم وت، بەڵێ کە .. تازەکردنەوەی شتەکان، گەر مرۆڤ بتوانێ وا بڵێت.....

دەنگێکی بەرز لەو بەری مێزەکەوە هات:

- جەنابی خاوەنشکۆ!
- فەرموو چیت دەوێ؟

ئیڤان ئیلیچ هۆشی بەخۆی هاتەوە و ویستی بزانێت ئەوە کێ بوو هاواری کرد.

- هیچم ناوێت خاوەنشکۆ! هەروا قسەم کرد، فەرموون بەردەوام بن.

ئیڤان ئیلیچ جارێکی تریش دەستیپێکردەوە.

- تازەکردنەوەی هەموو شتەکان، گەر ئینسان بتوانێ شتێکی وا بڵێت.

دەنگەکە جارێکی تریش هاتەوە.

- جەنابی خاوەنشکۆ!
- چیت دەوێ؟
- سڵاو

ئەمجارەیان ئیڤان ئیلیچ ئارامی نەماو قسەکەی بڕی و ڕووی کردە ئەو کەسەی پێی دەبڕێ و سووکایەتی پێدەکات، قوتابییەکە بوو کە تەواو سەرخۆش و گومانلاویی بوو. دەمێک بوو هاواری دەکرد، دوو قاپ و پەرداخێکی شکاندبوو و دەشیووت لە ئاهەنگەکاندا ئەم شت شکاندنە ئاساییە. لەم ساتەدا کە ئیڤان ئیلیچ سەیری دەکرد، ئەفسەرەکە پاڵێکی توندی پێوە نا

- بۆ دەنگ بەرزدەکەیتەوە، باشترە دەربکرێیت.

ببوورن خاوەنشکۆ! ببوورن فەرموون بەردەوام بن. قوتابییە سەرخۆشکە وتی و چووەوە شوێنەکەی خۆی و - بەردەوام بن، ئەوە گوێ دەگرم و زۆریش بەختەوەرم، زۆر باشە، زۆر باشە.

پسێلدۆنیمۆڤ وتی: نەگبەتە سەرخۆشە

- دەبینم سەرخۆشە، بەڵام..
- پێش تۆزێک بەسەرهاتێکی زۆر سەیرم گێڕایەوە جەنابی خاوەنشکۆ، ئەفسەرەکە وتی، باسی ملازمێکم کرد لە یەکەکەی ئێمە هەر بەم شێوەیە قسەی لەگەڵ سەرۆکەکەمان دەکرد، ئەمیش لاسایی ئەو دەکاتەوە. دوای هەموو دێڕێکی سەرۆک ئەویش دەیوت.. زۆر باشە، زۆر باشە. پێش دە ساڵ دەریان کرد وەک سزایەک بۆ کردەوەکەی.
- ئەو مولازمە کێ بوو؟
- لە یەکەکەی ئێمە بوو خاوەن شکۆ، هەر شێت بوو بەم باشە باشەیە، لە پێشدا هەوڵیان دا تۆزێ بەخۆیدا بچێتەوە و شەرم بکات، دوایی دەستبەسەر بوو، سەرۆک هەر دەیویست بە شێوەیەکی باوکانە لەگەڵیدا بجوڵێتەوە و ئەویش هەر زۆر باشە زۆر باشەی بوو، هەرچەندە ئەفسەرێکی باشیش بوو،

درێژییەکەی(سێ ئانیشک و دوو پەنجە دەبوو)[٣٤]، ویستیان بیدەنە مەحکەمە، بەڵام بۆیان دەرکەوت تۆزێ شێتۆکەیە و مێشکی تەواو نییە.

- کەواتە وەک ئەم قوتابییە بوو، بەرامبەر ئەمانە مرۆڤ پێویست ناکات زۆر توند بێت.

من لای خۆمەوە ئامادەم لێی خۆش بم.

- بە شێوەیەکی پزیشکی سەلماندیان کە مێشکی تەواو نییە، خاوەنشکۆ!

- چۆن توێکاریان.. بۆ.. کرد؟

- نەخێر گەورەم، ئەو زیندوو بوو.

دەنگی پێکەنینێکی زۆر لەهەموو لایەکەوە، لە ناو میوانەکانەوە بەرز بووەوە.

ئیڤان ئیلیچ زۆر تووڕە بوو.

- بەڕێزان، بەڕێزان! هاواری کرد، هەناسەی توند بوو، -من دەزانم کەسی زیندوو توێکاری بۆ ناکرێت، وام زانی کاتێ مێشکی لەدەست داوە ئیتر مردووە، دەمەوێ بڵێم.. ئێوە.. منتان خۆش ناوێت، بەڵام من ئێوەم خۆشدەوێت. بەڵێ پۆرفیریشم خۆشدەوێ، دەزانن من خۆم نزم دەکەمەوە کاتێک وا قسە دەکەم.

لەم کاتەدا تفێکی زۆر لەدەمی ئیڤان ئیلیچەوە هاتە دەرەوە، کەوتە سەر مێزەکە و زۆر بەجوانی دیار بوو، پسێلدۆنیۆڤ ویستی بیسڕێت، بەڵام ئەم ڕووداوەی دوایی تەواو ژەنەڕاڵی تێک و پێک شکاند.

٣٤ سێ ئانیشک و دوو پەنجە: ئەوسا پێوانە بە سانتیمەتر و مەتر نەبوون، بەڵکو بە ئانیشک و پەنجە و ئەوشتانە بوون، نەک تەنها لە ڕووسیا، بەڵکو لەهەموو ئەورووپاشدا هەروا بوو.

- بەڕێزان، ئەمە ئیتر بەسە، لە ناچاریدا هاواری کرد.
- سەرخۆشیت گەورەم! پسیلدۆنیمۆڤ بە چرپە وتی.
- پۆرفیری! من وای دەبینم کە تۆ..هەمووتان..بەلێ.. دەمەوێ بلێم کە ئاواتمە.. بەلێ، تەحەداتان دەکەم گەر بلێن..بە چ شتێک من لە نرخی خۆم کەم دەکەمەوە.

خەریک بوو دەگریا

- ببوورن خاوەنشکۆ!

پۆرفیری! من قسە لەگەڵ تۆ دەکەم.. پێم بلێ..کە هاتم بۆ ..ئێرە..بەلێ..بەلێ..بۆ ئاهەنگەکەت. ئامانجێکم هەبوو، دەمویست کەمێک وەک مەسەلەیەکی موراڵ لە پلەوپایەت بەرز بکەمەوە. دەمویست هەست بکەیت کە ..من لەگەڵ هەمووتانمە. ئایا من لە چاوی ئێوەدا قێزەوەنم؟

هەموو بێدەنگ بوون وەک بێدەنگی گۆڕ. مەسەلە ئەوەیە، بێدەنگی چەشنی گۆڕ. پرسیارێکی ڕاستگۆیانەی لەم چەشنە بەخەیاڵی ژەنەڕاڵدا هات. (باشە بۆ لەم کاتەدا بێدەنگن و هیچ نالێن؟) بەلام میوانەکان بێدەنگ بوون و تەنها سەیری یەکتریان دەکرد. ئاکیم پیترۆڤیچ نە زیندووە نە مردوو. پسیلدۆنیمۆڤ دەلێی هەورە برووسکەی ترس لێیداوە. لەلای خۆشی پرسیارێکی ترسناک هەمیشە خەبەری دەبێتەوە: بەیانی چیم لەدەست دەچێت؟

کوڕەی گۆڤاری گۆلۆڤیشکا زۆر سەرخۆش بوو، بەلام لەخەیالاتی خۆیدا نوقم بوو بوو، کەچی دەستی کرد بە قسەکردن لەگەڵ ئیڤان ئیلیچدا و لە جیاتی هەمووان وەلامی دایەوە، چاوەکانی داگیرسابوون.

- بەڵێ، گەورەم، بەدەنگی بەرز هاواری کرد: بەڵێ گەورەم! بەڵێ لە نرخی خۆتت زۆر کەم کردەوە.بەڵی تۆ زۆر کۆنەخوازیت، کۆنە..خواز.
- ئاگات لەدەمت بێ ئەی لاو! بزانە لەگەڵ کێ قسە دەکەیت. ئیڤان ئیلیچ هاواری کرد بەسەریدا و لەشوێنی خۆی هەستا.
- لەگەڵ تۆ قسە دەکەم، دووەمینیش من لاو نیم و تۆش هاتوویت بۆ ئێرە تا پڕووپاگەندە بۆ خۆت بکەی.

ئیڤان ئیلیچ هاواری کرد : پسێلدۆنیمۆڤ! ئەمە چییە؟

بەڵام پسێلدۆنیمۆڤ لە ترسێکی گەورەدا بوو، وەکو عەموودێک وەستابوو، نەیدەزانی چی بکات. میوانەکانی تریش لەشوێنی خۆیاندا بەستبوونی. شێوەکار و قوتابییەکە چەپڵەیان لێدا و هاواریان کرد، بژیت، بژیت.

کوڕی گۆڤارەکە بەردەوام بوو: بەڵێ هاتیت تا باسی ڕۆحی مرۆڤایەتیمان بۆ بکەیت، خۆشییەکەت لە هەمووان تێکدا، شەمپانیات خواردەوە و پرسیارت لەخۆت نەکرد دەبێ چەند گران بێت بۆ کارمەندێک کە تەنها دە ڕۆبڵ مووچەکەیەتی. من گومانم نییە تۆش یەکێ بیت لەو سەرۆکانەی کە تەماع دەکەنە ژنی گەنجی کارمەندەکانیان. تۆش دیارە لایەنگیری ئەو کەسانەی کە باج لە هەژاران دەسەنن.بەڵێ..بەڵێ.. بەڵێ.

- پسێلدۆنیمۆڤ، پسێلدۆنیمۆڤ! ئیڤان ئیلیچ هاواری کرد و دەستی یارمەتی بۆ درێژ کرد. هەستی کرد هەر وشەیەکی تازەی تر لە کوڕەی گۆڤارەکەوە یەکسەر وەک چەقۆ بەر دڵی دەکەوێت.
- هەر ئێستا گەورەم، دوودڵ مەبن، پسێلدۆنیمۆڤ هاواری کرد و خۆی گورج کردەوە و یەخەی کوڕەی گۆڤاری گرت و لە

مێزەکە دووری خستەوە. زۆر سەیر بوو کە پسێلدۆنیمۆڤێکی لاواز ئەو هێزە زۆرەی هەبێت. بەڵام کوڕەی گۆڤار تەواو سەرخۆش بوو، پسێلدۆنیمۆڤ هیچی وای نەخواردبووەوە، بە هەردوو دەستی دوو سێ کۆڵەمستەی لە پشتی دا و بەرەو دەرگاکەی برد، بۆ دەرەوە.

- هەموتان نائینسانن، سبەینێ لە گۆڤارەکەمدا هەمووتان دەکەم بە کاریکاتێر.

هەموو لەشوێنی خۆیان بەرز بوونەوە.

خاوەنشکۆ، خاوەنشکۆ! پسێلدۆنیمۆڤ، دایکی و میوانەکان لە نزیک ژەنەڕاڵەوە کۆببوونەوە وهاواریان دەکرد:

هێمن ببنەوە، تکایە خاوەنشکۆ!

- نەخێر، نەخێر، ژەنەڕاڵ هاواری دەکرد، من تێکشکام. من هاتم بۆ ئێرە تا وەک باوکی ڕۆحی ئاگام لێت بێت. سەیر بکە چیم لێهات؟

بەهەردوو دەستەکانی خۆی بە مێزەکەوە گرتبوو، دەتووت لەهۆش خۆی چووە، سەری خستە سەر مێزەکە و کەوتە ناو محەلەبییەکەوە. ئەوە هیچ هەر باسی ئەو ترسە ناکەم نیشتە سەر سیمای هەمووان. دوای خولەکێک هەستا و ویستی بڕوات، دەلەرزی و قاچی بەر قاچێکی مێزەکە کەوت و کەوتە سەر عەرزەکە و دەستی کرد بە پرخە پرخ.

ئەمە لەو کەسانە ڕوودەدات کە مەشروبخۆر نین و لەپڕ وا ڕوودەدات زۆر دەخۆنەوە، تا دوا هەناسە هۆشیان لای خۆیانە و دوای ئەوە ئیتر لەپڕ وەک فییان لێهاتبێت دەکەون. ئیڤان ئیلیچ هیچ هۆشی نەبوو، پسێلدۆنیمۆڤ بەدەستەکانی قژی

خۆی ڕاکێشا، وا مایەوە، میوانەکان بەرە بەرە بڵاوەیان لێکرد، هەریەکەیان بەجۆری خۆی ئەم بەسەرهاتەی گێڕایەوە، لەم کاتەشدا کاتژمێر بوو بە سێی بەیانی.

***

لەهەمووی گرنگتر ئەوە بوو کە باری پسێلدۆنیمۆڤ زۆر لەوە خراپتر بوو مرۆڤ بیتوانیبایە وێنای بکات. با واز لە ئیڤان ئیلیچ بهێنین کەلەسەر زەوییەکە کەوتووە و پسێلدۆنیمۆڤیش بەسەر سەرییەوە لەژان و ئازاردا هەردوو دەستی لەناو قژیدایە، کەمێک لە ڕێرەوی ئەو چیرۆکەی دروستمان کردووە ببڕین و هەندێ وشە لەبارەی پۆرفێری پیترۆڤیچ پسێلدۆنیمۆڤ خۆیەوە باس بکەین.

هەر پێش مانگێک لە ژنهێنانەکەی لە ماندووبوونێکی وادا بوو هەر تەواو خەریک بوو لەناوی بەرێت. خۆی لە هەرێمێکی ترەوە هاتبوو کە باوکی ئیشی لێدەکرد و هەر لەناو مەحکەمەدا مرد. پێش پێنج مانگێک لەم ژنهێنانە ئیشێکی دەستکەوت بە مووچەی دە ڕۆبڵ لە مانگێکدا، ئەمە بێگومان دوای ساڵێکی تەواو لە برسێتییەکی بەئازار لە پیتەربورگدا، ئەم دۆزینەوەی ئیشەش ژیانێکی تازەی پێبەخشی. بەڵام زوو باری ناهەموار یەخەی گرتەوە. خێزانەکەیان تەنها دوو کەس مانەوە، خۆی و دایکی کە لەگەڵ کوڕەکەیدا ڕۆشت دوای مردنی مێردەکەی. دایک و کوڕ لە سەرما و برسێتیدا هەڵدەلەرزین و بەدوای پاشماوەی خواردندا لەم لاوئەولا دەگەڕان. کات هەبووە پسێلدۆنیمۆڤ بە خۆی و دۆلکەیەکەوە بەپێ تا سەرچاوەی ئاوی فۆنتانکی دەڕۆشت تا تۆزێک ئاو لەگەڵ خۆیدا بهێنێتەوە. دوای ئەوەی ئەم ئیشەی دەست کەوت، توانی لە سووچێکدا شوێنێک بەکرێ

بگرێت. دایکیشی دەستی کرد بە ئیش کردن و جلشتنی خەڵک لە ماڵاندا، کوڕەش چوار مانگ پارەی کۆکردەوە تا توانی پێڵاو و پاڵتۆیەک بکڕێت. ئای چەند دڵڕەقییان لە فەرمانگا بەرامبەری دەنواند، بەڕێوەبەرەکان لێی نزیک دەبوونەوە و پرسیاریان لێدەکرد کە چەند مانگە خۆی نەشتووە. دەیانوت کە قالۆنچەکان لەناو یەخەی کراسەکەیدا ماڵیان کردووە.

بەڵام پسێلدۆنیمۆڤ سروشتێکی ڕەقی هەبوو. لەڕووی دەرەوە هێمن و گوێڕایەڵ. لە خوێندندا بەخت یاری نەبوو، قسەی زۆر نەدەکرد. نازانم بیریدەکردەوە یان نا؟ نازانم گەر هیچ پڕۆژە و پلانێکی هەبووبێت، خەونی هەبوو یان نا؟ بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەدا هێزێکی گەورەی لەخۆوە هەبوو کە بەسەر گرفتەکانیدا زاڵ بێت. هەر وەک مێروولە وا بوو، ماڵی مێروولە تێک بدەرەوە، دروستی دەکاتەوە، جارێکی تر تێکی بدەرەوە، هەر دروستی دەکاتەوە و ئاوا جار دوای جار. بوونەوەرێکە ماڵ دروست دەکات. بە ناوچەوانیدا دیار بوو کە ڕێگایەکی باشی بڕیوە بۆ پێکهێنانی ماڵی خۆی، هێلانەیەک پێوستی بەوەیە پارەی بۆ کۆبکاتەوە. لەوە دەچوو تەنها کەسێک لەدونیادا خۆشی بوێت دایکی بێت. خۆشەویستییەکی بێسنوور. ژنێکی ئازای ئیشکەر، نەیدەزانی ماندوو بوون چییە، لەگەڵ ئەوەشدا ژنێکی باش. دەکرا پێنج تا شەش ساڵی تریش بەو شێوەیە ژیان بەڕێبکەن تا باری ژیانیان کەمێک باشتر دەبوو، گەر کۆنە ڕاوێژکاری تیتولاری[35] خانەنشینکراو ملێکۆپیتایڤیان نەبینیبایە. کاتی خۆی ئەم ڕاوێژکارە لەگەڵ باوکی پسێلدۆنیمۆڤدا کە ڕۆژێک لەڕۆژان یارمەتی دابوو پێکەوە ئیشیان کردووە و

---

٣٥ تیتولار کارێک بوو لەفەرمانگە حکومییەکانیدا لە سەدەی نۆزدە و سەرەتای بیست لە رووسیا و فینلاند هەبوون، ئیشێک لە پلەی نۆیەمدا ئەژمار دەکرا.

ئێستا بە خۆی ماڵ و منداڵەوە هاتووەتە پیتەربۆرگ. ئەو پسێلدۆنیمۆڤی دەناسی و وەک شتێک خۆی بەقەرزاری باوکی دەزانی. هەر چەندە پارەی هەبوو بەڵام زۆریش نا. کەس نەیدەزانی چەند پارەی هەیە، نە ژنەکەی، نە کچە گەورەکەی، نە خزمەکانی. دوو کچی هەبوو، لەبەرئەوەی پیاوێکی زاڵمی سەرخۆشی کەلەڕەق بوو، لەهەمان کاتیشدا نەخۆش، بە خەیاڵیدا هات یەکێک لە کچەکانی بەشوو بداتە پسێلدۆنیمۆڤ و وتی: من باوکی دەناسم ئینسانی چاک بوو، کوڕەکەشی باش دەردەچێت. ملێکۆپیتایڤ هەرچی بویستایە دەیکرد، هەرچی دەوت، دەیکرد. کەلەڕەقێکی سەیر بوو، هەمیشە لەسەر کورسییەک دادەنیشت، بەهۆی نەخۆشییەکییەوە نەیدەتوانی بڕوات، بەڵام ئەوە ڕێگەی خواردنەوەی ڤۆدکای لێ نەگرتبوو، جاری وا هەبووە هەموو ڕۆژەکە دەیخواردەوە و جنێوی دەدا. پیاوێکی دڵڕەق، هەمیشە پێویستی بەیەکێک بوو بێ هۆ ئازاری بدات، بۆ ئەوەش هەندێ لە خزمە دوورەکانی هێنابوو: خوشکە شەڕانییە نەخۆشەکەی، هەردوو خوشکی ژنەکەی، ئەوانیش دڵڕەق و چەنەباز، پوورە پیرەکەی کە قۆڵێکی لە ڕوداوێکدا شکابوو. ژنێکی ئەڵمانیش تەنها لەبەر ئەوەی توانای هەبوو لە گێڕانەوەی حیکایەتەکانی هەزارویەک شەوە.

هەموو خۆشییەکی بوو بوو بەوەی چۆن ئەم خانمە نەگبەتانە توورە بکات و هەر چرکەیەکیش بیەوێت خراپترین جنێویان پێبدات. هەموو ئەم خانمانەش هیچ یەکێکیان لەبەردەمیدا نەیاندەتوانی وشەیەک بڵێن بە ژنەکەی خۆشییەوە کە لە منداڵییەوە دانی دەیەشاَ، لەگەڵ یەکتریدا بەشەڕی دەدان، درۆ و بوختانی بەناوی یەکترەوە بۆهەڵدەبەستن تەنها بۆ ئەوەی

دوایی پێبکەنێت و دڵی خۆش بێت. پێدەکەنی کاتێ دەیبینی لەگەڵ یەکتریدا شەڕ دەکەن. زۆر دڵی بەوە خۆش بوو کاتێک بینی کچە گەورەکەی بە بێوەژنیی، کاتێک ئەفسەرەکەی مێردی دەمرێت دوای دە ساڵ ژیانی هەژاری لەگەڵیدا، بە خۆی و سێ منداڵە نەخۆشەکانییەوە هاتنەوە لای ئەم هەرچەندە حەزی لە منداڵەکانی نەبوو، بەڵام بەختیار بوو بەوەی بوونیان لەمماڵەدا بۆ لابوورە ڕۆژانەییەکانی زۆر پێویستن. ئەم هەموو ژنە شەڕکەر و خراپانە، ئەم هەموو منداڵە نەخۆشانە لە خانووەیەکی تەختەدا، لەدەوروبەری پیتەربۆرگ تێکترنجاون. خواردنێکی زۆریان نەبوو چونکە پیرەپیاو ڕەزیل بوو، دەستی بە پارەوە بوو، بەڵام بۆ خواردنەوەی ڤۆدکای خۆی دڵی زۆر فراوان بوو. خەوی لێنەدەکەوت بۆیە دەیویست ئەوان بەکاربهێنێ بۆ پڕکردنەوەی کاتەکانی. بە کورتی هەمووان نەفرەتیان لەو چارەنووسە دەکرد لەو ماڵەدا لەگەڵ ئەودا کۆی کردوونەتەوە. ئەوە ئەو کاتە بوو ملێکۆپیتایڤ چاوی بە پسێلدۆنیمۆڤ دەکەوێت. لووتە خوارەکەی و سیما ملکەچەکەی بەدڵ بوو. ئەو کاتە کچە بچووکە لاوازەکەی بوو بوو بە حەڤدە ساڵ، هەرچەندە دەچووە قوتابخانەیەکی ئەڵمانی، بەڵام لە ئەلف بایەک زیاتر فێری هیچ نەبوو، دوایی کە گەورە بوو تووشی نەخۆشی سنگ بوو، تێکشکاو لەژێر دارەکانی باوکیدا، باوکێک بێقاچ و سەرخۆش لەسەر کورسییەک، لەناو ئەو هەموو شەڕ و بوختان و ئاژاوەی ماڵەوەیدا. نە هاوڕێیەکی هەبوو نە بیرکردنەوەیەک. کچە زۆر دەمێک بوو حەزی دەکرد شوو بکات، لە بەردەمی خەڵکدا زۆر هێمن و بێدەنگ، لەماڵیشەوە لای دایکی، دڵڕەق وەک سووژن. زۆر حەزی لە چڕنووق و لێدانی منداڵەکانی خوشکەکەی بوو، تاوانباریان بکاتبە دزینی شەکر و نان. هەمیشە لەنێوان خۆی

و خوشکە گەورەکەیدا شەڕێک هەبوو نەدەکوژایەوە. پیرەپیاو خۆی ویستی کچەکەی پێشکەش بە پسێلدۆنیمۆڤ بکات، ئەمیش کاتێکی ویست بۆ بیرکردنەوە. هەرچەند هەژار و بێدەرەتان بوو بەڵام لەگەڵ دایکیدا بیرێکی زۆریان لێکردەوە. بەڵام ئەوەی باش بوو کچە خانوویەکی بە تەختە دروستکراوی بە تاپۆ بەناوەوە کرابوو. هەرچەندە خانوویەکی هیچ و سادەش بوو، بەڵام خانوو بوو، نرخی خۆی هەبوو. لەگەڵ ئەم خانووەدا چوارسەد ڕۆبڵیشی لەگەڵدا بوو، لە کوێی بوو ئەم هەموو پارەیە کۆبکاتەوە. پیرەپیاوی سەرخۆش هاواری دەکرد: ئێوە دەزانن بۆ من پیاوێک لەماڵەکەی خۆمدا قبووڵ دەکەم؟ یەکەم، چونکە ئێوە هەموتان خانمن، من بێتاقەت بووم لەگەڵ خانماندا بژیم. دەشمەوێت پسێلدۆنیمۆڤ لەسەر دڕکەکانی من سەما بکات. دەمەوێ ئەوە بزانێت  کە قەرزاری منە و باشەم بەسەرییەوە هەیە. بۆیە قبووڵی دەکەم، دووەمینیش: چونکە هەمووتان ناتانەوێ و دژی ئەوەن، ئەوەش تووڕەتان دەکات، من ئەمە دەکەم بۆ تووڕەکردنتان. ئەوەی وتم دەیکەم. تۆش ئەی پورفیری نەگبەت! لێی بدە کاتێ کچەکەم دێنی، لە منداڵییەوە حەوت شەیتان لە ڕۆحیدا نیشتەجێ بووە، شەیتانەکانی لێدەرکە! بۆ ئەوەش دار حەیزەرانێکم بۆ ئامادە کردووی.

پسێلدۆنیمۆڤ بێدەنگ بوو. بەڵام تازە بڕیاری خۆی دابوو، پێش ئاهەنگەکە لەگەڵ دایکیدا بردیانە ماڵە تازەکەوە. جوان شتیانن، جل و پێڵاوی تازەیان بۆ هێنان و لەبەریان کردن، پارەی ئاهەنگەکەیان پێدان. پیرەپیاو باش دەیپاراستن چونکە ئەندامانی خێزانەکەی حەزیان پێ نەدەکردن. تەنانەت بۆ تووڕەکردن هەر نەچوو بەلای دایکی پسێلدۆنیمۆڤدا و سەری نەکردە سەری. بەهەر حاڵ پسێلدۆنیمۆڤی مەجبوور

کرد هەفتەیەک پێش ئاهەنگەکە سەمای قۆزاقی[36] بۆ بکات. دواى سەماکە پێی وت: ئیستا بەسە، هەر ویستم بزانم لەبەر دەممدا خۆت بیر دەچێتەوە؟ ئەوەندە پارەی پێدا کە بەشی ئاهەنگەکە بکات، نە زیاد و نە کەم. هەموو خزم و ناسیاوەکانی بانگێشکرد. لەلایەن پسێلدۆنیمۆڤەوە تەنها ئەو کوڕەی گۆڤاری گۆلۆڤیشکا و ئاکیم پیترۆڤیچ داوەت کرابوون. پسێلدۆنیمۆڤ چاک دەیزانی کە بووک حەزی پێناکات بەڵکو حەزی دەکرد شوو بە ئەفسەرەکە بکات، بەڵام خۆی گرت، چونکە پەیمانەکەی نێوان خۆی و دایکی جێبەجێ کرد. پیرەپیاو بە درێژایی ڕۆژی ئاهەنگەکە بە ئێوارەکەشیەوە جنێوی دەدا و دەیخواردەوە، ئەندامانی خێزانیش هەموویان لە ژوورە بچووکەکەی دواوە تا ئاستی خنکان تێک ترنجابوون. ژوورەکانی پێشەوەش بۆ سەما و نان خواردن. دواجار کاتێک پیرەپیاو سەعات یازدە بەسەرخۆشی دەخەوێ، دایکی بووک کە ئەو ڕۆژە لە دایکی پسێلدۆنیمۆڤ زۆر توورە بوو، بۆ ماوەیەک توورەییەکەی بیردەچێتەوە و لەو ژوورە تەسکە دێتە دەرەوە بۆ سەما و نانخواردن. دەرکەوتنی ئیڤان ئیلیچ هەموو شتێکی بەسەر یەکدا قلْپکردەوە. دایکی بووک زۆر توورە و بریندار بوو بەوەی کە پێی نەوتراوە ژەنەڕاڵ دێت، هەر چەند پێیان وت کە کەس نەیزانیووە، ئەو هێندە بێ مێشک بوو، قسەی وا سوودی نەبوو. دەبوو خێرا شەمپانیا بکڕن، بەڵام دایکی پسێلدۆنیمۆڤ تەنها یەک ڕۆبڵی پێ بوو، پسێلدۆنیمۆڤ خۆی هیچی پێ نەبوو، بۆیە دەبوایە مەجبوور بن و داوا لە دایکی بووک بکەن. شووشەیەک، دوایی دانەیەکی تریش. وێنای

---

٣٦ سەمای قۆزاق یان کۆساک، سەمایەکی میللی ئۆکراینییە و لە بنچینەدا هی خەڵکانی کۆساکە، بە کۆمەڵ سەما دەکەن، لە سەدەکانی چواردەدا تەنها پیاوان ئەم سەمایەیان دەکرد و دوایش بەرە بەرە هەر دوو نێر و مێ پێکەوە.بەڵام تا ئێستاش بۆ نەگبەتی سەرچۆپییەکەی هەر بەدەست پیاوەوەیە.

ئەوەیان بۆکرد کە پسیلدۆنیمۆڤ ئیشی باش دەبێت و حەقی بۆ دەکاتەوە، ویستیان بەو قسانە هەست بە شەرم بکات، تا ڕازی بوو پارەی گیرفانی خۆی پێیان بدات. بەڵام ژان و ژەهرێکی وای بە پسیلدۆنیمۆڤ نۆشی کە وای لە زاوا کرد زوو زوو بچێتە ژوورە بچووکەکەی پشتەوە کە چرپای نووستنی بووک و زاوای لێ بوو، ئەوەی ئامادەکرابوو بۆ خۆشییەکانی بەهەشت. لەسەری دابنیشێت و بە بێدەنگی قژی خۆی ڕابکێشێت و سەری بخاتە سەر سەرینی زاوایەتی و هەموو گیانی لە ڕق و تووڕەیدا بلەرزێت.

بەڵێ، ئیڤان ئیلیچ نەیدەزانی ئەوان چ نرخیان بەو دوو شووشە شەمپانیایەی ئەم ئێوارەیە داوە کە ئەم خواردوونییەوە. نەیدەزانی کە پسیلدۆنیمۆڤ چ دوودڵیی و ژانێک و ترسێک چووە ڕۆحییەوە کاتێک بارەکە وا خراپ لای ئیڤان ئیلیچ کەوتەوە. دیسانەوە گرفتەکان بۆی دێنە پێشەوە، شەوێکی تەواو پڕ لە ناڵە و فرمێسک لەتەنیشت بووکەوە و بەیانیش هێرشی زۆر لە لایەن خزمەکانییەوە. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا سەری زۆر خراپ دەیەشا و دووکەڵ و گەرمیش بەرچاویان لێڵ کردبوو. ئیستا ئیتر ڕەنگە ئیڤان ئیلیچ پێویستی بە دوکتۆریش بێت. بەم سەعات سێی شەوە دوکتۆر لەکوێ بهێنن، یان عەرەبانەیەک تا بینێرنەوە بۆماڵەوە. دەشبێت عەرەبانەیەکی گەورە بێت تا تێیدا ڕاکشێت و ئەم زاتە ناکرێ بە عەرەبانەی بچووک لەم بارە ناهەموارەیدا بنێرینەوە. ئەی پارە لەکوێ بێنن تا عەرەبانەی تایبەتی بۆ بگرن؟ دایکی بووک وتی پارەی پێ نییە و زۆریش تووڕە بوو کاتێک ژەنەڕاڵ دوو وشەشی لەگەڵدا نەگۆڕییەوە. نەک ئەوە بەڵکو سەیرێکیشی نەکرد. ڕەنگە ڕاستیتش بکات

پارەی پێ نەبێت. ئەی لە کوێی بوو؟ ئەی چی بکەین؟ بەڵێ، هەموو ئەمانە وایان کرد قژی خۆی ڕاکێشێت.

..........

لەو ماوەیەدا ئیڤان ئیلیچیان گواستەوە بۆ سەر کەرەویتەیەکی بچووکی ژووری نانخواردن کە چەرمێکی قاوەیی هەبوو. هەموو شتەکانیان لەسەر مێزەکە هەڵگرت و هەموویان پاک کردەوە. پسێلدۆنیمۆڤ کەوتە گەڕان بە هەموو لایەکدا تا قەرز بکات. تەنانەت داوای لە خزمەتکارەکانیش کرد، بەڵام کەسیان فلسێک چییە پێیان نەبوو. سەرەڕۆیی کرد و داواشی لە ئاکیم پیترۆڤیچ کرد کە لەوێ لە هەمووان زیاتر مایەوە، بەڵام ئەمیش لە دڵسۆزییەکەیدا، زۆر سەری سوورما و ڕۆحی چوو کاتێک گوێی لە ناوی پارە بوو، بە موجامەلەیەکی بی سنوورەوە وتی: بە پێخۆشحاڵییەوە بۆ جارێکی تر، بەڵام ئێستا.. نیمە، داوای لێبووردن دەکەم.

کڵاوەکەی هەڵگرت و بە خێرایی تێیتەقاند بۆ ماڵەوە.

ئەو کوڕە باشەی کە باسی شیکردنەوەی خەونەکانی کرد، هاتە پێشەوە ئەم کوڕە لە هەمووان زیاتر مایەوە و لە هەمووان زیاتر دڵی لای پسێلدۆنیمۆڤ بوو. ئەم کوڕە و پسێلدۆنیمۆڤ و دایکی پێکەوە کۆبوونەوە و بڕیاریان دا کە ئیڤان ئیلیچ پێویستی بە دوکتۆر نییە و باشترین شت بەکرێ گرتنی عەرەبانەیەکە کە ئەم نەخۆشە بەرێتەوە بۆ ماڵەوە. پێش ئەوەی عەرەبانەکەش بێت، ئەوا کەمێک چارەسەری ناو ماڵی بۆ بکەن وەک تەڕکردنی ئەملاوئەولای سەری بە پەڕۆیەکی تەڕ و هێنانی سەهۆڵ و خستنە سەر ناوچەوانی. دایکی پسێلدۆنیمۆڤ بەوە پەیمانی پێدان. کوڕەکەش چوو بۆ هێنانی عەرەبانەکە. لە هەموو

دەوروبەری پیتەربۆرگدا، لەو کاتی شەوەدا هیچ عەرەبانەیەک نەبوو، ناچار بوو بچێت بۆ مەیدانی عەرەبانەکان لە شوێنێکی زۆر دوور. عەرەبانچییەکانی خەبەر کردەوە و بیانوویان پێ دەگرت و دەیانووت بە پێنج ڕۆبڵ لەم کاتە درەنگەدا بە کەمتر نایەین.

بەڵام دواجار بە سێ ڕۆبڵ ڕازی بوون. کاتێ کوڕە بە خۆی و عەرەبانەکەوە گەیشتە ماڵی پسیڵدۆنیمۆڤ، کاتژمێر چواری شەو بوو، ئەوان دەمێک بوو ڕایان گوڕی بوو. وا دەرکەوت کە ئیڤان ئیلیچ پیس نەخۆش کەوتووە، تا ئێستاش ئاگای لەخۆی نییە و دەکەوێ و دەناڵێنێ. لەم بارودۆخەدا ناکرێت بنێردرێتەوە، بەڵکو ئەمە وەک ڕیسکێکی گەورەش تەماشا کرا. پسیڵدۆنیمۆڤ زۆربێهیوا دەیوت: ئەی دوایی چۆن دەبێت؟ ئێستا چی بکەین؟ دوایش پرسیارێکی تازە سەری هەڵدا: گەر ئەم نەخۆشە لێرە بمێنێتەوە، بۆ کوێ بگوێزرێتەوە و لە کوێ ڕابکشێت؟ لە هەموو ماڵەکەدا تەنها دوو جێگای نووستن هەبوو دانەیەکیان بۆ باوک و دایکی بووک بوو، ئەوی تریان تازە کڕدرابوو، لە دارگوێز بوو، دوو نەفەریی، بۆ بووک و زاوا داندرابوو. هەموو ئەوانی تریش کە لەماڵەکەدا مابوونەوە بۆ نووستن، کە هەموو خانمان بوون لەسەر زەوییەکە بە تەنیشت یەکەوە ڕیزکرابوون. زۆربەی دۆشەکەکان، ڕایەخێکی سادە و تەنکی لە پەڕ دروستکرا بوون، بە ئەندازەی ژمارەی کەسەکان، ڕایەخەکان بۆنێکی ناخۆشیان لێدەهاتن و شایانی ئەوە نەبوون بدرێن بە میوان. بەڵام ئەمەش قەینا، ئەی ئەم نەخۆشە لەکوێ بنوێت؟ دەکرا یەکێ لەم ڕایەخانە لە ژێر یەکێکیاندا دەربهێنێ، بەڵام چ سەرجێگا و چەرچەفێک بهێنن؟ دوایی دەرکەوت ڕەنگە لە هۆڵەکە خراپ نەبێت، چونکە شوێنێکی دووردەستە و لە هەموو خێزان دوورە

و دەرگای تایبەتی بە خۆی هەیە. بەڵام لەسەر چی دابندرێت؟ لەسەر کورسی؟ ڕێی تێدەچێت؟ وەک دەزانن نووستن لەسەر کورسی زیاتر بۆ قوتابیانی ئامادەییە کاتێک شەوی شەممە[37] لەسەر یەکشەممە دێنەوەماڵەوە بۆ پشوو. بەڵام بۆ کەسێکی وەک ئیڤان ئیلیچ ئەمە زۆر بێ ڕێزییە. ئەی ئەگەر خۆی لەسەر کورسییەکان بینییەوە بەیانی چی دەڵێت؟ پسێلدۆنیمۆڤ تەنانەت نەیویست گوێ بۆ ئەو پرسیارەش بگرێت. تەنها یەک ڕێگا مابوو، ئەویش ئەوە بوو بنێردرێتە سەرجێگای بووک و زاوا. جێگاکەش وەک وتمان لە ژوورێکی زۆر بچووک بوو بەتەنیشت ژووری نانخواردنەوە. لەسەر جێگاکە دۆشەکێک ڕاخرابوو کە تازە کڕدرابوو، چەرچەفێکی پاک، چوار سەرینی ڕەنگ پەمەیی، بە بەرگەسەرینی موسیلینەوە. سەرجێگاکەش بە وێنەی جوان ڕازاندرابووەوە بە جۆرێک لە پشتییەوە پەردەیەک ئەویش لە موسیلین تا سەقفەکە بەرز بووەوە کە بە ئەڵقەی ڕەنگ ئاڵتوونی هەڵواسرابوو. بە کورتی هەموو شتێک وەک ئەوەی پێویستە وابوو. جێگای سەرنجی هەموو ئەو میوانانە بوو کە دەهاتن و سەیریان دەکرد.

تەنانەت بووکیش کە ڕقی دونیای لە زاوا بوو، چەند جارێک بە دزییەوە بە درێژایی ئێوارەکە هات و سەیری جێگا جوانەکەی دەکرد، ئای چەند تووڕە بوو کاتێک زانی کابرای نەخۆشی تالێهاتوو وەک کۆلێرا دەگوازنەوە بۆ سەر جێگای ئەو، لەگەڵ دایکیدا دەوەستا و دایکی جنێوی دەدا و هەڕەشەی دەکرد کە بەیانی لای پیرەپیاوی مێردی شکات دەکات. بەڵام پسێلدۆنیمۆڤ میوان دۆستیی خۆی پێشان دا سووربوو لەسەر قسەی خۆی.

[37] شەوی شەممە: جاران لە ئەورووپا تەنها یەک ڕۆژ پشوو بوو، ئێستا وەک خۆتان دەزانن شەممە و یەک شەممەش هەر پشووە.

ئیڤان ئیلیچیان گوستەوە و جێگایان بۆ بووک و زاوا لەسەر کورسییەکانی هۆڵەکە ڕاخستن. بووک زۆر گریا ویستی شتێک بکات بەڵام لەدارشەقەکانی باوکی ترسا، ئەو دارشەقانەی چاک دەیناسین. دەشیزانی باوکی هەر بۆ بەیانی دەیەوێت بزانێت چی ڕوویداوە. بۆیە بۆ ڕازی بوونی ئەو چەرچەف و چوارسەرینە پەمەییەیان بۆ هێنا کە لە موسلینی چندرابوون. لەو کاتەدا ئەو کوڕە گەڕایەوە کە چوو بوو عەرەبانەیەک بهێنێت، هەر ڕۆحی چوو کاتێک زانی ڕایانگۆڕیووە و چیتر پێویستیان بە عەرەبانچی نییە. لێرەشدا دەبوایە حەقدەستی کابرا بدات لەگەڵ ئەوەی لە ژیانیدا دە کۆپیکی شک نەبردووە. پسیلدۆنیمۆڤیش وتی کە فلس چییە پێی نییە، ویستیان عەرەبانچی بەڕێبکەن، بەڵام بەو شەوە دەستی کرد بە هات وهاوار و لێدانی پەنجەرەکان. بەڕاستی من نازانم دوایی چی ڕوویداوە؟ ئەوەی من دەیزانم ئەوەیە کە کوڕە وەک بارمتەیەک لەگەڵ عەرەبانچییەکەدا سوار بووە بۆ گەڕەکی خۆڵ، لە شەقامی لەدایکبوون ژمارە چوار، تا لەوێ بتوانێ هاوڕێیەکی قوتابی خەبەربکاتەوە کە لای خزمەکانی خەوتووە تا بزانێت بەشکوم شتێک پارەی لێ قەرز بکات. سەعات بوو بوو بە پێنج کاتێک بووک و زاوایان بە تەنیا بەجێهێشت. ژووری هۆڵەکەیان لەسەر داخستن، دایکی پسیلدۆنیمۆڤ لەگەڵ نەخۆشەکەدا مایەوە، لەسەر زەوییەکە لەسەر رایەخێکی بچووکی تەنک، بە دانیشتنەوە خۆی گرمۆڵە کردبوو، شتێکی دابوو بەسەر شانیدا، بەڵام خەو نەچووە چاوی، چونکە دەبوایە زوو زوو هەستێت چونکە ئیڤان ئیلیچ سکهێشەیەکی خراپی تووش بوو بوو، ئەم ژنەش، ژنێکی ئازا و نەفس بەرز، جلەکانی نەخۆشەکەی داکەندبوو، هەر وەک کوڕی خۆی مامەڵەی لەگەڵ کردبوو، هەموو شەوەکە بە ڕاڕەوەکەدا

هەر دەهات و دەچوو، مەنجەڵی پڕ ڕشانەوەی دەبرد و خاڵی دەکردەوە و بە پاکی دەیهێنایەوە. بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا جاریّ گرفتەکان هەر مابوون.

***

هەمووی دە خولەکی پیّ نەچوو بووک و زاوا بەتەنها لە هۆڵە داخراوەکەدا مانەوە تا هاوارێکی دڵبڕ بەرز بووەوە، ئەمە هاواری خۆشیی نەبوو بەڵکو زۆر دڵڕەقانە بوو. مرۆڤ گوێی لە دەنگی کەوتنی کورسی زۆر بوو بەسەر یەکدا، هەر لەگەڵ هاوارەکەدا لە چاوترووکاندنێکدا  پۆلێک لە خانمانی نیمچە ڕووت بە هەمە چەشنەی جلی خەوتنەوە، گەیشتبوونە هۆڵەکە کە جاریّ تەواو تاریک و نووتەک بوو. خانمانی وەک دایکی بووک، خوشکە گەورەکەی کە منداڵە نەخۆشەکانی جێهێشتبوو، هەر سیّ پوورەکەی، بەوەشەوە کە قۆڵی شکابوو و لەگەڵ ژنە چێشتلێنەرەکە. لەگەڵ ئەمانیشدا خانمە ئەڵمانییەکەش هاتبوو، خانمی گێڕەرەوەی حیکایەتەکان، ڕایەخەکەی ژێریان دەرهێنابوو، ڕایەخێک تەنها تایبەت بوو بە خۆی، باشترین ڕایەخی ماڵەکە بوو، بە زۆری زۆرداری لەژێریان دەرهێنابوو تا بیدەنە بووک و زاوا. هەموو ئەم خانمە بەڕێزانە چارەکێک دەبوو لە مەتبەخەوە بۆ ڕاڕەوەکە لەسەر نووکی پیّ بەرە و ژووری چاوەڕوانی تەنیشت هۆڵەکە تا گویّ هەڵبخەن بۆ دەنگێک لە ژوورەی بووک و زاواوە بەرزدەبێتەوە تا بزانن چی ڕوودەدات. لەو کاتەدا یەکێک بەخێرایی مۆمێکی داگیرساند، دیمەنێکیان بینی چاوەڕوانیان نەدەکرد. سەیریان کرد ئەو ڕایەخە گەورەیەی ژێریان کە تەنها دوو کورسی لەمبە رو ئەوبەر لە لێوارەکیدا مابووەوە و خۆی نەگرتبوو، بۆیە هەموویان بەربووبوونەوە سەر زەوی.

بووک لە توورەیدا خەریک بوو شەق بەریت. ئەم جارە تەواو بەم کەوتنە دڵی شکابوو. پسیڵدۆنیمۆڤی تێکشکاو و بەئەخلاق وەک تاوانبارێک بەرزبوەوە کە بەسەر تاوانەکەیەوە گیراوە. نەیویست تەنانەی لەسەر خۆشی بکاتەوە. زریکە و هاوار لە هەموو شوێنێکەوە بەرزبوەوە. تەنانەت دایکی پسیڵدۆنیمۆڤیش بۆ ئەویّ ڕای کرد، لە هەمووشیان خراپتر دایکی بووک بوو. لەسەرەتاوە بە کۆمەڵێ ڕستەی بریندارکەر وەک باران بە سەریدا باری، ڕستەی وەک: تۆ چ مێردێکیت مامە؟ دوای هەموو ئەو شتانەی ڕوویان دا، پێم بڵێ تۆ چ خێرێکت هەیە برا؟ ئەم هەموو حەیاچوونە و هتد. دوای هەموو ئەمانە دەستی کچەکەی خۆی گرت و لە ژووری مێردەکەیەوە بۆ ژووری خۆی وهەموو وەڵامدانەوەیەکی مێردە دڵرەقەکەی خۆی خستە سەر شانی خۆی کە بەیانی وەڵامی لێیان دەوێت. هەموو خانمانی تریش لە ژوورەکە بەسەربادان و سەرسووڕمانەوە هاتنە دەرەوە. تەنها کەسێک لەگەڵ پسیڵدۆنیمۆڤدا مایەوە دایکی بوو، ویستی دڵی بداتەوە بەڵام ئەو نەیویست و خێرا لەخۆی دوور خستەوە.

دڵنەوایی پێویست نەبوو، بە پێخاوسی خۆی گەیاندە سەر کەرەویتەیەک، جلێکی زۆر کەمی لەبەردابوو، کەوتە بیرکردنەوەیەکی قووڵ. بە ژوورەکەدا چاوی دەگێڕا و خەیاڵەکان دەهاتن و دەچوون. ئەو ژوورەی هەر پێش تۆزێ سەماکاران سەمایان دەکرد و پڕیان کردبوو لەدووکەڵی جگەرە. ئێستاش قنگەجگەرە و کاغەزی چوکلێت لەسەر زەوییەکە تەڕە پیسەکە کەوتوون. کەوتنی جێگای نووستن و کورسییە هەڵگەڕاو و کەوتووەکان بەسەریەکدا باشترین بەڵگە بوون بۆ دارمانی ئاوات و هیوای جوانترین ساتەکانی ژیان. بەم شێوەیە

سەعاتێک مایەوە، بیری سەیر سەیری بۆ دەهات کە ماندووکەر بوون وەک: ئێستا لە ئیشەکەی دەبێ چی چاوەڕیی بکات؟ بە شێوەیەکی ماندووکەر دەیزانی ئیتر هەرچییەک بێت، دەبێ شوێنی ئیشەکەی بگۆڕێت. مانەوە لەم ئیشەی ئێستا شتێکی نەرێنییە بەتایبەتی ئەوەی ئەم ئێوارەیە ڕوویدا. بیری کردەوە کە ملیکوپیتایڤی پیرەپیاو ناچاری دەکات بەیانی سەمای قۆزاقی پێبکاتەوە تا ملکەچبوونی خۆی بۆ دووبارە بکاتەوە. هەروەها هەرچەندە ملیکوپیتایف پەنجا ڕۆبڵی بۆ خەرجی ئاهەنگەکە پێدا، هەر چەند هیچ لەو پارەیە نەما، بەڵام چوارسەدی تری لایە بۆ خەرجی ماڵ و هیچ باسی نەکردووە، نازانێت دەیداتێ یان نا؟ هەروەها تاپۆی خانووەکەش بە شێوەیەکی فەرمیی جاری هەر نەهاتووەتە سەری، بیری لە ژنەکەی کردەوە لە شەمەزارترین ساتەکانی ژیاندا جێی هێشت. ئەی ئەو ئەفسەرە باڵابەرزەی لەبەردەمیدا نووشتایەوە. ئەمیش باش تێبینی کرد.

بیری لە حەوت شەیتانەکەی ناو ڕۆحی کردەوە بەپێی دانپیانانەکانی باوکی، ئەو دارحەیزارانەش کە بۆی ئامادەکراوە تا دەریانبکات. بێگومان بیری کردەوە دەتوانێت بەرگەی زیاتریش بگرێت. بەڵام هەستی کرد چارەنووس سورپرایسی زۆری بۆ ئامادەکردووە کە گومان لە هێز و تواناکانی خۆی بکات. پسێلدۆنیمۆڤ لەم جۆرە بیرکردنەوە غەمگینەدا بەردەوام بوو، مۆمەکە خەریک بوو دەکوژایەوە، ڕووناکییە کزە لەرزیووەکەی بەسەر پسێلدۆنیمۆڤدا وێنەیەکی زۆر گەورەی ملێکی درێژ و لووتێکی چەماوە، دوو پرچی کەم یەکێ هاتبوونە سەر ناوچەوانی و ئەوی تریان لەسەر پشتەملی. دواجار کاتێک سەرمای بەیانیان بە پێدزکێ خۆی دەکرد بە ژوورەکاندا بە لەرزۆکێ هەستا و

خۆی گەیاندە ئەو رایەخەی بەینی کورسییەکان کە کەوتبوو، بێ ئەوەی هیچ شتێک ڕاست بکاتەوە، هیچ مۆمێک بکوژێنێتەوە، تەنانەت بێ ئەوەی سەرینێکیش بخاتە ژێر سەری خۆی، دەست و قاچەکانی هێنایەوە یەک خۆی گرمۆڵە کرد و خەوێکی قورس بردییەوە، لەو خەونانەی کە بەیانی بۆ حوکمی سزادان خۆیان ئامادە دەکەن.

***

لە لایەکی ترەوە هیچ شتێک بەو ئازارەی ئیڤان ئیلیچ بەراورد نەدەکرا کە ئەمشەو لە سەرجێگای زاوای نەگبەت پسێلدۆنیمۆڤ بردییە سەر. کاتێکی زۆر سەرهێشە و ڕشانەوە لەکۆڵی نەبوونەوە. لەگەڵ لێشاوێک لە ژانی تر کە هەر لە ئازارەکانی دۆزەخ دەچوو. لەهەموو ئەم ماوەیەدا هوشیارییەکی کەم زوو زوو دەگەڕایەوە بۆی و لەناو سەریدا ترسێکی گەورەی بۆ دروست دەکرد. وێنەگەلێک کە تەواوترسناک و قێزەوەن بوون. ئاواتەخواز بوو کە بێهۆش بوایە باشتر بوو. بەهەر حاڵ هەموو شتەکان لەناو میشکیدا چوو بوون بەناو یەکدا، بۆ نموونە گوێی لە دایکی پسێلدۆنیمۆڤ دەبوو، قسە و نزا پاکەکانی کە دوور بوون لە ڕقەوە. وەک، ئارام بگرە ئازیزەکەم! ئارام بگرە گەورەم! ئەوەی ئازاری هەبێت و ئارام بگرێت ڕزگاری دەبێت. دەنگەکەی دەناسییەوە بەڵام تێنەدەگەیشت و هۆکارێکی تایبەتی نەدەدۆزییەوە کە بۆچی ئەم دەنگە وا لە نزیکییەوە قسە دەکات. خەونی ناخۆشی دەبینی، لەهەمووی ناخۆشتر سیمیۆن ئیڤانۆڤیچ بوو، کە سەیری دەکرد و لێی ورد دەبووەوە، ئەوە سیمیۆن ئیڤانۆڤیچ نەبوو، بەڵکو لووتی پسێلدۆنیمۆڤ بوو. کوڕە وێنەکێشەکەی دەبینی، ئەفسەرەکە، پیرێژنەکەی هەر لە

منداڵییەوە گرفتی لەگەڵ دانەکانیدا هەبوو. ئەوەی لە هەموو شتێک زیاتر خەیاڵی برد بۆ خۆی ئەو ئەڵقە زیوینیانە پەردەکە بوون کە لەسەر سەرییەوە بوون، زۆر بەجوانی دەیبینین کاتێ تیشکی مۆمەکە بەریان دەکەوت و هەموو کاتەکە هەوڵی زۆری دەدا ئەم مەتەڵە شیکار بکات و بزانێت ئەم ئەڵقانە چین و بۆچی لێرەن و چی دەگەیەنن؟ چەند جارێک پرسیاری لە دایکی پسیڵدۆنیمۆڤ کردووە، بەڵام دیارە ئەوەی بیری لێ دەکردەوە ئەوە نەبووە کە دەیوت. دیار بوو ئەویش چەند هەوڵی زۆری داوە هیچی لێ تێنەگەیشتووە.

دواجار لای بەیانی زوو، هێرشی ژان کەمی کرد و خەوی لێکەوت، بەبێ هیچ خەونێک. سەعاتێک نوست و خەبەری بووەوە و کە هەستا تەواو ئاگای لەخۆی بوو، بەڵام سەری بێ سنوور دەیەشا، دەم و زمانیشی وەک پەڕۆیەک وا بوو لەناویدا بۆنێکی زۆر ناخۆشی لێوە دەهات. لەشی لەسەر جێگاکە بەرز کردەوە. سەیرێکی کرد و بیری کردەوە، ڕووناکی بەیانی لە پەنجەرەکەوە کەوتبووە سەر دیوارەکە و دەلەرزی. سەعات بوو بوو بە حەوت، بەڵام کە هەستا، یەکسەر هەمو شتێکی دوێنێ ئێوارەی بیرکەوتەوە. هەموو سەرکێشییەکانی کاتی نانخواردنی ئێوارە. دۆڕاندنە یەک لەداوی یەکەکانی، قسە و خوتبەکانی، هەموو ئەمانە پێکەوە چۆن دەکەونەوە، خەڵکی چی دەڵێن و چۆن بیردەکەنەوە؟ کاتێک سەیری کرد بەچ شێوەیەکی قێزەوەن سەرجێگای زاوای، کە کارمەندی خۆی بوو داگیرکرد. یەکسەر شەرمێک و ژانێک تەواو دڵی داگیر و هەلا هەلا کرد. هاوارێکی لێبەرز بووەوە و دەم و چاوی خۆی گرت و لەناو سەرینەکەدا شاردییەوە. دوای خولەکێک هەستا و جێگاکەی بەجێهێشت،

جلەکانی خۆی بینی جوان قەد کرابوون لەسەر کورسییەکی نزیک، جوان پاک کرابوونەوە، ڕفاندی و بە پەلە کردیە بەری. لە شتێک دەترسا خۆشی بەتەواوی نەیدەزانی چییە، لەنزیک کورسییەکی تر پاڵتۆ تەنکەکەی و کڵاوەکەی هەڵگرت، دەستکێشە زەردەکەی لەناو کڵاوەکەیدا. دەیویست بەبێدەنگی بڕوات، بەڵام لەپڕ دەرگاکە کرایەوە، دایکی پسیڵدۆنیمۆڤ هاتە ژوورەوە و تەشتێک و دۆلکەیەک ئاوی پێبوو، خاولییەکش لەسەر شانی، دۆلکەکەی دانا و بەبێ هیچ پێشەکییەکی درێژ وتی: دەبێت دەم و چاوت بشوویت، گەورەم، چۆن دەڕۆن بێ ئەوە.

لەم چرکەساتەدا ئیڤان ئیلیچ هەستی کرد گەر تاقە بوونەوەرێک لەم دونیایەدا هەبێت ئەم شەرمی لێبکات و لەهەمان کاتتدا لێی نەترسێت ئەوا ئەم ژنەیە. دەم وچاوی شت، ئەم دەموچاوشتنە دوایی ساڵانێکی زۆر لای بوونە یادگارییەک و لە ساتە سەختەکانی ژیانیدا هەمیشە بیری لێدەکردنەوە، شێوەی هەستانەکەی، تەشتەکە کە لەقوڕی سوور دروست کرابوو، دۆلکە فافۆنییەکە کە پڕ بوو لە ئاوی هێندە سارد کە پارچە سەهۆڵ هێشتا تێیدا مەلەی دەکرد، سابوونە شێوە هێلکەییەکە کە هەر بە پازدە کۆپیکێک کڕدرابوو، بە کاغەزێکی پەمەیی تێوەی پێچرابوو، ئەو پیتانەی لەسەری هەڵکەندرابوون، تایبەت بۆ بووک و زاوا کڕدرابوو، بەڵام ئیڤان ئیلیچ دەبوایە بیکاتەوە و بەکاریبهێنێت. ئەو خاولییەی پڕبوو لە نەقشی جوان لەسەر شانی چەپی. ئاوە ساردەکە تەواو خەبەری کردەوە، دەم وچاوی سڕی بێ ئەوەی هیچ وشەیەک لەدەمی بێتە دەرەوە، تەنانەت بێ ئەوەی سوپاسی ئەم دەستەخوشکی فریشتەیە بکات، کڵاوەکەی هەڵگرت و پاڵتۆکەی کە دایکی پسیڵدۆنیمۆڤ بۆی ڕاگرتبوو دا

بەسەر شانیدا. بە ڕاڕەوەکەدا بۆ موبەق کە پشیلەیەک تێیایدا دەیمیاواند، خانمی جێشتلێنەرەکەش بە نیگاکانی دوای هەموو جوڵانەوەیەکی دەکەوت و لە جێگاکەیدا هەستابوو. ئیڤان ئیلیچ ڕایکردە دەرەوە، لەوێوە بۆ سەرشەقامەکە، تا لای عەرەبانەیەک کە بەوێدا تێپەڕی. بەیانییەکە سارد بوو، تەمێکی سارد و زەرد هەموو ماڵ و لایەکی داپۆشیبوو، ئیڤان ئیلیچ یەخەی پاڵتۆکەی بەرز کردەوە، وای دەزانی هەمووان سەیری دەکەن، هەمووان دەزانن و هەستی پێدەکەن.

***

هەشت ڕۆژی تەواو نەچووە دەرەوە، نەچوو بۆ ئیش، نەخۆش بوو، نەخۆشییەکی پڕ ژان، نەخۆشییەکی ویژدانیی زیاتر لەوەی نەخۆشی جەستە بێت. لەم هەشت ڕۆژەدا دۆزەخی بەچاوانی خۆی بینی، بە شێوەیەک لە ڕۆژی دوایدا بۆی حیساب بکرێت کە بینیوویەتی. کاتی وا هەبوو حەزی دەکرد ببێت بە ڕاهیب، بەڕاستی کاتی وا هەبوو. فەنتازیای بەم ئاراستەیە زۆر چالاک بوو، تا بگاتە ئەوەی هەندێ سرووتی تایبەت و نادیار وێنا بکات، تابووتێکی کراوە، ژیان لە پەناگەیەکی دووردەستدا، دارستان، ئەشکەوت، بەڵام کە دەهاتەوە سەر خۆی دەیزانی ئەم بیرکردنەوانە هەمووی هیچ و پووچن. زیاد لەئاستی خۆی گەورە کراون. بەمەش شەرمێکی زۆری لەم پووچییە دەکرد. دوای ئەوە نۆباتی ڕۆحی بۆ دەهات، وەک بوونێکی دۆڕاو[٣٨] خۆی دەهاتە پێش چاو و شەرم لە ڕۆحییەوە فیچقەی دەکرد. هەموو شتێکی لەگەڵ خۆیدا دەسووتان و تەفروتوونا دەکرد. هەندێ وێنەی دەهاتە پێش چاو کەدەیهەژاند، دەربارەی ئەم چی

٣٨ بوونێکی دۆڕاو: دیسانەوە بە فەرەنسی ئەم دێڕەی نووسیووە.

دەڵێن؟ چ گومانێکی لێ دەکەن؟ ئەی چۆن بچێت بۆ فەرمانگە؟ دەبێت چ چرپە چرپێک هەموو ساڵەکە دوای بکەوێت؟ تۆ بڵێ دە ساڵ، بڵێ هەموو تەمەن. نەوە دوای نەوە بەدبەختییەکەی دەگێڕنەوە، ترسنۆکییەکەی گەیشتە ئەوەی هەر یەکسەر بچێت بۆ لای سیمیۆن ئیڤانۆڤ و داوای لێبووردنی لێبکات، داوای لێ بکات ببێت بە هاوڕێی، تەنانەت نەشی ویست بێتاوانی خۆی بسەلمێنێت، هەموو خراپییەکانی خستە سەر خۆی، هەوڵی نەدا خۆی لێ بهێنێتە دەرەوە، شەرمیشی لەم هەوڵنەدانەی کرد.

بیری لەوە کردەوە واز لە ئیشەکەی بهێنێت. خۆی بۆ بەختەوەری مرۆڤەکان تەرخان بکات، لەم بارەشەوە دەبوایە هەموو دۆست و ناسیاوەکان لای خۆی بسڕێتەوە تا هیچ یادەوەرییەک لەسەر خۆی نەمێنێت. ئەمەش دیسانەوە لەلای بیرکردنەوەیەکی هیچ بوو. ئیستاش دەکرێ هەموو شتێک ڕاست بکرێتەوە بەوەی بەرامبەر کارمەندەکانی تۆزێک توند و تۆڵی بنوێنێت. دوای ئەم خەیاڵە کەمێک ئاوات و هیوای بۆ دەگەڕایەوە. دواجار دوای هەشت ڕۆژ لە گومان و ژان بۆی دەرکەوت کە ئیتر ناتوانێت بەرگەی نادیار بگرێت و لە بەیانییەکی زۆر قەشەنگدا[٣٩] ڕۆشت بۆ فەرمانگە.

لە پێشدا کاتێک لە ماڵەوە بوو لەگەڵ ژان و ئازارەکانیدا، لەگەڵ خۆیدا هەزاران جار بیری لەوە دەکردەوە چۆن دەچێتە ژوورەوە. بە ترسەوە بۆخۆی دووبارە دەکردەوە کە گوێی لە چرپە چرپێکی دووڕو دەبێت لە دوای خۆیەوە. سیمای

٣٩ لە بەیانییەکی زۆر قەشەنگدا: ئەم دێڕەشی بە ڕووسی نەنووسیووە، ئەم دێڕە، دێڕێکی سەرنجڕاکێشە لە کلتووری ڕووسی و فەرەنسی و ئەورووپی داو بە دەیەها گۆرانی و کلیپی فیلم و ئاواز، تەنانەت فیلم بۆ گەورە و منداڵان بەم دێڕە ناونراون.

دووڕو دەبینێت، زەردەخەنەی دووڕو هەست پێدەکات. چەند شاگەشکە بوو کاتێک لە ڕاستیدا هیچ شتێک لەمانەی نەبینی، زۆر بە ڕێزەوە بەرە و ڕووی چوون، لەبەردەمیدا نووشتانەوە. سەیریکرد هەموویان بەڕاستیانە، هەموو جدین و خەریکی کاری خۆیانن. دڵی پڕ بوو لە خۆشی کاتێک گەیشتە ژوورەکەی خۆی.

یەکسەر دەستی کرد بە ئیشکردن. گوێی بۆ هەندێ ڕاپۆرت و ڕوونکردنەوە گرت، هەندێ بڕیاری دا. هەستی کرد لە ژیانیدا هێندە زیرەکانە وەک ئەمڕۆ بڕیاری باشی نەداوە وەک ئەوەی ئەم بەیانییە. هەستی کرد کە ئەوانیش بەم شادمانن و ئەم بۆ ئەوان گرنگە. زۆر بە ڕێزەوە مامەڵەیان کرد و گەر شتێکی کەمیش درۆ بووایە هەستی پێدەکرد.

دواجار ئاکیم پیترۆڤیچ بەخۆی و چەند کاغەزێکەوە هاتە ژوورەوە. هاتنی ئەو بۆ چرکەیەک وەک چەقۆیەک وا بوو بۆ سەر دڵی، بەڵام ئەو هەستەی تەنها بۆ ماوەیەکی زۆر کەم، دەستی کرد بە ئیشکردن لەگەڵیدا، قسەی لەگەڵ کرد، پێی وت دەبێت چی بکات، بۆی ڕوونکردەوە. وا هات بە خەیاڵیدا کە نەیەوێت سەیری ناوچەوانی ئاکیم پیترۆڤیچ بکات، یان ڕاستتر ئەوە ئاکیم پیترۆڤیچ بوو نەیدەوێرا سەیری ئەم بکات. دیار بوو کەمێک ترسا و کاغەزەکانی کۆکردنەوە.

- داواکارییەکی تریش هاتووە، زۆر بە وشکی وتی، لە کارمەند پسێلدۆنیمۆڤەوە کە تکا دەکات بگوازرێتەوە بۆ لقی سەرەکی. خاوەنشکۆ سیمیۆن ئیڤانۆڤیچ شیپۆلینکۆی بەڕێز پەیمانی پێداوە لەوێ کارێکی بۆ بدۆزێتەوە. ئەویش داوای دڵگەورەیی جەنابت دەکات بۆ ڕازی بوون خاوەن شکۆ.
- ئەها، دەیەوێ نەقڵ بێت؟

ئیڤان ئیلیچ وای وت و هەستی کرد قورساییەک لەسەر دڵی نامێنێت. سەیرێکی ئاکیم پیترۆڤیچی کرد و لە کاتەدا نیگاکانیان بەریەک کەوتن.

- باش، لای منەوە ئاساییە، خزمەت لە منەوە، ئیڤان ئیلیچ وتی: من ڕازیم.

ئاکیم پیترۆڤیچ دیار بوو بە زووترین کات دەیویست بڕوات، بەڵام ئیڤان ئیلیچ ویستی لەناو باشی و دڵگەورەیی خۆیەوە شتێک بهێنێتە دەرەوە و سوور بوو لەسەر ئەوەی شتێک بڵێت و خۆی ئاشکرا بکات، وەک ئەوەی سرووشی بۆ هاتبێت:

- پێی بڵێ، بەشێوەیەکی زۆر ڕاستەوخۆ و دیار و پڕ مانای قووڵ سەیرێکی ئاکیم پیترۆڤیچی کرد، پێی بڵێ کە من هیچ خراپەیەکم بۆی نابێت، نەخێر، بەڵکو ئامادەم هەموو ئەو شتانەی ڕوویان دا بیرم بچنەوە، هەموو شتێک، هەموو شتێک.

بەڵام ئاکیم پیترۆڤیچ لەپڕ لەقسەکردن وەستا، سەرسووڕماو لە کردەوە نائاساییەکەی ئاکیم پیترۆڤیچی دەڕوانی. لە کەسێکی ژیر و تێگەیشتووەوە ئاکیم پیترۆڤیچ هەڵگەڕایەوە و بوو بە کەسێکی گەمژە. لە جیاتی ئەوەی تا کۆتایی گوێ بگرێت، سوور بووەوە و دەستی کرد بە نووشتانەوە بەرە و دواوە تا گەیشتە دەرگاکە، وەک ئەوەی بیەوێت زەوی قووتی بدات و ون بێت و لە زووترین کاتدا بگاتەوە ژوورەکەی خۆی. کاتێک ئیڤان ئیلیچ بە تەنیا مایەوە، بە شڵەژاویی لە سەر کورسییەکەی هەستا و سەیرێکی خۆی کرد لە ئاوێنەدا بەڵام دەموچاوی خۆی نەبینی.

- نەخێر، کردەوەی تووند، تەنها بە کردەوەی توووند لەگەڵیاندا،

بەڵێ تووند و تۆڵیی. بە چرپە بەخۆی وت بێ ئەوەی هۆشی لای خۆی بێت. لە پڕ سیمای سوور هەڵگەڕا. هەستێکی گەورەی بە قورسی و شەرمەزاری کرد گەورەتر لەو کاتەی لاواز و نەخۆش بوو. ئەو نەخۆشییەی هەشت ڕۆژی خایاند. بە نهێنی بەخۆی وت: خۆم نەگرت. بە بێهێزییەکی زۆرەوە لەسەر کورسییەکەی دانیشت.

***

# خەونی مرۆڤی پێکەنیناوی
# چیرۆکێکی خەیاڵییە

## -١-

من مرۆڤێکی پێکەنیناویم، ئێستاش پێم دەڵێن شێتە، ئەگەر وەک جاری جاران پێکەنیناوی نەبوومایە لە لایان، ئەوە خۆی لە خۆیدا بەرزبوونەوەیەک بوو لە پلەوپایەدا. بەڵام ئیتر من تووڕە نابم، ئیتر ئەوان لەلام شیرینن، بە تایبەتی کاتێک پێم پێدەکەنن. نازانم چ هۆیەکە هەست بە خۆشەویستیان زیاتر دەکەم. خۆشم لەگەڵیاندا پێدەکەنیم، نەک بەخۆم، بەڵکو لەبەر خۆشەویستیان پێدەکەنیم ئەگەر بێزاریم نەبووایە، بێزاری کاتی سەیرکردنیان.

بێزاری منیش زیاتر لەبەر ئەوەیە کە ئەوان ڕاستی نازانن، بەڵام من دەیزانم. ئاخ چەند سەختە بەتەنیا ڕاستی بزانیت! بەڵام ئەوان ئەمە تێناگەن. نەخێر تێی ناگەن.

جاران زۆر وەڕس دەبووم بەوەی کە پێکەنیناوی دەردەکەوتم. وا دەرنەدەکەوتم، بەڵکو وابووم. من هەمیشە پێکەنیناوی بووم.

ئەمەشم دەزانی لەوانەیە هەر لە ڕۆژی لە دایک بوونمەوە. لەوانەیە هەر لەو کاتەوە کە تەمەنم حەوت ساڵ بوو دەمزانی پێکەنیناویم، دوای ئەوە لە قوتابخانە خوێندم، دوایی لە زانکۆ. هەرچەند زیاتر بمخوێندبایە، زیاتر بۆم دەردەکەوت کە من پێکەنیناویم. هەتا هەموو زانستی زانکۆیی بۆ من وەک ئەوەی لەبەر ئەوە بووبێت و تەنیا بۆئەوە دروست بووبێت کە لەدواییدا بۆم ڕوون بکاتەوە و قووڵ ببمەوە تیایدا کە من پێکەنیناویم. ئاوهایش شتەکە لە ژیاندا کەوتەوە وەک چۆن لە زانستدا. ساڵ بە ساڵ هوشیارییەک لە ناخمدا گەورە دەبوو، بەهێز دەبوو، هوشیاری ئەوەی کە لە هەموو لایەنێکەوە شێوەیەکی پێکەنیناویم هەیە. هەموو کەس هەموو کاتێک پێم پێدەکەنین. بەڵام هیچ کامێکیان ئەوەیان نەدەزانی و هەستیان بەوە نەدەکرد کە ئەگەر لەسەر زەوی مرۆڤێک هەبێت لە هەمووان شارەزاتر بێت لەوەدا کە من پێکەنیناویم، ئەوا ئەو مرۆڤە خۆمم. هەر ئەوەش زیاتر ئازاری دەدام کە ئەوان ئەمە نازانن. بەڵام لەمەدا خەتا خەتای من بوو، شانازیشم بەوەوە دەکرد کە نەمدەویست هیچ کاتێک ئەم ڕاستییە لەلای هیچ کەسێک بدرکێنم. ئەو شانازییەشم ساڵ بە ساڵ لەگەڵمدا گەورە بوو. وە ئەگەر وا ڕوویدا بمەوێت لەبەردەمی یەکێکدا ڕێگە بەخۆم بدەم و دان بەوەدا بنێم کە من پێکەنیناویم، وا هەستدەکەم هەر لەو کاتەدا، هەر لەو ئێوارەیەدا بە دەمانچەیەک کەلەی خۆم ورد و خاش دەکرد.

ئاخ، لە تەمەنی مێردمنداڵیمدا چەند لەوە دەترسام لەپڕ خۆم نەگرم و ئەم شتە بەهەر شێوەیەک بێت بۆ هاوڕێکانم بدرکێنم. بەڵام لەوەتەی گەیشتمە تەمەنی لاوێتی، ساڵ لە دوای ساڵ

زیاتر و زیاتر ئەوەم بۆ دەرکەوت کە جۆرە سروشتێکی نابەڵام هەیە. بەڵام ناشزانم بۆچی ئێستا لە جاران هێمنترم؟ بە تایبەتی دەشڵێم "نازانم" لەبەرئەوەی تا ئێستا ناتوانم بگەمە ئەوەی کە "بۆچی".

لەوانەیە هی ئەوە بێت کە تەنگییەکی نابەڵا دەروونی داگیرکردووم، لە حاڵەتێکدا کە بە تەواوی لەسەروی دەسەڵاتی منەوەیە، ئەوەیش ئەوەیە: گەیشتمە ئەو ڕاستییەی کە هەموو شتێک لە هەموو شوێنێکی ئەم دونیایەدا وەک یەکە. من لە مێژە هەستم بەوە کردووە، بەڵام بڕوای تەواوم لە پڕێکدا لەم ساڵەی دواییەدا بوو. من لە پڕێکدا هەستم بەوە کرد بە لامەوە وەک یەکە ئەگەر دونیا بوونی هەبوایە یاخود نەبووایە یان هەر هیچ شتێک لە هیچ شوێنێک نەبووایە. وام لێهات هەرچی هەستم هەیە بە هەموو بوونمەوە وەک هیچ شتێک لە دەوروپشتم نەبێت وایە.

لە سەرەتادا وام هەست دەکرد کە لە پێشدا زۆر شت هەبوون، بەڵام دوایی بۆم دەرکەوت کە لە پێشیشدا هیچ نەبووە، نازانم لەبەرچی ئەوە تەنها هەست کردنێک بوو. تۆزە تۆزە گەیشتمە ئەو بڕوایەی کە هیچ شتێک لەمەودوایش نابێت. لەو کاتەوە بوو لە پڕێکدا ئیتر لە کەس تووڕە نەدەبووم وەک ئەوەی بوونیشیان نەبێ وەها بوو لەلام. لە ڕاستیدا ئەمە لە شتە بێ نرخەکانیشدا ڕەنگی خۆی دایەوە. بۆ نموونە لە شەقامدا دەڕۆشتم و بەر خەڵکی تر دەکەوتم، ئەمەش نەوەکو هی ئەوە بووبێت بیرم دەکردەوە. بیرم لەچی بکربایەتەوە؟ ئەو کاتە من بە تەواوی وازم لە بیرکردنەوە هێنابوو، هەموو شتێک لەلام وەک یەک بوو. بەختەوەری بوو گرفتێکم لە گرفتەکان

شیکار بکردبایە، ئاخ، تەنها دانەیەکیش چییە نەمتوانی. چەن زۆر بوون؟ بەڵام وای لێهات هەموو شتێک لەلام وەک یەک بن و گرفتەکانیش ون بوون.

ئێ ئاوا، دوای ئەوە بوو ڕاستیم بۆ دەرکەوت، ڕاستیم زانی لە تشرینی دووەمی ساڵی پاردا، ڕۆژی سێیەمیشی بوو. لەو ڕۆژەوە تا ئێستا چرکە بە چرکەی ژیانم لەبیرە. ئێوارەیەکی تاریک بوو، تاریکترین ئێوارە بوو کە هەبووبێت، سەعات یانزەی ئێوارە بوو کە گەڕامەوە ماڵەوە، بە تایبەتی لەبیرمە و بیرمدەکردەوە کە هیچ ساتەوەختێک وەک ئەو کاتە تاریک نەبوو تەنانەت لە پەیوەندی ئۆرگانیشدا. باران بە درێژایی ئەو ڕۆژە خۆش کردنەوەی نەبوو. بارانەکەی ئەو ڕۆژە ساردترین باران و لیلترین باران بوو، بارانێکی زۆر ترسناک بوو، تەنانەت لەبیرمە بەرامبەر بە خەڵک سروشتێکی دوژمنانەی هەبوو، سەعات یانزەی تەواو بوو بارانەکە لەپڕ وەستا. تەمومژێکی زۆر ئەستوور جێگەی گرتەوە. تەمومژ و سەرماکە زیاتر بوون لەو کاتەی کە باران دەباری. هەر ئەمەش بوو وای لە هەموو بەردێکی سەر شەقامەکە و هەموو کۆڵانێک کرد کە هەڵمیان لێ بەرز دەبووەوە کاتێک سەرنجت دەدانی، سەرنجی قووڵایی شەقامەکان لە دوورەوە.

لە پڕێکدا واهات بە خەیاڵمدا ئەگەر گازی ڕۆشنکەرەوەکان لە هەموو لایەک بگریت بۆ ئەوەی ڕووناکی نەمێنێت ئەوا جوانتر دەبێت، چونکە دڵ زیاتر خەم دایدەگرت ئەگەر گازەکە هەموو ئەم شتانە ڕووناک بکاتەوە. من ئەو ڕۆژە نانی نیوەڕۆم نەخواردبوو، هەر لە سەرەتای ئێوارەوە لای ئەندازیارێک دانیشتبووم، دوو هاوڕێی تریشی لەلا بوو. من هەموو کاتەکە

بێدەنگ بووم، دیاربوو بێدەنگیەکەشم ئەوانی بێزارکردبوو. لەبارەی شتێکی گرنگەوە قسەیان دەکرد و لەپڕ گەرم بوون، بەڵام هەموو شتێک لای ئەوان وەک یەک بوو. من ئەمەم بینی لێیان و گەرمبوونەکەشیان هەروابوو. منیش هەر لە خۆمەوە ئەمەم پێ وتن:

"گەورەکانم! هەرچۆنێک بێت هەموو شتێک لەلای ئێوە وەک یەکە".

ئەوان بەم قسەیەم زویرنەبوون، بەڵکوو پێکەنینیان هات. پێکەنینەکەشیان لەبەرئەوە بوو کە من ئەم قسەیەم هیچ لۆمەیەکی تێدا نەبوو، بەڵکو بەس لەبەرئەوە بوو کە لەلای منیش هەموو شتێک وەک یەک بوو. ئەوان بینییان کە هەموو شتێک لەلام وەک یەکە، هەر ئەمەش بوو دڵی خۆشکردن.

کاتێک من لەسەر شەقامەکە بیرم لە گازەکە دەکردەوە، سەیرێکی ئاسمانم کرد. ئاسمان زۆر تاریک بوو، بەڵام بە ئاسانی ئەوە دەبینرا کە هەورەکان لەت لەت دیاربوون و لە بەینیشیاندا زۆر وردە خاڵی ڕەش دیاربوون.

لەپڕ لە خاڵێکی ڕەشیاندا ئەستێرۆکەیەکم بینی و بە وردی سەرنجم دایە، لەبەرئەوەش بوو ئەم ئەستێرۆکەیە بیرێکی پێ بەخشیم: من دەبێت ئەم شەو خۆم بکوژم. ئەم بیرە دوو مانگ لەمەوپێش هاتبوو بەسەرمدا، هەرچەندە زۆر هەژارم، بەڵام دەمانچەیەکی چاکم کڕی و هەر ئەو ڕۆژەش پڕم کرد لە فیشەک. وا دوو مانگی بەسەردا تێپەڕیوە و تا ئێستاش هەر لە سنووقەکەدایە. بەڵام چونکە بە تەواوی هەموو شتێک لەلام وەک یەک بوو حەزم دەکرد چرکەیەک بدۆزمەوە کە تیایدا یەکجار بەو شێوەیە هەموو شتێک وەک یەک نەبێت، بۆچی وام

دەویست؟ نازانم. ئێ بەم شێوەیە، من هەموو شەوێکی ئەم دوو مانگە، کاتێک دەگەڕامەوە بۆ ماڵەوە بیرم لەوە دەکردەوە خۆم بکوژم. چاوەڕێی ئەو چرکەیەم دەکرد. ئەوەتا ئەو ئەستێرۆکەیە ئەم بیرەی پێ بەخشیم، وە وایشم بڕیاردا کە ئەم شەو دەبێت ئەم بڕیارە جێ بەجێ بکەم، بەڵام بۆچی ئەو ئەستێرۆکەیە ئەم بیرەی خستە مێشکمەوە؟ نازانم. ئێ ئاوا، کاتێک من سەیری ئاسمانم دەکرد، لەپڕ کیژۆڵەیەک ئانیشکی گرتم. شەقامەکە چۆڵ بوو بوو، کەسی لێنەمابوو. لە دوورەوە عەرەبانچییەک لەسەر عەرەبانەکەی خەوتبوو. کیژۆڵەکە تەمەنی هەشت ساڵێک دەبوو، دەستەسرێکی پێبوو، جلێکی تەنکی لەبەردابوو، بە تەواوی تەڕبوو تەڕ، بەڵام بە تایبەتی پێڵاوە تەڕە دڕاوەکەی لە یادم بوو، هەروەها ئێستاش لە یادم دەرناچێت و سەرنجیان بە تایبەتی قۆستمەوە. لەپڕ ئانیشکی ڕاکێشام و بانگی کردم. نەدەگریا، بەڵام هاوارێکی پچڕ پچڕی لێ بەرز دەبووەوە، وەک بیەویت شتێک بڵێت و نەتوانێ قسەکان تەواو بکات لەبەرئەوەی هەموو گیانی دەلەرزی، لەرزینێکی هێواش، لە شتێک ڕۆحی چووبوو، بە غەمبارییەوە هاواری دەکرد "دایکە.. دایکە" ئاوڕم لی دایەوە، بەڵام هیچم نەووت و لەسەر ڕۆشتنەکەم بەردەوام بووم، بەڵام ئەو هەر بەدوامدا ڕایدەکرد و ڕایدەکێشام، لە دەنگیدا لەرەیەک هەبوو، ئەو لەرەیەی منداڵە تۆقیوەکان هەیانە، من ئەو لەرەی دەنگە دەناسم.

هەرچەندە کیژۆڵەکە هیچ قسەیەکی تەواو نەدەکرد، بەڵام من ئەوەمزانی کە دایکی لە شوێنێک لە شوێنەکان گیان دەدا، یاخود شتێکی بەسەر هاتووە و هەر لەبەرئەوەش ئەو ڕایکردووە و هاوار هاواری پێ کەوتووە بۆ یەکێک یان شتێک بدۆزێتەوە بۆ یارمەتی دانی، بەڵام من گوێم پێ نەدا و بەڵکو بە پێچەوانەوە

لەپڕ بیرێکی وا هات بە سەرمدا کە دووری بخەمەوە لەخۆم. لە پێشدا من پێم وت کە بچێت پۆلیسێک بدۆزێتەوە، بەڵام ئەو لەپڕ دەستی بەردا و خۆی زیاتر کۆکردەوە و لە تەنیشتمەوە ڕایدەکرد و هەناسەبڕکێی پێ کەوتبوو وازی لێ نەدەهێنام. بەڵام من خۆم گێڤ کردەوە و بەسەریدا هاوارمکرد، ئەویش قایمتر قیژاندی "گەورەم، گەورەم..." بەڵام لەپڕێکدا بەجێی هێشتم و ڕایکردە سەرشەقامەکە ڕێبوارێکی تری لێ بوو، دیاربوو لەبەر ئەو وازی لە من هێنا.

چوومە قاتی پێنجەم، لە ژوورێکدا دەژیم کە بە کرێم گرتووە. ژوورەکەی من بچووک و هەژارانەیە، پەنجەرەکەی نیوە بازنەیە و بێ نرخە. کەرەوێتەیەکم[1] هەیە کە ڕووکەشەکەی قووماشە، مێزێکیش کتێبی لەسەرە، دوو کورسی و کورسییەکی تر نەرم و کۆن بەڵام (ڤۆڵتێر) ییە.

دانیشتم و مۆمێکم داگیرساند و بیرم دەکردەوە. لە ژوورەکەی تەنیشتمەوە کە لەگەڵ ژوورەکەی مندا بە دیوارێک جیاکراونەتەوە، دەنگە دەنگ هەر بەدەوام بوو، ئەم غەڵبە غەڵبە سێ ڕۆژ بوو بەردەوان بوو. لەو ژوورەدا کاپیتانێکی سەربازی خانەنشین لە پلەی نەقیبدا دەژیا، شەش کەسی هیچ و پووچ میوانی بوون. ڤۆدکایان دەخواردەوە و بە کارتێکی کۆن یاری (شتۆس)[2] یان دەکرد دوێنێ شەو شەڕیان بوو، من دەزانم کە دوانیان قژی یەکتریان ڕادەکێشا ئەو ئافرەتەی کە خاوەن ماڵە، ویستی شکاتیان لێ بکات، بەڵام هەر زۆر لە کاپیتانەکە دەترسێت. ئەو کەسانەی کە لە ژووری تردا دەژین، تەنها ئافرەتێکی لاوازی کورتەباڵایە، ژنە ئەفسەرە و سێ منداڵی لەگەڵدایە، کە

---

١ دیڤان: وەک کەرەوێتە وایە، بەڵام دەکرێتەوە و وەک قەرەوێڵەی لێ دێت. (و)

٢ شتۆس: یارییەکی کۆنە و بە کارت دەکرێت. (و)

لە ژوورەکاندا نەخۆش کەوتن. خۆی و منداڵەکانی تا ئاستی بوورانەوە لە کاپیتانەکە دەترسن. بەدرێژای شەو هەڵدەلەرزین و نیشانەی خاچیان دەکێشا تەنانەت هەرە بچکۆلەکەیان تۆقیبوو خەریک بوو بەلادا بێت. وەک من بزانم ئەم کاپیتانە ڕۆژێک دێت و لەسەر سەقامی (نیفسکی) دەست لە خەڵک پاندەکاتەوە، هیچ کەسیک ئیشی ناداتی، بەڵام ئەو شتەی کە زۆر سەیرە (تەنها لەبەر ئەوە ئەم شتە دەگێڕمەوە) ئەم کاپیتانە مانگێکی تەواوە لەوەتەی هاتووە لێرە بژی هیچ بێزاری نەکردووم. بێگومان لە سەرەتادا خۆم لە (یەکتر ناسین) دوورخستەوە، هەروەها هەر لە یەکەمجاردا بێزاری خۆی بەرامبەرم دەربڕی.

بەڵام بەلای منەوە وەک یەکە لەو دیوەوە چەند هاوار بکەن، چی ڕوودەدا من بە درێژایی شەو دادەنیشم و هەر گوێشم لێیان نییە، لە ڕاستیدا من وام لەبەرئەوەی فەرامۆشم کردوون. هەموو شەوێ من تا بەرەبەیان ناخەوم، ئەمە بۆ ساڵێک دەچێ وام. بەدرێژایی شەو لەسەر کورسییەکەم دادەنیشم و هیچیش ناکەم. کتێبیش ناخوێنمەوە بە ڕۆژ نەبێ. دادەنیشم و بیریش ناکەمەوە. ئەگەر بیرێکیش بە خەیاڵمدا گوزەر بکات ئەوا فڕێی دەدەم. لە شەودا هەموو مۆمەکە دەسوتێت.

بە ئارامی دانیشتبووم. دەمانچەکەم دەرهێنا و لە بەردەممدا دامنا، بیرمە کاتێک دامنا بە خۆمم وت "کەواتە.. ئاوا؟" وەڵامێکی بێ دوودڵی خۆمم دایەوە "ئاوا" مەبەستم ئەوە بوو خۆم بکوژم. دەمزانی ئەمشەو خۆم دەکوژم، بەڵام نەمدەزانی چەند دادەنیشم تا کاتی خۆکوشتن دێت، بێگومان خۆم دەکوشت ئەگەر ئەو کیژۆڵەیە نەبووایە.

## -٢-

با پێتان بڵێم: هەرچەندە هەموو شتێک لەلام وەک یەک بوو، بەڵام هەستم بە ئازار دەکرد، بۆ نموونە ئەگەر یەکێک لێی بدامایە هەستم بە ئازار دەکرد. هەر ئەمەش بەتەواوی لە پەیوەندییە ئەخلاقیەکانیشدا ڕەنگی دایەوە. ئەگەر شتێکی ناخۆش ڕووی بدایە هەستی بەزەییم دەبزوا، بەتەواوی وەک ئەو کاتەی کە لە ژیاندا هەموو شتێک لەلام وەک یەک نەبوو. بەم جۆرە بوو پێش ئێستا بەزەیم بە کیژۆڵەکەدا هاتەوە. ئەگەر کۆرپەیەک بوایە یارمەتیم دەدا. بەڵام بۆچی یارمەتی کیژۆڵەکەم نەدا؟ تەنها لەبەر بیرێک بوو ئەوسا هات بە مێشکمدا، کاتێک ڕایدەکێشام و بانگی دەکردم لەپڕ پرسیارێک لە بەردەممدا قووت بووەوە نەمتوانی شیکاری بکەم. پرسیارەکەش بێ نرخ بوو، بەڵام تووڕەی کردم. تووڕەبوونەکەشم لەبەر دەرەنجامەکەی بوو، ئەویش ئەوەبوو ئەگەر من وا بڕیارم داوە ئەمشەو خۆم بکوژم. دەبێت ئەمشەو لە هەموو کاتێکی تر زیاتر ئەوەم لەلا خەست بێتەوە کە هەموو شتێ وەک یەکە، بەڵام بۆچی لەپڕ هەستمکرد کە هەموو شتێ لەلام وەک یەک نییە، بگرە بەزەیشم بە کیژۆڵەکەدا هاتەوە؟ بیرمە زۆرم بەزەیی پێداهاتەوە، هەستم بە ئازارێکی سەیریش کرد کە بۆ باری ئێستام شتێکی باوەڕ پێنەکراوە. بەڕاستی من ناتوانم بە شێوەیەکی باشتر تەعبیر لە هەستی ئەو ساتەم بکەم، بەڵام ئەو هەستە لەگەڵمدا بوو تا ماڵەوە، کاتێک لەسەر کورسییەکە دانیشتم مێشکم وروژابوو، وە ئەو بارە دەروونییەشم دەمێک بوو نەبوو بوو.

بیر لەدوای بیر بە مێشکمدا هاتن، وام هات بە خەیاڵدا ئەگەر من مرۆڤ بم، ئەوا تا ئێستا نەبوومە سفر. وە لەبەرئەوەی تا

ئێستا نەبووم بە سفر کەواتە دەژیم، هەروەها دەتوانم ئازار بچێژم، تووڕەبم، لە کردەوەکانمدا هەست بە شەرم بکەم. با وابێت، بەڵام ئەگەر من خۆم بکوژم بۆ نموونە دوای دوو سەعات هەقم بەسەر کیژۆڵەکەوە چییە؟ بیریش لە شەرم کردن بۆ بکەمەوە و لە هەموو شتێکی ئەم دونیایەش. من دەبم بە سفر، بە سفرێکی ڕەها. ئایا هەست کردنێکی وا گونجاوە کە من دوای ماوەیەک (بوون)م نابێت، مانای ئەوەیە کە هیچ شتێک (بوون)ی نابێت، نەدەبووایە هیچ کارێکی لێ بکردمایە، نە بەزەیی بە کیژۆڵەکەدا، نە هەست کردنم بە شەرم دوای کردەوەیەکی ناشرین؟

هەر لەبەرئەمە بوو قاچمدا بە زەویدا و هاوارێکی دڕندانەم بەسەر منداڵە بێ بەختەکەدا کرد، وەک ئەوەی بڵێم "نەوەکو هەر هەستیش بە بەزەیی ناکەم، بەڵکو ئێستا گەر کردەوەیەکی نامرۆڤانەشم لێ بوەشێتەوە، ئەوا دەتوانم چونکە هەموو شتێک دوای دوو سەعاتی تر دەکوژێتەوە". ئایا بڕوا دەکەن هەر لەبەر ئەمە بوو هاوارم کرد؟ وا ئێستا من بەتەواوەتیی ئەو شتەم لێ ڕوونە. وای لێ هاتووە کە هەموو شتێک (چ ژیان و چ دونیا) وەکو ئەوەی لەسەر من وەستابن وەهایە. وە دەتوانم بڵێم تەنانەت دونیا بەس لەبەر خاتری من و بە تەنها بۆ من دروست بووە. خۆم دەکوژم و دونیاش نامێنێت بەلای کەمەوە بۆ من، هەر لەوانەشە دوای من هیچ شتێک بۆ هیچ کەسێک نەمێنێت. دونیاش هەمووی دەکوژێتەوە بە کوژاندنەوەی من و نامێنێت. ڕەنگە هی ئەوە بێت کە ئەم دونیایە و هەموو ئەم خەڵکە لە خەیاڵی مندا کۆبووبێتنەوە، بیرمە، دانیشتووم و بیرم لەو شتانە دەکردەوە. هەموو ئەو پرسیارانەم، ئەو پرسیارە کەڵەکە بووانەم یەک لەدوای یەک بۆ شوێنی جیاواز جیاواز

دەنارد و شتێکی تازەم چنگ دەکەوت. بۆ نموونە، لەپڕ بیرێکی سەیر هات بە خەیاڵمدا ئەویش ئەوەبوو ئەگەر من لەسەر مانگ یان مەریخ بژیامایە و کردەوەیەکی لەڕادەبەدەر ناشرینم بکردبایە و لەسەر ئەوەش سزا و ئازار بدرامایە بە شێوەیەکی وا کە هەر لە خەون و وڕێنەدا هەستی پێ دەکرێت، دوای ئەوەش بهاتمایەتەوە سەر زەوی و ئەو هوشیارییەشم بپاراستایە، کە لەسەر ئەستێرەکەی تر چیم کردووە، لە هەمان کاتدا ئەوەشم بزانیبایە کە ئیتر هەرچی دەبێت تازە هەرگیز ناگەڕێمەوە بۆ ئەوێ، ئایا ئەو کاتە هەموو شتێ بەلامەوە وەک یەک بوو کاتێک لەسەر زەوییەوە سەیری مانگم بکردبایە؟ لەسەر ئەوە هەستم بە شەرمەزاری دەکرد یان نا؟ پرسیارەکانم بێ نرخ و زیادەبوون. لەبەرئەوە کە دەمانچەکە لە بەردەممدایە و بە هەموو (بوون) مەوە زانیم کەواش دەبێت، بەڵام پرسیارەکان منیان وروژاند و سەرشێتیان کردم، وەک ئەوەی توانای مردنم نەبێت، کە من نەتوانم هیچ پرسیارێک وەڵام بدەمەوە. بە کورتییەکەی ئەم کیژۆڵەیە منی ڕزگارکرد، چونکە پرسیارەکان وایان لێ کردم خۆکوشتنەکەم دووربخەمەوە. لەم ماوەیەشدا هێمنییەک باڵی بەسەر ژوورەکەی کاپیتانەکەدا کێشا. لە یاری کردن تەواوبوون و خۆیان بۆ خەوتن ئامادە دەکرد. بەڵام بە پاڵکەوتنەوە بۆڵە بۆڵیان بوو. جنێوەکانیان بە تەمبەڵییەوە تەواو دەکرد. لەم کاتەدا لەسەر کورسییەکەم سووکە خەوێک بردمییەوە کە ئەمە یەکەمجارە شتی وا ڕووبدات. بێ ئاگا خەوم لێکەوت.

وەک ئاشکرایە خەون شتێکی لە ڕادەبەدەر سەیر و سەمەرەیە. هەندێکیان بە تەواوی ڕوون و ئاشکران، تەنانەت شتە هەرە وردەکانیان وەک بەشێک بن لە یاقووت وا دەردەکەون. بەڵام

هەندێکی تریان پشتگوێ دەخەیت وەکو ئەوەی هەر نەشتبینیبێت: بۆ نموونە تۆ کات و شوێن جێ دەهێڵیت، واش دیارە خواست و ئارەزوو خەون کێش دەکەن نەک هۆش. دڵ نەک سەر، بەڵام ئای مێشکم چەند شتی نائاسایی لە خەونەکانمدا دەخولقاند، لەگەڵ ئەوەشدا شتی زۆر لە خەونەکانمدا دەبینران. بۆ نموونە براکەم پێنج ساڵ دەبێت کۆچی دوایی کردووە، هەندێک جار لە خەونەکانمدا دەیبینم، دەیبینم و بەشداری ئیش و کارمدەکات و بەیەکیشەوە زۆر دەگونجێین، لەگەڵ ئەوەشدا بەدرێژایی خەونەکە ئەوە دەزانم و لەبیریشمە کە براکەم کۆچی دوایی کردووە و نێژراوە. چۆن سەرم سوڕنامێنێت لەوەی مردووە و لە تەنیشتمەوە دەوەستێت و هەرچۆنێک بێت خۆی لەگەڵمدا خەریک دەکات. بۆچی مێشکم بە تەواوی ڕێگە بەم شتە دەدات. بەڵام بەسە با بچمە سەر گێڕانەوەی خەونەکەم.

بەڵێ، ئەو ساتە ئەم خەونەم بینی، خەونەکەم لە ڕۆژی سێیەمی تشرینی دووەمدا بوو ئەوان سەردەکەنە سەرم و دەڵێن ئەوە تەنها خەونێک بووە. بەڵام ئایا شیاوە کە خەون بووە یا نا، ئەگەر من بەهۆیەوە ڕاستیم بۆ دەرکەوت؟ بەڵام ئەگەر مرۆڤ جارێک ڕاستی بۆ دەرکەوت و بینی، دەزانێت کە ئەوە ڕاستی بووە و هیچی ترنا. گەر بخەون یان بژین. باشە با خەون بێت، باشە با وابێت، بەڵام ئەم ژیانەی کەوا لەلاتان زۆر پیرۆزە، ویستم بە خۆکوشتنێک بیکوژێنمەوە، بەڵام خەونەکەم، خەونەکەم، ئای چ ژیانێکی تازە و مەزن و نوێکەرەوە و بەهێزی پێ بەخشیم! گوێ بگرن.

## -٣-

وەک وتم سوکە خەوێک بردمییەوە، وەک ئەوەی لە بیرکردنەوە لەو شتانە بەردەوام بم. لەناکاودا خەونم بینی کە دەمانچەم بەدەستەوەیە، هەر بە دانیشتنانەوە بەرە و دڵمی ڕادەگرم. بەرەو دڵم نەک بەرەو کەلەم. کاتی خۆی وام بڕیاردابوو کە بێگومان دەمانچەکە بەرە و سەرم ڕادەگرم، بەتایبەتی لەلای بەشی ڕاستیش. بەرامبەر سنگم ڕامگرت یەک چرکە یان دوان چاوەڕێم کرد. مۆمەکەم، مێز و دیوارەکە لەپڕ دەستیانکرد بە جوڵانەوە، لاربوونەوە. بەخێرایی تەقاندم.

لە خەوندا هەندێ جار لە شوێنی بەرزەوە دەکەونە خوارەوە، یان خەون دەبینن و یەکێک سەرتان دەبڕێت یان لێتان دەدات بەڵام هەرگیز هەست بە ئازار ناکەن. مەگەر لەناو جێگاکەدا خۆتان خۆتان ئازار بدەن تەنها ئەو کاتە ئازارتان دەگات و هەمیشەش بەم ئازارەوە بەئاگادێنەوە، هەر ئەمەش بوو لە من ڕوویدا، هەستم بە ئازار نەکرد، بەڵام وامزانی کە بە گوللەکە هەموو گیانم کەوتە لەرزین، لەپڕ هەموو شتێک کپ بوو. دەوروپشتم لە ڕادەبەدەر لە تاریکیدا نقوم بوو، وەک کوێربووبم یان بەنج کرابم. ئەوەتام لەسەر شتێکی ڕەق ڕاکشاوم و هیچ نابینم و تواناى کەمترین جوڵانەوەم نییە. لە دەوروپشتمدا خەڵک هات و چۆ دەکەن و هاوار دەکەن و کاپیتانەکەیش بە دەنگێکی بەرز قسەدەکات، ئافرەتە خاوەنماڵەکەیش دەزریکێنێت و لەپڕ کپ بوونێکی تر. دواى ئەوەش ئەوەتا لە تابووتێکی داخراودا هەڵمدەگرن، هەستیش دەکەم تابووتەکە دەلەرێتەوە و بیریشی لێ دەکەمەوە. لەپڕدا و بۆ جاری یەکەمین خەیاڵێک دەوروخولی دام کە من مردووم، بە تەواوی مردووم، من ئەوە

## -٣-

وەک وتم سوکە خەوێک بردمییەوە، وەک ئەوەی لە بیرکردنەوە لەو شتانە بەردەوام بم. لەناکاودا خەونم بینی کە دەمانچەم بەدەستەوەیە، هەر بە دانیشتنانەوە بەرە و دڵمی ڕادەگرم. بەرەو دڵم نەک بەرەو کەلەم. کاتی خۆی وام بڕیاردابوو کە بێگومان دەمانچەکە بەرە و سەرم ڕادەگرم، بەتایبەتی لەلای بەشی ڕاستیش. بەرامبەر سنگم ڕامگرت یەک چرکە یان دوان چاوەڕێم کرد. مۆمەکەم، مێز و دیوارەکە لەپڕ دەستیانکرد بە جوڵانەوە، لاربوونەوە. بەخێرایی تەقاندم.

لە خەوندا هەندێ جار لە شوێنی بەرزەوە دەکەونە خوارەوە، یان خەون دەبینن و یەکێک سەرتان دەبڕێت یان لێتان دەدات بەڵام هەرگیز هەست بە ئازار ناکەن. مەگەر لەناو جێگاکەدا خۆتان خۆتان ئازار بدەن تەنها ئەو کاتە ئازارتان دەگات و هەمیشەش بەم ئازارەوە بەئاگادێنەوە، هەر ئەمەش بوو لە من ڕوویدا، هەستم بە ئازار نەکرد، بەڵام وامزانی کە بە گوللەکە هەموو گیانم کەوتە لەرزین، لەپڕ هەموو شتێک کپ بوو. دەوروپشتم لە ڕادەبەدەر لە تاریکیدا نقوم بوو، وەک کوێربووبم یان بەنج کرابم. ئەوەتام لەسەر شتێکی ڕەق ڕاکشاوم و هیچ نابینم و توانای کەمترین جوڵانەوەم نییە. لە دەوروپشتمدا خەڵک هات و چۆ دەکەن و هاوار دەکەن و کاپیتانەکەیش بە دەنگێکی بەرز قسەدەکات، ئافرەتە خاوەن ماڵەکەیش دەزریکێنێت و لەپڕ کپ بوونێکی تر. دوای ئەوەش ئەوەتا لە تابووتێکی داخراودا هەڵمدەگرن، هەستیش دەکەم تابووتەکە دەلەرێتەوە و بیریشی لێ دەکەمەوە. لەپڕدا و بۆ جاری یەکەمین خەیاڵێک دەوروخولی دام کە من مردووم، بە تەواوی مردووم، من ئەوە

دەزانم و گومانیشم لێی نییە، هیچ نابینم و هیچ ناجوڵێمەوە، لەگەڵ ئەوەشدا هەست دەکەم و بیریش دەکەمەوە، بەڵام دوای تۆزێک بەرامبەر ئەو شتە دەستەوسان دەمێنمەوە. وەک شتێکی ئاسایی، وەک لە خەوندا بڕوا بەو شتە دەکەم کە بوونی هەیە بەبێ هیچ مشتومڕێک.

ئێ ئەوەتا لەناو زەویدا دەمنێژن و هەموویان دەڕۆنەوە. منیش تەنیا، بە تەواوی تاک و تەنیا، ناجوڵێمەوە. کاتی خۆی، کاتی ئاگایی هەمیشە کە بیرم لەوە دەکردەوە چۆن لە گۆڕێکدا دەمشارنەوە، وەک تایبەتمەندێتی گۆڕ، بەرامبەری یەک هەستم هەبوو، ئەویش هەستکردن بەوەی گۆڕ سارد و شێدارە، هەروەها ئێستاش هەستم بە سەرمایەکی توند کرد، بە تایبەتی لە بەینی پەنجەکانی قاچمدا، بەڵام هەستم بەهیچ شتێکی تر نەدەکرد. ڕاکشابووم، سەیریش لەوەدا بوو کە چاوەڕوانی هیچ شتێکم نەدەکرد، بەبێ هیچ مشتومڕێک بەوە ڕازی بووم، مردوو چاوەڕوانی هیچ شتێک ناکات، بەڵام ئەوێ شێدار بوو وە ناشزانم کات چەند تێپەڕی: سەعاتێک یان چەند ڕۆژێکی کەم یان زۆر.

بەڵام لەپڕ دڵۆپێک ئاو کەوتە سەر تابووتە داپۆشراوەکە و لەوێوە ڕژایە سەر چاوی نوقاوی چەپم، بە دوای ئەودا و دوای دەقیقەیەک دڵۆپێکی ترو دڵۆپێکی ترو بەم شێوەیە هەموو خولەکێک. لە دڵمدا تووڕەبوونێک کڵپەی کرد، کە وای لێ کردم هەست بە ئازارێکی ئۆرگانی بکەم. بیرم کردەوە" ئەمە برینەکەمە. تەقەکردنەکە، گولەکەش لەوێیە..." دڵۆپەکانیش یەکسەر دەڕژانە سەر چاوە نوقاوەکەم، لە پڕێکدا بانگی خاوەن دەسەڵاتم کرد، ئەوەی ئەو شتانەی بە سەرمدا هێنا. بە زمان

بانگم نەکرد بەڵکو بە هەموو (بوون)مەوە چونکە نەدەجوڵامەوە.

- هەچ کەسێک بێت، بەڵام ئەگەر تۆ هەیت و ئەگەر شتێک هەبێت هوشیارتر لەوەی کە ئیتر ڕوودەدات دە بانگی بکە بێت بۆ ئێرە. ئەگەر حەقم لێ دەکەیتەوە کە ناشیرین و نەزانانە کۆتاییم بە ژیانی خۆم هێناوە وژیانێکی بێ نرختریش لە دوایدا ئەوە بزانە هەرچی ئازارێک بچێژم لە هیچ کاتێکدا ناخرێتە ئاستی ئەم سوکایەتی پێ کردنەی ئێستام کە بە بێدەنگی هەستی پێ دەکەم، بگرە لە بەردەوامی ملیۆن ساڵی تری ئازاریش.

بە داوا لێ کردنەوە بانگم کرد و بێدەنگ بووم. بێدەنگییە قووڵەکە نزیکەی دەقیقەیەکی تەواوی خایاند، کەچی دڵۆپێکی تر کەوتە خوارەوە، بەڵام ئەوەم زانی، زانیم و بە شێوەیەک بڕوام بەوە کرد کە هەرگیز جێ پێی پێ لەق ناکرێت کە بێگومان ئێستا هەموو شتێک دەگۆڕدرێت. ئەوە گۆڕەکەمە و لەپڕ درزی برد. مەبەستم ئەوەیە ئایا گۆڕەکەم سەرنەگیراو شەق بردوو بوو، بەڵام بونەوەرێکی تاریک و نە ناسراو هەڵیگرتم. خۆمان لە بۆشایی ئاسمان بینییەوە، لەپڕ توانیم تەماشا بکەم، شەو زۆر تاریک بوو، تاریکییەکی وا کە هەرگیز نەبووبێت ئێمە بەرزبووینەوە و لە زەوی دوورکەوتینەوە. من هیچ پرسیارێکم لەو کەسە نەدەکرد بەرزی دەکردمەوە. چاوەڕوان بووم و هەستم بە شانازی دەکرد، وا بڕوام بە خۆم دەهێنا ناترسم. نەترساندنەکەشم بووە بیرێکی بەستووی بەدڵداچوو. بیرم ناکەوێتەوە لە فڕینەکەماندا چەند کاتمان بەسەربرد. وە ناشتوانم وێنای بکەم: هەموو وا دەکەوێتەوە وەک هەمیشە لە خەوندا ڕوودەدات. کاتێک ئاستی کات و شوێن جێ دەهێڵێت، ئاستی

یاسای(بوون) و هۆش، تەنها لەو خاڵانەشدا ئیستیکمان دەکرد کە دڵ خەونی پێوە دەبینێت. لەبیرمە، لەپڕ ئەستێرۆکەیەکم لە تاریکیدا بەدی کرد "ئەمە سیریوسە[٣]؟" پرسیارم کرد. سەبرم سوا هەرچەندە نەمدەویست هیچ پرسیارێک بکەم."نەخێر، ئەمە هەمان ئەو ئەستێرۆکەیەیە کە لە بەینی هەورەکانەوە بینیبووت کاتێ دەگەڕایتەوە بەرە و ماڵەوە" ئەو بوونەوەرەی کە منی هەڵگرتبوو وەڵامی دامەوە. زانیم لەوە دەچێت دەموچاوێکی مرۆڤانەی هەبێت، شتێکی زۆر سەیریش ئەوەبوو من ئەم بوونەوەرەم خۆشنەدەویست و ڕقم لێی دەبووەوە.

من بە تەواوی وامدەزانی کە (بوون)م نامێنێت هەر لەبەر ئەوەش بوو گوللەکەم گرتە دڵم، کەچی ئەوەتام دەستم بە دەستی بوونەوەرێکەوەیە، بێگومان مرۆڤ نییە، بەڵام (بوون) ی هەیە."ئاه! کەواتە دوای مردنیش ژیان هەیە".بیرم لەو تەنکە هوشیارییە سەیرەی خەون دەکردەوە، بەڵام هەموو دڵم بە هەموو قوورساییەکییەوە لەگەڵمدا بوو. بیرم کردەوە " ئەگەر جارێکی تر زیندووبوونەوە هەیە، بە پێی ویستی بوونەوەرێک ژیان جارێکی تر هەیە، کەواتە نامەوێت ئازارم بدەن و ناشمەوێت سووکایەتیم پێ بکرێت" بە هاوڕێی ڕێگاکەم ووت" تۆ دەزانیت کە من لێت دەترسێم، هەر لەبەر ئەوەش ڕقت لێم دەبێتەوە". نەمدەتوانی لەو پرسیارە پڕ سووکایەتی پێکردنە خۆم بگرم کە دان پێدانانی گرتبووەخۆ، هەست کردنیش بە سووکایەتی پێ کردن وەک سەرە دەرزی لە دڵمدا چەقیبوو. وەڵامی نەدامەوە، بەڵام لە پڕ هەستم کرد کە ڕقی لێم نابێتەوە، گاڵتەشم پێ ناکات، تەنانەت بەزەیشی پێمدا نایەتەوە، ئەم گەشتەشمان ئامانجێکی شاردراوەی هەیە کە تەنها پەیوەندی بە خۆمەوە هەیە. تۆزە

٣ سیریوس: ڕووناکترین ئەستێرەی گەردوونە. (و)

تۆزە ترس لە دڵمدا زیادی دەكرد. شتێكی بێدەنگ بەڵام بە ئازار لە هاوڕێی سەفەرەكەم پێدەگەیشت وەك ئەوە وابوو بمبڕێت. ئێمە لە تاریكییەكی بێ كۆتایدا دەفڕین. من دەمێك بوو ئەو ئەستێرانەم نەدەبینی كە بە چاوم ئاشنا بوون. من دەمزانی كە لە بۆشایی ئاسماندا ئەستێرە هەن كە تیشكەكانیان چەند هەزار و ملیۆن ساڵ نەبێ ناگەنە زەوی. لەوانە بوو ئەو بۆشاییەمان ببڕیایە من چاوەڕوانی شتێكی ترسناك و ئازاراویم دەكرد كە دڵمی تەنگ كردبوو. لە پڕ هەستێكی ئاشنا لە پلەیەكی بەرزدا منی ڕاچڵەكاند: لە پڕ ڕۆژەكەی خۆمانم بینی. ئەوەم زانی كە ناكرێت ئەمە ئەو(ڕۆژ)ە بێ كە زەویمانی لێ دروست بووە و ئێمەش بێ كۆتایی لێی دوورین. بەڵام لەبەر هۆیەكی نادیار، بە هەموو (بوون)مەوە زانیم كە ئەم (ڕۆژ)ە زۆر لە(ڕۆژ)ەكەی خۆمان دەچێت، دووبارەی ئەوە و دووانەن. ئەم هەستە شیرین و سەرنج ڕاكێشە لە ڕۆحم وورووكابوو: هێزی ڕووناكییە خۆشەویستەكەم، ئەو ڕووناكییەی منی دروست كردبوو هەموو دڵمی سەر لێو كرد لە زیندوێتی و هەستم بە ژیان كرد، بەو ژیانەی یەكەمجار، یەكەمجاری پێش مردنەكەم. هاوارم كرد :ئەگەر ئەمە (ڕۆژ) بێت و وەك ڕۆژەكەی خۆمان بێت، ئەی كەواتە زەوی لە كوێیە؟ هاوڕێی سەفەرەكەم پەنجەی بۆ ئەستێرەیەك ڕاكێشا كە لە تاریكیدا وەك پیرۆزە دەدرەوشایەوە، دەستمان كرد بە فڕین بەرەو ئەوێ.

- ئایا شتێكی شیاوە ئەم هەموو دووبارەبووانەی گەردوون، ئایا ئەم یاسای سرووشتە بەجێیە؟ ئەگەر ئەوەش كە لەوێیە زەوی بێت، ئایا شتێكی بەجێیە وەك زەوی خۆمان بێت. بەتەواوی وەكو ئەوەی خۆمان، بێ بەخت و بێ كەڵك

بێت، بەڵام بۆ هەتا هەتایە ئازیز و خۆشەویست، هەروەها هەمان خۆشەویستی پڕ ژان بۆخۆی دروست بکات وەکو زەوییەکەی خۆمان لە لایەن منداڵە بێسفەتەکانیەوە؟ هاوارم کرد، هاوارێکی پڕ داچڵەکین کە پڕی بوو لە خۆنەگرتن بۆ تامەزرۆی خۆشەویستی بەرامبەر ئەو زەوییەی کە جێم هێشت. لەبەرچاومدا سیمای ئەو کیژۆڵەیەی کە ئازارمدا قووت بووەوە. هاوڕێی سەفەرەکەم وەڵامی دامەوە:

– هەموو شتێک دەبینیت. لەرەی غەم لە ڕستەکەیدا بوو، ئێمە زۆر زوو لە ئەستێرەکە نزیک دەکەوتینەوە.. تۆزە تۆزە لەبەرچاومدا گەورە دەبوو، تاوام لێهات کە ئۆقیانووسەکان بناسمەوە، سنووری ئەورووپا بناسمەوە. کتوپڕ هەستێکی زۆر غەریب لە دڵمدا کڵپەی سەند، هەستێکی غەریبی وا کە سەرلێو بوو لە دڵپیسییەکی مەزنی پیرۆز. "چۆن دەبێت ئەم هەموو دووبارەبوونەوەیە، لەبەرچی؟ من خۆشەویستیم لە دڵدایە، ئەو خۆشەویستیەم تەنها بۆ ئەو زەوییەیە کە بەجێم هێشتووە، ئەو زەوییەی کە خوێنمی لێ ڕژا کاتێک ژیانی خۆم بە گوللەیەک سڕییەوە. بەڵام من خۆشەویستیم هەرگیز بۆ زەوی سارد نەبۆتەوە، تەنانەت لەو شەوەشدا کە بەجێم هێشت. لەوانەیە لە هەموو کاتێکی تر زیاتر بە ژانێکی گەورەترەوە خۆشم بوێت. ئایا هیچ ژانێک لەم زەوییە تازەیەدا بوونی هەیە؟ ئێمە لەسەر زەوی خۆمان هیچ خۆشەویستییەکی تر ناناسین. من بۆ خۆشەویستی پێویستم بە ژانە. من پێویستمە، من تینووم لەم ساتەدا بۆ ئەوەی بۆ زەوی ڕازی بوونم دەرببڕم و فرمێسکیش لە چاوەکانمەوە بڕژێت. تەنها بۆ ئەو زەوییەی کە بەجێم

هێشت. هیچ ژیانێکم ناوێت و بە هیچ شتێکیش ڕازی نابم ئەگەر لەسەر زەوییەکی تر بێت.

هاوڕێی سەفەرەکەم جێی هێشتبووم، زۆر کتوپڕ، وەک ئاگام لەخۆم نەبێت خۆم لەسەر ئەم زەوییە تازەیە بینییەوە. لە ڕۆژێکی هەتاویی پڕ سیحری وەک بەهەشت. وا دەردەکەوت کە وەستابم لەسەر یەکێک لەو جەزیرانەی کە ئەرخەبیلی یۆنانی پێک دێنێت. یان لە پارچە بەشێکی کەناری دەریا بەرامبەر ئەم ئەرخەبیلە. ئاها هەموو شتی تەواو وەک هی خۆمان بەڵام وەکو ئەوە وابوو کە باق و بریقی درەوشانەوەی جەژن بێت، سەرکەوتنێکی مەزن و پیرۆزی دوا چرکە بێت. دەریاکە وەک پیرۆزەیەکی زۆر تەنک خۆی لە کەنارەکەی دەدا و بە خۆشەویستییەکی ڕوون و بینراو و وشیارەوە ماچی دەکرد. درەختە باریکەلە جوانەکان بە هەموو گوڵە بێ نموونەکانیەوە وەستابوون، گەڵاکانیان لە ژماردن نەدەهاتن وایان لێ کردم بڕوا بەوە بهێنم کە بە لەرینەوە نەرمەکانیان بەخێرهاتنیان دەکردم وەکو ئەوەی چرپەی وشەی خۆشەویستی بێت. گیایە نەرمەکە دەدرەوشایەوە بەهۆی گوڵە بۆن خۆشەکانییەوە. باڵندەکان بە کۆمەڵ دەفڕین بێ ئەوەی لە من بترسن لەسەر لەپی دەستم، لەسەر شانم دەنیشتنەوە. بە خۆشییەوە، بە باڵە بچکۆلە جوانە ئێسک سووکەکانیانەوە باڵە فڕەیان بوو. لە کۆتایدا ئەو خەڵکە دڵخۆشەم بینی و ناسی. خۆیان هاتن بۆلام.. دەوریان دام. ماچیان دەکردم. منداڵەکانی ڕۆژ. منداڵەکانی ڕۆژەکانیان ئاه چەند بێ نموونەبوون. بە هیچ شێوەیەک لەسەر زەوی خۆمان مرۆڤی لەو جوانییەم نەبینیوە، هەرچەندە لە منداڵەکانی خۆشماندا لە ڕۆژەکانی سەرەتای تەمەنیاندا

جوانییەکی لەو بابەتە (هەرچەندە کەمیشە) دەبینرێ. چاوانی ئەو خەڵکە دڵخۆشانە ڕوون ڕوون دەدرەوشانەوە. سیمایان تیشکی زیرەکی لێ دەبووەوە، هوشیارییەکی پڕ دڵنیایی، ئەم دەموچاوانە شیرین بوون دڵخۆشییەکی منداڵانە لە وشە و دەنگیاندا دەلەرایەوە. ئاهـ هەموو شتێک تێگەیشتم، یەکسەر تێگەیشتم هەر لەو ساتەوە کە سیمایانم بەرچاوکەوت. ئەو زەوییە زەوییەک بوو کفرکردن پیسی نەکردبوو، خەڵکێکی لەسەر دەژیان گوناح کردنیان نەدەزانی چییە، لە بەهەشتێکی وادا دەژیان وەک بەهەشتەکەی ئادەم و حەوای گوناحکار وەک لە هەموو چیرۆکە ئەفسانە مرۆڤایەتییەکاندا هاتووە، بەڵام بە جۆرێک لە جۆرەکان جیاوازی هەبوو، ئەویش ئەوەبوو کە ئەم زەوییە هەمووی، بە هەموو بەش و سووچەکانییەوە یەک بەهەشت بوو. ئەو خەڵکە لێم ورووکابوون لە دڵەوە پێدەکەنین، زۆر نەرم و نیان لەگەڵمدا، بردمیانەوە بۆ ماڵەوە. هەریەکەیان هەوڵی ئەوەیان دەدا دڵنیام بکەن. ئۆهـ! هیچ پرسیارێکیان لێ نەکردم. وا هاتنە پێش چاوم وەک ئەوەی هەموو شتێک بزانن، هەر لەبەر ئەوەش دەیانوویست ئەو ژانەی کە لەسەر دەموچاوم نیشتووە لە کەمترین کاتدا بسڕنەوە.

## -٤-

وەک دەبینن ئەمە هەمووی بوو. بەڵام باشە ئەمە با تەنها خەونێک بێت. بەڵام هەستی خۆشەویستیم بەرامبەر ئەو خەڵکە پاک و بێ نموونانەدا تا هەتاهەتایە لە ناخمدا دەژی، هەست دەکەم ئێستاش خۆشەویستیان لەوێوە بەسەرمدا دەبارێت.من خۆم ئەوانم بینی، ناسیمن و بۆم دەرکەوتن و خۆشمویستن، دوایش بە هۆی ئەوانەوە ئازارم چەشت. تەنانەت ئەوساش

یەکسەر تێگەیشتم کە من لە زۆر لاوە بە هیچ شێوەیەک لێیان تێ ناگەم. بۆم ڕوون بووەوە کە من، منێکی پێشکەوتووخوازی ڕووسی هاوچەرخ، پێتەربۆرگێکی بۆگەن بۆم شیکار نەدەکرا بۆ نموونە کە ئەوان شتێکی زۆر دەزانن، بەڵام زانستی ئێمەیان پێ نییە، بەڵام هەر زۆر بە خێرایی بۆم دەرکەوت زانیارییان لە هەندێ هۆکارەوە دروست بووە و تێروتەسەل و بێ ناتەواوی کە زۆر جیاوازە لەوەی لای ئێمەی سەرزەوی، هەروەها ویستخوازیشیان بە تەواوی جیاوازترە. هیچ شتێکیان نەدەویست و دڵنیاش بوون، نەشیان دەویست بەو جۆرە لە ژیان تێ بگەن کە ئێمە دەمانەوێت تێی بگەین، چونکە ژیانیان خۆی پڕبوو، بەڵام زانیارییان زۆر لەوەی ئێمە قووڵتر و بەرزتربوو، چونکە زانستمان بە دوای ڕوونکردنەوەی ئەوەدا وێڵە کە ژیان چییە، هەوڵدانەکەش هەر لەبەر ئەوەیە کە فێری ئەوانی تر بکات بژین، بەڵام ئەوان بەبێ زانست ئەوەیان زانیووە چۆن دەبێت بژین، من ئەمەم هەست پێکرد بەڵام لە زانیارییەکەیان تێ نەگەیشتم. درەختەکانیان پیشان دەدام، بەڵام لەوە سەرم دەرنەدەکرد کە بە چ خۆشەویستییەکی زۆرەوە سەیری درەختەکانیان دەکرد. وەکو ئەوە وابوو کە لەگەڵ زیندەوەرێکدا قسەبکەن کە کتومت لەوان دەکات. ئەوە بزانن کە هەڵە ناکەم ئەگەر بڵێم کە بگرە قسەیان لەگەڵ دەکردن. بەڵێ زمانەکەیان دۆزیبووەوە. من دڵنیام کە ئەو درەختانەش تێیان دەگەیشتن. هەر بەم شێوەیەش سەیری هەموو سروشتیان دەکرد. سەیری ئەو ئاژەڵانەش کە لەگەڵیاندا بە ئاشتی دەژیان. هێرشیان نەدەکردە سەریان. خۆشەویستیان بۆیان خۆشەویستییەکی پڕ دڵنیایی بوو پەنجەیان بۆ ڕادەکێشا. شتی وایان باس دەکرد لەبارەیانەوە کە من تێی نەدەگەیشتم. بەڵام لەوە دڵنیام کە وەک ئەوەی شتێ

بە ئەستێرەكانەوە بیانبەستێتەوە نەک تەنها بە خەیاڵ بەڵكو بە شێوەیەكی زیندوو. ئاهـ ئەو خەڵكە نەیاندەویست كە من تێیان بگەم. بەبێ ئەوە منیان خۆشدەویست، لەگەڵ ئەوەشدا من ئەوە تێ گەیشتم كە ئەوان بە هیچ شێوەیەک لە من تێناگەن. هەر لەبەر ئەوەش بوو من باسی زەوی خۆمانم بۆ نەكردن و تەنها بە بەرچاوی ئەوانەوە ئەو زەوییەم ماچ كرد كە لەسەری دەژیان. بە بێ هیچ وشەیەک ئەوانم پەرست. ئەوانیش بەوەیان زانی. وازیان لێ هێنام خۆشم بوێن و بیانپەرستم، بە بێ ئەوەی لە خۆشەویستییەكەم شەرم بكەن چونكە خۆیان خۆشەویستییەكی زۆریان لە دڵدا بوو. بە دەست منەوە ئازاریان نەدەكێشا كاتێک فرمێسک لە چاوەكانمدا قەتیس مابوون. هەندێک جار قاچم ماچ دەكردن، هەستم بە دڵخۆشی دەكرد كە ئەوان بە چ هێزێكی پڕ خۆشەویستییەوە وەڵامیان دەدامەوە. هەندێک جار بە سەرسوڕمانەوە لە خۆم دەپرسی: چۆن ئەوان توانییان ئەم هەموو كاتە دووروودرێژە ئازاری مرۆڤێكی وەک من نەدەن و بەرامبەر مرۆڤێكی وەک منیش هەستی دڵپیسی و خۆویستی نەبزوێنن؟ وە زۆر جار لە خۆم دەپرسی: ئایا من چۆن توانیم، منێكی لەخۆبایی و درۆزن، باسی ئەو شتانەیان بۆ نەكەم كە دەمزانین و ئەوانیش بێ ئاگا لێی. بێگومان نەمدەویست سەرنجیان بۆ ئەو شتانە ڕابكێشم و لەبەر خۆشەویستیشیان بوو؟ زۆر چالاک بوون، ڕۆح سووک بوون وەک منداڵ. گەڕۆكی ناو دارودرەخت و دارستانە بێ نموونەكانیان بوون. گۆرانی خۆش خۆشیان دەچڕی. خواردنێكی سووكیان دەخوارد كە بەرهەمی درەختەكانیان بوو، هەنگوینی دارستانەكانیان، شیری ئاژەڵەكانیان، كە خۆشیاندەویست و بۆ خواردن و جلوبەرگیان زۆر ماندوو نەدەبوون، بەڵكو زۆر بە ئاسانی

بەدەستیانەوە دەهات. خۆشەویستی لە نێوانیاندا هاتوچۆی دەکرد، منداڵەکانیان لەدایک دەبوون، بەڵام ئەو شەهوانییەتە دڵڕەقەی کە هەموومانی گرتۆتەوە لەسەر زەوی لای ئەوان نەبوو. هەموومان و هەریەکیش لە ئێمە دەبێتە سەرچاوەیەکی تاک و تەنیا بۆ هەموو گوناحی مرۆڤایەتیمان. دڵیان بەو منداڵانە زۆر دەکرایەوە کە لەدایک دەبوون، وەک بەشداربوویەکی تازەی دڵخۆشییان. لە نێوانیاندا شەڕ و دڵپیسی نەبوو، نەک ئەمە بەڵکو هەر نەشیاندەزانی ئەمانە چین و چی دەگەیەنن. منداڵەکانیان منداڵی هەمووان بوون، چونکە بە هەموویان یەک خێزانیان پێک دەهێنا. هیچ نەخۆشییەکیان نەبوو هەرچەندە مردنیان هەبوو، بەڵام پیرەکانیان بە هێمنی دەمردن، وەک خەوێکی قووڵیان لێ کەوتبێت، ئەوانیش لە دەوری کۆدەبوونەوە پیرۆزباییان لێ دەکرد و بۆی پێدەکەنین و بە زەردەخەنەیەکی رووناکەوە بەڕێیان دەکرد. لە بابەتی ئاوادا هیچ شیوەن و فرمێسکێکم بەدی نەدەکرد، تەنها خۆشەویستی نەبێت وەک ورشە و پرشەیەکی دڵشاد بەڵام نەشئەیەکی خۆش و هێمن بە تێرامانەوە جێی دەگرتەوە. تەنانەت گومان لەوە نەدەکرا کە ئەوان دوای مردنیش پەیوەندی خۆیان لەگەڵ مردووەکاندا نەدەپچڕاند. ئەو کۆبوونەوە زەمینییەیان بە مردنیش بڵاوەی لێ نەدەکرا. کاتێکیش من باسی ژیانی ئەبەدیم بۆ دەکردن لێم تێ نەدەگەیشتن، بەڵام لەوە دەچوو گومانیشیان لێ نەبێت و تەنانەت ئەمە نەدەبووە هیچ مەسەلەیەک لەلایان. پەرستگایان نەبوو، بەڵام یەکگرتنێکی بەردەوام و زیندوویان لەگەڵ هەموو گەردووندا هەبوو. باوەڕکردنیان لانەبوو، بەڵام لەجیاتی ئەوە زانیارییەکی پڕیان لابوو لەبارەی ئەوەوە کە خۆشەویستییەکی زەمینیان تەواو دەکرد بەرامبەر سنووری سروشتی زەوی، چ بۆ

مردووەکان و چ بۆ زیندووەکان پەیوەندیەکی فراوانتر دروست دەکەن لەگەڵ هەموو گەردووندا. بە دڵخۆشییەوە چاوەڕوانی ئەم ساتەیان دەکرد، بەڵام بەبی ئەوەی پەلە بکەن، تامەزرۆیشیان بۆ دەرنەدەخست بەڵام وەکو ئەوەی لە خولیای دڵیاندا خاوەنی بن لە نێوان خۆیاندا باسیان دەکرد. لە ئێوارەکاندا کاتێک خۆیان بۆ خەو ئامادە دەکرد، حەزیان دەکرد هەندێ کۆڕالی ڕێکخراو و گونجاو ئامادە بکەن. لەم گۆرانیانەدا هەموو هەستی ڕۆژی بەسەرچوویان بەسەردەکردەوە. دەیانپەرست و خواحافیزییان لێ دەکرد. سروشت و زەوی و دەریا و دارستانەکانیان دەپەرست. حەزیان لەوەبوو گۆرانی بەسەر یەکدا هەڵبدەن و وەک منداڵ نازی یەکتریان دەگرت. ئەمانەش سادەترین گۆرانی بوون، بەڵام گۆرانییەک کە لە دڵەوە هەڵدەقوڵا و دەچووەوە ناو دڵ. بەڵێ، بەس تەنیا لە گۆرانییەکاندا نا، بەڵکو هەموو ژیانیان وەک دەبینرا کە بە شێوەیەک دەیانبردە سەر خۆشی وەربگرن لە بینینی یەکتری و هیچی ترنا، ئەمەیش عەشقێکی گشت و پڕ بوو. گۆرانییەکانی تر کە ئاهەنگساز و پڕ لە تامەزرۆیی بوون تێی نەدەگەیشتم. نەمدەتوانی بە هیچ شێوەیەک لە ووشەکانی بگەم و ڕۆ بچمە نێو هەموو ماناکانیانەوە، بە شێوەیەک مانەوە کە نەدەگەیشتنە مێشکم، کەچی دڵم وەک ئەوەی خۆی لە خۆیدا زیاتر و زیاتر بچێتە ناویان. هەندێک جار پێم دەووتن کە ئەمە من خۆم زۆر لە مێژە خولیام بووە و هەستم پێ کردووە ئەم هەموو خۆشی و پیرۆزییەش وای بۆ دەچووم کاتێ لەسەر زەوی بووم وەک سۆزێکی ئاواتخواز کە هەندێ جار دەگەیشتە ئاستێکی غەمباری لە توانابەدەر، وە هەستم بە هەموویان کردووە، بە پیرۆزییەکەیان لە خەونەکانی دڵمدا و لە ئاواتەکانی مێشکمدا کە وای لێ کردووم هەندێک جار کە

نەتوانم لەسەر زەوییەوە سەیری ئەو خۆرە ئاوابووە بکەم بەبێ ئەوەی فرمێسک هەڵبژێرم... هەمیشە غەمێکی قووڵی پڕ لە ڕقم بەرامبەر مرۆڤەکانی زەوی خۆمان هەبوو: بۆچی ناتوانم ڕقم لێیان نەبێتەوە بەبێ ئەوەی خۆشم نەوێن، بۆچی ناتوانم لێیان خۆش نەبم کەچی خۆشەویستیم بۆ ئێرە پڕە لە خەم؟ بۆچی ناتوانم خۆشم بوێن لە کاتێکدا کە ڕقم لێیان دەبێتەوە؟ گوێیان بۆ دەگرتم سەیرم دەکرد کە ناتوانن لێم تێبگەن، بەڵام هیچ پەشیمان نیم بەوەی ئەو شتانەم بۆ باس کردن: ئەوەم زانی ئەوان لەو هێزە پڕ خەمەم دەگەن بەرامبەر ئەو کەسانەی کە بەجێم هێشتن. بەڵێ، کاتێ تێیان دەڕوانیم بەو سەرنجە جوانە پڕ خۆشەویستییەیانەوە، کاتێک هەستم کرد دڵم لەلایان زۆر بەبێ تاوان و پاک مایەوە وەک دڵی خۆیان، پەشیمان نەبووم لەوەی کە تێیان نەگەیشتم. هەست کردنم بە پڕێتی ژیان ناخمی داگیرکرد و بە بێدەنگی نوێژم بۆ کردن.

ئاهـ ئێستاکە هەموو لە بەرچاومدا پێکەنینیان دێت و سوورن لەسەر ئەوەی کە مەحاڵە نووستوویەک لە خەونیدا ئەم هەموو بەسەرهاتە ببینێت کە من دەیگێڕمەوە، منیش لە خەومدا بینیم یان هەستکردنێکم لەناو دڵدا دروست بوو کە لە وڕێنەی تاوە هاتووە. بەسەرهاتەکەش خۆم دروستم کردووە، لە کاتێکدا خەبەرم بووەتەوە. کاتێکیش ئەوەم بۆ ڕوون کردنەوە کە لە ڕاستیدا ئاساییە شتێکی وا ڕووبدات. ئۆهـ خوایە چ پێکەنینێک لە بەرچاومدا پێکەنین و چ نوکتەیەکیشیان بۆ ڕەخسا! ئۆهـ! بەڵێ، بێگومان تەنها هەست کردن بەو خەونە منی داگیر کرد، تەنیا خەونەکەش بە ساغ و سەلامەتی ڕژایە خوێنی دڵی بریندارمەوە. بەڵام لەگەل ئەوەشدا وێنە و شێوە ڕاستەقینەکانی خەونەکەم، ئەوەی کە بەڕاستی بینیبووم دەست نیشان کراوبوو

بە گونجاندنێکی تەواوەوە. زۆریش جوان و بێ وێنە بوو، وە زۆریش ڕاست بوو بە شێوەیەک کاتێک خەبەرم بووەوە نەمتوانی بەم وشە بێ هێزانەی خۆمان بیگێڕمەوە. بەو مانایەی کە مێشکم سەرسام بوو، ئەویش ئەوە دەگەیەنێت بەبێ ئەوەی ئاگاداربم ناچاربووم کە لە دوایدا گێڕانەوەکەی هەڵبەستم، وە شێواندم، بێگومان لە ئاواتێکی گەرم و گوڕەوە تەنها تۆزێکی لێ دەگێڕمەوە و لە نزیکترین کاتیشدا بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا چۆن بڕوا بکەم کە ئەو هەموو شتە ڕووی داوە؟ لەوانەیە هەزار جار ڕووناکتر و خۆشتر بووبێ لەوەی دەیگێڕمەوە؟ با خەونێک بێت، بەڵام ئەوانە نەدەکرا ڕوویان نەدایە. با نهێنییەک ئاشکرا بکەم: ئەو شتانە لەوانەیە بە هیچ شێوەیەک خەون نەبووین! چونکە ئەوەی دوایی ڕوویدا تا ئاستی ترسناک شتێکی ڕاست بوو. نەشدەبوو تەنها خەونێک بێت. با بڵێین دڵم ئەو شتەی خولقاندووە، بەڵام ئایا دڵم چۆن ئەو هێزەی هەبوو بتوانێت ئەو ڕاستییە ترسناکە بخولقێنێت کە دوایی بەسەرمدا هات؟ ئایا دەشێت دڵێکی ئاوا لاواز دروستی بکات و مێشکێکی ئاوا بە ناز و بێ نرخ ئەو دۆزینەوەیەی ڕاستیە بخولقێنێت؟ ئێوە خۆتان حوکم بدەن. تا ئێستا ڕاستیم شاردۆتەوە. بەڵام ئێستا دەیدرکێنم. بە کورتی هەموویانم بۆگەن کرد!

—٥—

بەڵی، بەڵی وا کەوتەوە کە هەموویانم بۆگەن کرد! چۆن ئەوە ڕوویدا نازانم لەگەڵ ئەوەشدا زۆر بە ڕوونی لە یادمە. خەونەکەم هەزاران ساڵ فڕی، هیچم تێدا نەمایەوە تەنها هەست کردن بە هەریەکەیان نەبێت. تەنها ئەوەم دەزانی کە من بوومە هۆی گوناحی کەوتن، وەک کرمێکی پیسی دەزوولەیی، وەک

پەتای تاعوون کە هەموو وڵاتان دەگرێتەوە. منیش ئەوانم تووش کرد، ئەو زەوییە پاکەی پێش من.

فێری درۆبوون، درۆیان خۆشویست. جوانێتی درۆیان زانی. ئۆهـ لەوانەیە ئەو شتە بەدەستی ئەنقەست دەستی پێ نەکردبێت، بە گاڵتەیەک بە نازێک، بە یارییەکی خۆشەویستی، لە ڕاستیدا لەوانەیە لە پەتاکەوە بێت، بەڵام پەتای درۆ چووە ناو دڵیانەوە. بە دڵیان بوو. دوای ئەوە شەهوەت پەیدابوو. شەهوەتی دڵپیسی لەدایک بوو. دڵپیسیش ڕقی دروست کرد... ئاهـ نازانم بیرم نایەتەوە، بەڵام دوای تۆزێک، دوای ماوەیەکی زۆر کەم یەکەم خوێن ڕژا. سەرسام بوون و داچڵەکین، جیابوونەوە، پەیوەندییەکانیان لاواز بوو. یەکێتیان پەیدابوو، بەڵام دژ بەیەک بوون. گلەیی و لۆمەکردن دەستی پێ کرد. عەیبیان ناسی. عەیبیش گەیشتە ئاستی دڵفراوانی. مانای شەرەف لەدایک بوو. هەر یەکێتیەکیش ئاڵای خۆی بەرزکردەوە. ئازاری ئاژەڵەکانیان دەدا. ئاژەڵەکانیش لێیان دووردەکەوتنەوە و چوونە دارستانەکانەوە و بوون بە دوژمنیان. بۆ جیابوونەوە خەباتیان کرد. بۆ مانەوە بە تەنیا، بۆ تایبەتێتی، لە پێناوی ئەوەی کە ئەمە هی منە و ئەوەشیان هی تۆ. بە زمانی جیاواز کەوتنە قسەکردن. ئازاریان ناسی و خۆشیان ویست. تینووی ئازاردان بوون. وایان لێ هات دەیانووت کە ڕاستی دەست ناکەوێت لە ڕێگای ئازارەوە نەبێت، لەو کاتەوە بوو ئیتر لەلایان زانست سەری هەڵدا، کاتێکیش دڵڕەقییان نواند دەستیان کرد بە باس کردنی برایەتی و مرۆڤایەتی. ئەم بیرانە تێگەیشتن. کاتێکیش بوونە پیاوکوژ دادگایان دروست کرد. هەر بۆ خۆشیان یاسای تەواویان نەخشەکێشا بۆ ئەوەی بیپارێزن. بۆ پاراستنی ئەو یاسایانەش پەتی سێدارەیان نایەوە. ئەوان تۆزە تۆزە هەستیان

بەوە کرد کە لەدەستیان چووە. حەزیان بەوە نەکرد تەنانەت باوەڕ بەوە بکەن کە ساتێک لە ساتەکان دڵپاک و بەختیار بوون. گاڵتەیان بە گریمانی بەختیاری کۆنی خۆیان کرد و وە ناویشیان لێ نا خەون. نەشیانتوانی لە وێنە و شێوەدا وێنای بکەن. بەڵام ئەو شتەی کە سەیر و سەمەرەیە ئەوەیە کاتێک هەموو بڕوایەکیان بەو بەختیارییە کۆنەیان نەما ناویشیان لێ نا ئەفسانە، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا ویستێکی زۆر بەهێزیان هەیە کە سەرلەنوێ دڵساف و بەختیار ببنەوە، جارێکی تر وەکو منداڵ، حەزی دڵیان خۆش ویست.

ئەو حەزەیان پەرست. پەرستگایان دروستکرد. نویژیان بۆ ئەو بیرە کرد، بۆ ئەو حەزە، کەچی لە هەمان کاتدا بڕواشیان بەوەیە مەحاڵە ئەو شتە بێتە دی. بوونیشی زەحمەتە. بەڵام دەیپەرستن و سوژدەی بۆ دەبەن و فرمێسکیش لە چاوەکانیاندایە. لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر گریمانی ئەوە هەبێت کە بگەڕێنەوە بۆ حاڵەتی بەختیاری و دڵسافی، ئەوەی کە لە دەستیان چووە، ئەگەر یەکێک کتوپڕ پێشانیدان و لێی پرسین: ئایا دەتانەویت بۆی بگەڕێنەوە؟ لەوانەشە زۆریش کە نەیانەوێت. دەیانگوت "با درۆزن بین، بۆگەن، دڵڕەق بین، ئێمە ئەوە دەزانین، بۆ ئەوەش دەگرین و هەر بەوەشەوە دەتلێینەوە، سزای خۆمان دەدەین زیاتر لەو دادپەروەرە دڵ نەرمەی کە حوکممان دەکات و ناوەکەشی نازانین، بەڵام زانستمان هەیە، لە ڕێگەی ئەوەشەوە جارێکی تر ڕاستی دەدۆزینەوە، بەڵام ئەوسا بە هوشیارییەوە وەریدەگرین، زانین لە سۆز پیرۆزترە، هوشیاری ژیانیش پیرۆزترە لە ژیان. زانست حیکمەتمان دەداتێ. حیکمەتیش یاساکان دەدۆزێتەوە، زانینی یاساکانی بەختیاری لە بەختیاری پیرۆزترە".

ئا ئەمەیان دەووت ئەوسا دوای ئەم وشانەش هەچ کەسێک خۆی لە هەموو کەسێک خۆشتردەویست. نەدەکرا گەر وایان نەکردبایە. هەریەکەیان دڵپیسییەکی گەورەی هەبوو بەرامبەر خودی خۆی. بە هەموو هێزی خۆشی تێدەکۆشا بۆ دەست بەسەردا گرتن و کەم کردنەوەی نرخی ئەوانی تر. ئا لەمەدا ژیان وێناکراو، کۆیلەیەتی لەدایک بوو، تەنانەت کۆیلەی خۆبەخت کراویش لە دایک بوو. لاوازەکان خۆیان دایە پاڵ بەهێزەکان، هەر لەبەر ئەوەی کە بەهێزەکان لاوازەکانی لە خۆیان لاوازتریان دەشێلا و خەڵکی ئیمانداریش پەیدا بوون کە چاو بە فرمێسک دەهاتە لایان و باسی گەورەیەتی کەسایەتی خۆیانیان دەکرد. باسی ونبوونی سنوورەکان و گونجاندنەکان، باسی لەدەستدانی ڕەوشت. ئەوانیش گاڵتەیان بە قسەکانیان دەکرد، بەردەبارانیان دەکردن خوێنی پاک لە بەردەمی پەرستگاکاندا ڕژا، لەگەڵ ئەوەشدا هەندێک کەس پەیدابوون بە جۆرێک بیریان دەکردەوە کە: چۆنە ئەگەر جارێکی تر یەکبگرنەوە بە شێوەیەک کە هەریەکە خۆی لە هەموو کەسی زیاتر خۆشبوێت و لە هەمانکاتدا لەسەر ڕێگای کەسی تر نەوەستێت. با هەموو کەس بە یەکسانی بژی، بە شێوەیەک وەک لە کۆمەڵگایەکی گونجاودابن. شەڕی گەورە گەورە بەهۆی ئەم بیرەوە ڕوویدا. هەموو شەڕکەرەکان لە هەمان کاتدا بڕوایەکی تەواویان بەوە بوو، کە زانست و هوشیاری و هەستی پارێزگاریکردنی خود لە کۆتاییدا وا لە مرۆڤ دەکات کە یەکبگرن لە کۆمەڵگایەکی گونجاوی وادا کە پابەندی وشیاری بێت. لەبەرئەمە و بۆ بەدەست هێنانی خێرای ئەم مەسەلەیە، لەم کاتەدا وشیارەکان خەریک بوون، کە ناووشیارەکان بسڕنەوە و ئەوانەش کە لە بیرەکەیان ناگەن بۆ ئەوەی ڕێگەی سەرکەوتنیان لێ نەگرن. بەڵام هەستی

پارێزگاری کردنی خود زۆر زوو لاواز بوو. لە خۆبایی بووەکان و خاوەن شەهوەتەکان بە ڕوونی یان داوای هەموو شتێکیان دەکرد یان داوای هیچ شتێک. بۆ ئەوەیش کە هەموو شتێکیان دەست بکەوێت کەوتنە دڕندایەتی ئەگەر دەستیش نەکەوت ئەوا بۆ خۆکوشتن. ئاینەکان دروست بوون بۆ پەرستنی نەبوون و تێکشکاندنی خود، بۆ ئارامگرتنی هەتا هەتایی وێرانکردن. لە کۆتاییدا بە دەست ئەو هەوڵدانە بێ ئاکامەیانەوە شەکەت بوون. چەشتنی ئازار بە دەموچاویانەوە نیشت. دواییش هەر ئەوانە بەیانی ئەوەیان کرد کە ئازار چەشتن جوانییە، تەنها لە ئازاردا بیر هەیە، لە گۆرانییەکانیاندا باسی ئازاریان دەکرد، لەگەڵیاندا دەڕۆیشتم و هەردوو باڵم کردبووەوە و بۆیان دەگریام، بەڵام خۆشم ویستن، لەوانەیە لە جاران زیاتر، ئەو کاتەی کە هیچ ژانێک لەسەر سیمایان نەنیشتبوو، ئەو کاتەی کە هەموویان دڵساف و جوان بوون. زەوییە قێزەوەنەکەیانم زیاتر لەو کاتەی کە بەهەشت بوو خۆشویست، هەر لەبەر ئەوەش ژان تێیدا لە دایک بوو. ئاه هەمیشە خەم و ژانم خۆش دەویست، بەڵام تەنها بۆ خۆم، بەس بۆ خۆم، بەڵام گریانم هات بۆ خەم و ژانیان و بەزەییم پیایاندا هاتەوە. دەستی تەڕ و فرمێسکاویم پێیان وشک دەکردەوە، خۆم تاوانبار و نالەبار و نەعلەت لێکراوی ئەم خەمەم بووم. پێم دەووتن کە هەموو ئەم شتانە من کردوومن، تەنیا من. من بووم جیابوونەوە و پەتا و درۆم بۆ هێنان! لێیان پاڕامەوە کە لەسەر خاچ بمبەستنەوە. فێریشم کردن چۆن چۆنی خاچ دروست بکەن. نەمدەتوانی و هێزی ئەوەشم نەبوو کە خۆم خۆم بکوژم، بەڵام دەمویست کە ئازاردانیان لێ قبووڵ بکەم. تینووی ئازار بووم، تینوو بووم بۆ ئەوەی لەم تلانەوەیەدا تا دوا دڵۆپ خوێنم بڕژێ. بەڵام

تەنها ئەوەیان کرد کە پێم پێبکەنن، لە دوایشدا بە شێتیان لە قەڵەم دام. دڵخۆشییان دەدامەوە و دەیانووت کە خۆیان حەزیان لەوە بوو کە ڕوویداوە، ئەوەی ڕوویداوە هەر دەبوایە ببێت. لە کۆتایدا وتیان بۆ ئەوەی مەترسی دروست نەکەم لەسەریان، ئەگەر بێدەنگ نەبم ئەوا دەمبەنە شێتخانە. لەم کاتەدا ژنێکی زۆر ڕۆچووە ناخمەوە. تا دڵم ڕاوەستا، وام هەستکرد کە دەمرم و لێرەدا...... باشە ئا لەم کاتەدا خەبەرم بووەوە.

بەیانی بوو، مەبەستم ئەوەیە جارێ دونیا ڕووناک نەبووبوەوە، بەڵام سەعات شەش بوو، لەسەر ئەو کورسییە خۆم بینییەوە، مۆمەکەش هەمووی سووتا بوو، خەڵکەکەی ژووری کاپیتانەکەش نووستبوون. هێمنییەکی دەگمەن لەماڵەکەماندا بوو. یەکەم شت کە کردم ئەوەبوو بە سەرسامییەکی زۆرەوە هەستام: هیچ کاتێک شتی لەو بابەتەم بەسەر نەهاتووە، شتێک تا ئاستی بی نرخی و بچووکی. هیچ کاتێکیش بۆ نموونە بەو شێوەیەی سەر کورسییەکە لە خەو هەڵنەستاوم. لەم ساتەدا و لە کاتی هەستاندا وەک هۆشم بێتەوە بەر خۆم، لەپڕ دەمانچە پڕکراو و ئامادەکراوەکە لەبەر چاومدا قووت بووەوە، بەڵام کتوپڕ لەخۆم دوورخستەوە! نەخێر! لە ئێستەوە بەرەو ژیان، بەرەو ژیان! قۆڵەکانم بەرزکردەوە. بانگی ڕاستییەکی ئەبەدیم کرد، بانگم نەکرد بەڵکو گریام، نەشئەیەکی پڕ دڵشادی کە پێوانە نەدەکرا بەرەو هەموو بوونم بەرزبووەوە، بەڵێ، ژیان و بانگەواز! ئاە هەر لە چرکەی یەکەمەوە بانگەوازم بەرزکردەوە، بێگومان، بۆ هەتاهەتایی ژیان من دەڕۆم و بانگەوازم هەیە، دەشمەوێت هەمبێت، بانگەوازی چی بکەم؟ بانگەوازی ڕاستی دەکەم، چونکە ڕاستیم بینی، بەم چاوانەی خۆم بینیم، هەموو پیرۆزییەکم بینی.

ئەمە منم، لەو کاتەوە هەر بانگەواز دەکەم! وە منیش لەگەڵ ئەوەشدا هەموو ئەوانەم خۆش دەوێت کە گاڵتەم پێدەکەن، لە هەموو کەسی زیاتر ئەوانم خۆش دەوێت. بەڵام بۆچی وا؟ نازانم و ناشتوانم شی بکەمەوە، بەڵام با وابێت. دەشڵێن: تۆ لە مەسەلەکەدا تێ کەوتوویت، ئەگەر تۆ هەر لە ئێستەوە وا تێکەوتبیت، ئەی لە دوارۆژدا چۆن؟ هەر ئەو ڕاستییە: لە مەسەلەکەدا تێ کەوتووم، لەوانەشە دوایی خراپتر بکەویتەوە. بێگومان چەند جارێکی تر تێدەکەوم تا ئەو کاتەی کە دەزانم چۆن بانگەواز بکەم و بە چ وشەیەک و بە چ کردەوەیەک، چونکە هاتنەدی ئەوە زۆر گرانە. بەڵام ئێستا هەموو شتێ وەک ڕۆژی ڕووناک دەبینم، بەڵام گوێ بگرن: کێ لە مەسەلەکەدا تێ نەکەوتووە؟ لەگەڵ ئەوەشدا هەموو کەس لە وشیارترینەوە تا دوا دەست بڕ بەرەو یەک ئامانج دەڕۆن، بەڵام بە ڕێگای جیاواز جیاواز. ئەمەش ڕاستییەکی کۆنە، بەڵام ئەوەی کە لێرەدا تازە بێت ئەوەیە کە نابێت بە تەنها من تێبکەوم، چونکە من ڕاستیم بینی، بینیم و دەشزانم کە خەڵک دەتوانن جوان و بەختیار بن، بەبێ ئەوەی کە توانای ئەوەیان نەمێنێت لەسەر زەوی بژین. نامەوێت و ناشتوانم وا بیربکەمەوە کە خراپە کردن حاڵەتێکی سروشتیی مرۆڤە. خەڵکیش بە هیچ پێکەنینیان نایەت بەم بیرەم نەبێت. بەڵام چۆن وا بیرنەکەمەوە، کە خۆم ڕاستیم بینی، بە مێشکم دروستم نەکردووە، بەڵام بینیم، بینیم و وێنە زیندووەکەی تا هەتاهەتایە ڕۆحمی داگیرکردووە. بە شێوە گشتییە دەستنیشانکراوەکەی بینیم. بە جۆرێک ناتوانم وا بیربکەمەوە کە لەلای خەڵکی نەبێت. کەواتە، چۆن تێ کەوتووم؟ بێگومان لادەدەم، نەک جارێک، بەڵکو چەند جاریک، لەوانەشە بە وشەی نامۆ بدوێم بەڵام بۆ ماوەیەکی زۆرنا.

ئەو وێنە زیندووەی بینیم هەمیشە لەگەڵمدا دەبێت، بۆم ڕاست دەکاتەوە و ڕێگەم پێ نیشان دەدات. ئۆهـ ئەوەتا من چالاکم، من تازەم. من دەڕۆم دەڕۆم ئەگەر بۆ هەزار ساڵیش بێت. ئایا ئێوە ئەوە دەزانن کە من لە سەرەتادا ویستم ئەوە بشارمەوە کە هەموویانم بۆگەن کرد، بەڵام ئەمە هەڵە بوو، هەڵەی یەکەمیش بوو.

بەڵام ڕاستی چرپاندی بە گوێمدا کە درۆنەکەم، پارێزگاری کردم، ڕێگەی پێ نیشاندام. بەڵام چۆن بەهەشت دروست دەکرێت؟ نازانم چونکە ناتوانم تەعبیری لێ بکەم، دوای ئەو خەونە وشەکانم لێ ونبوون، بەلای کەمەوە هەموو وشە سەرەکییەکان، وشە پێویستەکان. بەڵام با وابێت: دەبێت بڕۆم، دەشبێت قسەبکەم، بە ماندوویێتی. هەر لەبەر ئەوەش وا دەکەم هەر چۆنێک بێت چونکە ئا بەم چاوانەی خۆم بینیم. بەڵام گاڵتەچییەکان ئەوە تێ ناگەن. دەڵێن "تۆ خەونت بینیوە، قسەی هەلەق و مەلەقە، وڕێنەیە". ئاخ! تۆ بڵێی ئەمە ژیریێتی بێت! ئەوانە بە خۆیان زۆر دەنازن! خەون! خەون چییە؟ ئایا ژیانمان خۆی خەون نییە؟ با ئەمەشی بخەمە سەر و بڵێم: با وابێت، با ئەمە هەرگیز نەیەتەدی. با بەهەشتیش بوونی نەبێت (بێگومان من ئەمە دەزانم!)، با وابێت، بەڵام هەر بانگەوازی ئەوەمە. لەگەڵ ئەوەشدا چەندە سادە بێت، ئەگەر بێت و ڕۆژێک لە ڕۆژان، ساتێک لە ساتەکان هەموو ئەو شتانە یەکسەر بێنەدی! لە هەموو شتێک سەرەکی تر یەکتریتان خۆشبوێت و ئەمەیش لە هەموو شتێک سەرەکی ترە و هەموو شتێکیشە. پێویستمان بە هیچ شتێکی تر نابێت: دەشبینن چۆن هەموو شتێک دێتە دی. لەگەڵ ئەوەشدا ئەمە تەنها لە ڕاستییەکی کۆن زیاتر نییە

کە دووبارەکراوەتەوە و بلیۆن جار خوێنراوەتەوە، بەڵام قەت جێبەجێ نەکراوە! "هۆشیاری ژیان لە ژیان زیاترە، زانینی یاساکانی بەختیاری لە بەختیاری پیرۆزترە" – دژی ئەمەش دەبێت تێبکۆشین! تێدەکۆشم. ئەگەر هەمووان بیانەویت، کەواتە کتوپڕ هەموو شتێک دێتەدی. بەڵام ئەو کیژۆڵەیەی کە دەگەڕام بە دوایدا دۆزیمەوە... من دەڕۆم و دەڕۆم.

لەم کتێبەی خوارەوە وەرگێڕاوە

ФЕДОР ДОСТОЕВСКИЙ
ЧУЖАЯ ЖЕНА И МУЖ ПОД КРОВАТЬЮ
САНКТ-ПЕТЕРБУРГ
1996


Rahand
0770 9309121
rahandpress@gmail.com
ناونیشان: سلێمانی، شەقامی مەولەوی، نزیک بەریدەکە، بەرامبەر گەراجی ئارا